# بۆتیقای جیاواز

کۆمەڵە وتار

زمان، ڕەخنە و ڕوانگەی ئەدەبی

**عادڵ محەمەدپوور**

**بۆتیقای جیاواز**

کۆمەڵە وتار

زمان، ڕەخنە و ڕوانگەی ئەدەبی

**عادڵ محەمەدپوور**

**چاپەمەنیی ئەوین**

چاپی یەکەم، ٥٠٠ **دانە**، ١٤٠٠، مەریوان

شابەک: ٧-٠٥-٧٩٠٠-٦٢٢-٩٧٨

**انتشارات ئەوین:** مریوان، انتهای خیابان مردوخ - ٠٩١٨١٧٣٠٣٣٤

**قیمەت: ٦٠.٠٠٠ تمەن**

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | محمدپور، عادل، ١٣٣٦ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | بوتیقای جیاواز: کومەلە وتار زمان، رەخنە و روانگەی ئەدەبی/ عادل محەمەدپوور. |
| مشخصات نشر | : | کردستان: ئەوین، ۱۴۰۰. |
| مشخصات ظاهری | : | ٢٢٢ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م. |
| شابک | : | ٩٧٨-٦٢٢-٧٩٠٠-٠٥-٧ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | ادبیات کردی -- تاریخ و نقد/Kurdish literature -- History and criticism |
| موضوع | : | شعر کردی-- تاریخ و نقد/Kurdish poetry-- History and criticism |
| موضوع | : | زبان‌شناسی -- ایران -- کردستان/Linguistics -- Iran -- Kurdistan |
| رده بندی کنگره | : | PIR٣٢٥٦ |
| رده بندی دیویی | : | ٩/٢فا٨ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ٨۴٩١٧١٨ |

## پێڕست:


- ڕێبازی ئەدەبیی مەولەوی و نالی و بۆتیقایەکی جیاواز
...........................................................................٤٢-٦
- نێزامی ئەکدەشی و خوێندنەوەی لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد............................................٧١-٤٣
- مەستوورەی ئەردەڵانی و هێژمۆنیی ئەدەبی دەسەڵات
..........................................................................٩٤-٧٢
- کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبیی هورامان، کەیهان عەزیزی..........................................١٢١-٩٥
- کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبی هەورامان و چەند سەرنج و تێبینی ..........................................١٤٧-١٢٢
- لێکدانەوەی نیشانەیی شیعر و هۆنراوە و جیاوازییەکانیان ..........................................١٦١-١٤٨
- دیاردەی کۆن و نوێی فۆرمی شیعر و باسێکی نیشانەناسانەی ئەدەبی..........................................١٦٩-١٦٢
- ڕیتم؛ نێزامێکی ئیقاعی پانتایی هەستی و ڕەگەزێکی بزاوتوو..........................................١٧٨-١٧٠
- بنەماکانی پێشکەوتنخوازیی ڕۆژاوا و کاریگەریی لە سەر هزر، هونەر و ئەدەبیات............... ..........................١٩١-١٧٩

- بۆتیقای دەق- دانەر، دەق- داهێنەر و خوێنەر- ڕەخنەوانی و
جیاوازییەکانیان..........................................٢٠٣- ١٩٢
- پڕۆسەی وەرگێڕان و بۆتیقایەکی جیاوازتر...................٢١١- ٢٠٤

# بۆتیقای جیاواز

کۆمەڵە وتار

زمان، ڕەخنە و ڕوانگەی ئەدەبی

**عادڵ محەمەدپوور**

# ڕێبازی ئەدەبیی مەولەوی و نالی و بۆتیقایەکی جیاواز


**کورتە**

هەڵسەنگاندنیی ئەدەبی نێوان دوو ڕەوت یان دوو نەریتی شیعری یان دوو شاعیری خاوەن شێواز، بەستێنەیەکە بۆ ناسین و ناساندنی بۆتیقا[1]جیاواز و هاوچەشنەکانیان. لەم وتارەدا دوو ڕێبازی شیعری کوردی خراونەتە بەر باس و شەن و کەو کردن. لە سووچە ڕوانینێکەوە، لە سەر وێنای دووبارەبوونەوەی مۆرکە ئەدەبییەکانی شیعری گۆران(هورامی)، زمانحاڵی درێژهەناسەیی پرۆسەی مێژوویی ئەم ڕەوتە، داکۆکی کراوە. لە لایەکی دیکەشەوە، قابیلیەتەکانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیی کرمانجیی ناوەڕاست کە لە سەردەمێکی تایبەتدا، بە تەنیا (بڕوا بە خۆتەوەری) و بە بێ گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەدەبیی پێش خۆی، بەڵکوو لە ناو فەرهەنگێکی هەژار


[1] - بۆتیقا، پوئەتیکا، عەرەبیکراو (معرَّب) بوطیقا: ڕەگەزێکـی زمـانیی یوونـانییە، پۆئەسیس،(Poyetikes) و نێوی کتێبێکە لە ئەرەستوو فیلسووفی یوونـانی. یـانێ تێئۆری و زانستی شـێعر و بنەماکـانی ئەم ژانـرە ئەدەبیـیە، شێعرناسـی و هونـەری شاعێری و بە گشتی هەموو جۆرە داهێنانێکی هونەری دەگرێتەوە.

و زمانێکی دیالێکتدا، سەری هەڵداوە و درەوشاوەتەوە؛ نرخێندراوە. مەولەوی تاوەگۆزی و نالی شارەزووری، بە دوو هەناسەی جیاواز و کیانی ئەدەبیی و کاریگەرییەکانیانەوە، هەریەک بە چەشنێک، هێمای ئەم دوو ڕەوتە ئەدەبییە هەژمار دەکرێن. لەم پێناوەدا هەوڵدراوە لە سەر جیاوازیی ئەدەبی و کاریگەرییەکانی ئەم دوو شاعیرە لە سەر شاعیرانی سەردەم و پاش سەردەمی خۆیان بکۆڵرێتەوە و خاڵی پێگەیشتنی ئەم جیاوازییەش لە ڕیفۆرم و هەوڵە نوێخوازییەکانی عەبدوڵڵا گۆراندا نیشان بدرێت. واتە ئەم شاعیرە نوێخوازە لە پێکهاتەی فۆرم، کێش، مووسیقای شیعری عەرووزی و شێوەی دەربڕینی قوتابخانەی ئەدەبیی نالی لا دەدات و بە دیاردەیەکی دەرەکی دەزانێت و دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم، کێشی بڕگەیی و ڕوون بێژی و ڕەوان بێژی (**سهل ممتنع**) مەولەوی و سەرجەم نەریتی ئەدەبیی گۆران و دەبێتە هۆی وەرچەرخانی نوێ کردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیی سۆرانی.

**وشەگەلی سەرەکی**

نالی، مەولەوی، شێوازی جیاواز، شیعری کوردی، بادانەوەی گۆران، نوێخوازی

**چکیده**

مقایسەی ادبی دو جریان، دو سنت ادبی و یا دو شاعر برجسته، زمینه‌ای است برای شناخت شاخص های متمایز و یا متحدالمضمون آنها. بدین اساس در این مقاله روند تاریخی دو

جریان ادبی شعر کُردی مورد کنکاش و تحلیل قرار گرفته است. از یک سو بر مصادیق تکرار ویژگی های ادبی شعر کلاسیک گوران، زبانحال صیرورت تاریخی و بلاانقطاع (درزمانی) این جریان، تاکید شده و از سویی دیگر، قابلیت های جریان شعری کلاسیک کُردی سورانی را که در مقطعی خاص و به تنهایی و (اتکا به خودمحوری) و فارغ از هر گونه تجارب پیشین ادبی، بلکه در میان فرهنگ شفاهی و زبانی محلی، روند بالیدن به خود گرفته و درخشیده؛ مورد بحث و ارزیابی قرار گرفته است. بالطبع مولوی و نالی هر کدام با کیان ادبی متمایز، سیرت و صورت این دو جریان هستند. فلذا کوشش بر این بوده است، با مطابقت شاخص های ادبی آنها؛ تمایز تاثیرگذاری این دو شاعر روی شاعران هم عصر و مابعد خود، نشان داده شود و دستآورد این تفاوت را در رفرم ادبی و نقطه‌ی تلاقی تلاش های نوزایی عبدلله گوران احساس کنیم. یعنی این شاعر نوگرا، ساختار فرم، وزن و موسیقی شعر عروضی و طرز بیان و سنت ادبی نالی را کنار نهاد و آنرا پدیده‌ای عاریتی برای شعر کُردی به شمار آورد و سرانجام از قابلیت های فرم، وزن هجایی و شیوایی سخن و ایجازسرایی (سهل ممتنع) مولوی و در مجموع سنت ادبی گۆران متاثر شد و زمینه را برای فرآیند نوزایی شعر کُردی سورانی فراهم کرد.

**کلیدواژەها**

نالی، مولوی، سبک متفاوت، شعر کُردی، بازگشت گوران، نوگرایی

**١- پێشەکی**

بە تێڕامان لە مێژوو وەک تەنیا سەرچاوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هیچ دیاردەیەک لەم کەونەدا چەقبەستە و نەگۆڕ نەبووە، بەڵکوو هەموو دیاردەیەکی جیهان بە پێی یاسای دیالێکتیک لە حاڵی گۆڕانکاریدایە، ئەم یاسا بزاوتووە لە هەموو ئۆبژەکاندا، کاریگەری و کاردانەوەی هەبووە. (پولیتسر، ١٣٥٨: ١٢١). بە تێپەڕ بوونی دۆخ و هەل و مەرجی تایبەی کۆمەڵگە، دەقی شیعر گۆڕانکاری جیاواز بە خۆیەوە دەبینێت. بێ گومان ڕەوتی شیعری کوردیش لەم یاسا بەدەر نیە و وێناکانی ئەم پڕۆسە لە مێژووی ئەدەبیدا دەبینین. هەر بەم بۆنەوە لە سووچەنیگای «شێوازناسیی دەربڕین»دا، پۆلێک باسی بەرجەستەی ئەدەبی بە کارکردی نیشانەناسی، دێنە نێو چالاکیی نووسینەوە و ئەرکی شێوازناس و لێکۆڵەری ئەدەبییە کە بە چاوی بەراوردکارانە لێیان بکۆڵێتەوە. ئەوەش پێویستی بە خستنە ڕووی پێوەندیی چڕ و پڕی هەندێ توخمی زمانی، ئەدەبی و هزریی بە ناو دەنگ، بڕگە، تاک وشە، وشە، پێکهاتە، تا پێکهاتەی پێکهاتە[١] هەیە، کە دەرەنجامی ڕەخساندنی «شێوازی تاکی» و «شێوازی گشتی» شیعر و شاعیریە بۆ هەر ڕەوتێکی ئەدەبی. تەتڵە و هەڵاوێردنی ئەم توخمانەش، دەبنە هۆی «جیاوازی» یان هاوچەشنی و هاوشێوەیی

١- Structure ،Structure of structure

قۆناغەکانی شیعری نەتەوەیەک (کدکنی شفیعی، ۱۳۹۱: ۲۵۵). ئەمە تاکە ڕێگایە بۆ خوێندنەوەی زانستی- سەردەمیانەی زمان و ئەدەبی کوردی. بەم پێیە ئەرکی لێکدانەوە و نواندنی جیاوازیی ئەم دوو شێوازەش کەوتوەتە ئەستۆی ئەم وتارەوە.

وتارەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە و هەرکامیش چەند بەشیتر دەگرێتە خۆی. لە بەشی یەکەمدا هەوڵدەدراوە لە سەر گرینگی فەلسەفەی گۆڕانکاری ڕەوتە شیعرییەکان و نواندنی جیاوازییەکان بدوێین و بە خوێندنەوەی سەردەمی بەراوردکارییان بۆ بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش لە بەشی (۱-۱) و (۱-۲) باس لە پێشینەی توێژینەوەکە کراوە و لەم پێوەندییەدا هەوڵ دراوە ئەو کتێب و نووسراوانە کە لەم پرسە کۆڵراونەتەوە بخرێنە ڕوو و ئەمجار لە سەر خوێندنەوەی زانستیی ڕەوتە ئەدەبییەکانی کوردی وەک ئەرکێکی هەنووکەیی داکۆکی بکرێت. بەشی دووهەم خۆی لە پێنج بەشیتر پێکهاتوە: مەولەوی هێمای گێڕەرەوەی زانای شیعری کلاسیکیی کوردی هەورامی؛ نالی ئەندازیاری زمان و شیعری کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست و قۆناغێکی هەستیاری سیاسی- ڕۆشنبیریی کورد؛ زمانی ناجێدیی شیعر و ململانێی بەرچاو؛ عەبدۆڵڵا گۆران و گەنجینەی دێرین و شۆڕشێکی سەردەمیانەی ئەدەبی؛ عەبدۆڵڵا گۆران و لادان لە توخمی باو و هەوڵ بۆ تەڕ و پاراوێتی زمانی شیعر کە لە ناواخن وتارەکەدا بە خەستی باسیان لە سەر کراوە. بەشی سێیەم ئەنجامی لێکۆڵینەوە، بەشی کۆتایی وتارەکەیە و بە پێی بەردەوامیی

مۆرکە ئەدەبییەکانی شیعری کوردی هەورامی و بە دەنگەوەهاتنی ئەرکی شێوازناسی و وێنای کاریگەرییەکان، نووسەر پێیوایە کە مێکانیزمی سەرهەڵدانی ڕەوتی ئەدەبیی سێ کوچکەی بابان نە تەنیا لە سەردەمی مەولەوی و پاش مەولەوی بەڵکوو لە هیچ سەردەمێکدا کۆتایی بە پڕۆسەی یەک لە دوای یەکی ئەم شیعرە نەهێناوە.

**١- ١- پێشینەی لێکۆڵینەوە**

پێشتر هەندێ لێکۆڵینەوەی توکمە، بەپێز و ئاکادێمی لە سەر شیعری کلاسیکیی گۆران و شیعری کلاسیکیی کوردیی ناوەڕاست کراوە و هەرکام بە چەشنێک توێژینەوەیان لەسەر ئەم نەریتە شیعریانە کردووە. وەک نامە ئاکادێمییەکەی ئەنوەر قادر موحەمەد و کتێب و وتارە زانستییەکانی بەختیار سەجادی کە هێما و ناوەڕۆکیان شیاوی پێزانینە. وتاری«شێوازناسیی وێژەی گۆران: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان» بە وردی و نرخناسانە لە سەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری گۆران لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە (ناوەڕاستی سەدەی یازدە تا ناوەڕاستی سەدەی سێزدەی کۆچی) دواوە و لە خشتەیەکی بەرچاو و نوێندراو و شێوازناسانەدا، تایبەتمەندییەکانی شیعری گۆرانی خستووەتە ڕوو و ئەمجار بە جیاوازییەوە، مۆرکە ئەدەبییەکانی ئەم دوو ڕەوتە شیعرییەی تاوتوێ کردووە(سەجادی، ١٣٩٥: ١٤٨-١٢٥). هەنێ دەقی مێژوویی تر وەک کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، نووسراون کە بە شێوەیەکی خەسارناسی و بەراوردکارانە ئاوڕیان لەم دوو ڕەوتە

شیعرە نەداوەتەوە؛ بۆیە بۆچوونەکانیان ناتوانێت وێنای کاریگەرییەکانی پاش خۆیان بێت. ئەم دوو سەرچاوەش: «مێژووی ئەدەبی کوردی» لە نووسینی مارف خەزنەدار و وتاری «نالی کێیە و چۆن بۆی بنوارین» لە نووسینی محەمەد حەمەباقی، هەرکام لە سووچە نیگای تایبەی خۆیانەوە، ئەم دوو ڕەوتەیان خستووەتە ژێر تیشکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنەوە و نووسیویانە: «نالی، سالم و کوردی بناغەی پتەوی ئەم قوتابخانەیانە (شیعری عەرووزی؛ غەزەڵ و قەسیدە) لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم، لە ناوچەی سلێمانیدا چەسپ کرد. ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە نوێیە لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان بڵاو بووەتەوە، گەلێ لە ناوچە و هەرێمەکانی گۆرانزەمینی گرتەوە، بەم ڕەنگە بەهێزبوونی قوتابخانەی نالی لە سەر حسێبی لاوازبوون و (تەنگ پێهەڵچنین) و نەمانی ئەدەبی کلاسیکی گۆرانزەمین بوو»(خەزنەدار، ٢٠٠٣: ٦) و (محەمەد حەمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٥).

ئەم وتارەش بەشێوەیەکی بەربڵاو لەم گوزارە کۆڵراوەتەوە و ڕوانگەی ئەم دوو نووسەرەی خستووەتە ژێر باس و نرخاندنەوە. لە لایەکەوە ئەمە بە ڕاست دەزانێ کە قوتابخانەی نالی لە سەر تەنگ پێهەڵچنین و بەرتەسک کردنەوەی بازنەی جۆغرافیا بە ئەدەبی گۆران سەریهەڵدا بوو؛ لە لایەکی دیکەشەوە پێی وانیە کە ئەم ڕەوتە ئەدەبییە لە ناوچووبێت یان تەنانەت داتەپیو بێت. بەڵگەشی چەپکێ ڕێسای ئەدەبی: هونەرسازە و مۆرک و نیشانە یەکچەشنییەکانن کە

دەبنە زمانحاڵی ژیوی ئەندامیی بۆ ئەم ڕەوتە شیعرە کە لە سەرەتاوە تا پاش مەولەوی و هەنووکەش چالاک و بزاڤمەند ماونەتەوە و تەنانەت عەبدۆڵڵا گۆران باوکی نوێخوازیی شیعری کوردی کرمانجیی ناوەڕاست لە سەر بناغەی ئەم بژێوە شیعرییە و خسڵەتی مووسیقایی بڕگە و مۆرکە ئەدەبییەکان و زمان پاراویی شاعیرانی هەورامی کاریگەری وەرگرتووە، نەک لە دیاردەی کێشی عەرووزی عەرەبی و فۆرمی غەزەڵ و قەسیدەی نالی و شاعیرانی هاودەم. لەم ڕاستادا هەندێک نووسەر و توێژەری تریش (وەک خاڵێکی ئەرێنی بۆ ئەم وتارە) پێیانوایە شیعری نوێی کوردی، خاڵی پێگەیشتنی دوو سامانی گەورەی شیعری کلاسیکی کوردییە کە بریتین لە دوو نەریتی گۆران و کرمانجیی ناوەڕاست (سەجادی، ١٣٩٧: ٢٢٧). لە درێژەی وتارەکەدا وردتر باسی لە سەر دەکەین.

## ١- ٢- ڕەوشی بابەتی و خوێندنەوەی ڕەوتەکان و ئەرکێکی هەنووکەیی

بەراوردکردنی دوو ڕێبازی مێژوویی، بە دوو شێوازی جیاوازەوە، بێ پاڵپشتی پێوەندیی واقێعەکان و فەلسەفەی گۆڕانکاری و کاریگەری و کاردانەوەکەیان، بێ گومان پۆلێ پرس و هەندێ باسی ئاڵۆز و دژواز[١] بۆ بەردەنگ درووست دەکات. من پێم وانیە کە کەس مافی دەربڕینی ڕوانگەی تایبەتی خۆی نەبێت، پێچەوانە پێداگریم لە سەر ئەوەیە با بە سنگی کراوە لە سەر فرانەیی ژانری ئەدەب و شیعر

---

١- paradox

بنووسرێت و یان بەدواچوونی بۆ بکرێت و هەرکەس پشک و داهێنانی خۆی بخاتە سەر ئەو خوانە ڕەنگینە. بەڵکوو کێشەی من تەنیا بۆ «هەژاریی ڕەوش» و ڕەهاخوازی و سەلیقەیی نووسین لە ساباتی زمان، ئەدەب و شیعردا دەگەڕێتەوە. لە واقیعدا ئەرکی هەر ڕەخنەگرێکە کە ئاوڕ لەم خەسارە بداتەوە. ئەم وتارەش لەم یاسا بەدەر نییە، ئەو مافەی بۆ هەر ڕەخنەگرێک ڕەخساندوە؛ مادام ڕەخنەکەی شەقڵی هەڵسەنگاندنی زانستی پێوە دیار بێت، بە بێ لێبوردن و چاوپۆشی کردن، بخرێتە ژێر تێخی ڕەخنەی بابەتییەوە.

## ٢- مەولەوی و نالی؛ هێمای دوو شێوازی جیاوازی شیعری کوردی

### ٢-١- مەولەوی تاوەگۆزی(١٣٠٠-١٢٢١ه.ق)؛ هێمای گێڕەرەوەی زانای[١] شیعری کلاسیکیی گۆران

وەک پێشتر نووسیمان بە تێکڕا ئەدەبی گۆران خاوەن گەنجینەیەکی دێرینە و مەولەوی تاوەگۆزیش شاعیرێکی کاریزما و کاربەخشی مێژووی ئەدەبیی کوردی بووە. بە گشتی و بە درێژایی تەمەن، تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی فۆرم و ناوەرۆکی شاعیرانی ئەم ڕەوتە بریتی بوون: بەردەوامبوونی یەک لە دوای یەکی هونەرسازە و مۆرکەئەدەبییەکان (کێشی بڕگە، فۆرمی جووت سەروا/مەسنەوی، ڕوانگەی غنایی و شێوەی دەربڕینی یەکچەشن)، پەسەندی زەینی و زمانیی خوێنەری ئاسایی و مامناوەندی و نوخبە، ساکاریی زمان،

---

[١]- راوی فاضل

ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی لە تەشک و دلێنەدا[1]. ئەم خسڵەتانە لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە پێشتر لە حەوت قۆناغدا، پۆلێن بەندی کراوە (محمدپور، ١٣٩٢: ٢١). لەم ڕەوتەدا، ئەو نەمامەی کە لە شیعری (هورمزگان)ەوە گۆپکەی کردبوو و لە (بێسارانی)دا بوو بە باخچە و لە (سەیدی)دا ڕەنگاڵە بوو و لە مەولەویدا گەیشتە سەمەر و پاش مەولەوی و هەنووکەش لە بەهرە و داهێناندایە. «مەلا محەمەد فکری (١٣١٠ کۆچی کردووە)، شێخ محەمەد نەسیم مەردۆخی (١٣١٩ ک.م کوچی کردووە)سەی یاقۆی ماهیدەشتی (١٣٢٦ک.م)، تاهێر بەگی جاف (١٢٩٥-١٣٣٧ ک.ە)، مەڵا هەسەنی دزڵی (١٢٧٥-١٣٦٤ ک.م)، ئاغە عەنایەت(١٢٦٠-١٣٣٥ ک.ە)، محەمەد ئەمین کاردۆخی، دانا هەورامی (١٩٣٤-١٩٧٩) سەی تاهێری هاشمی، شێخ ئەمینی نەقشبەندی (بێوەی)، عەبدۆڵڵای ئەقدەسی (١٤٠٦-١٣٤١)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕێس، مەلا عەبدۆڵڵای کاتب (١٤٢٥-١٣٥٣ک.م)، مەڵا سادێقی نگڵی (١٣٤٥-١٢٨٠ ک.ە)، میرزای هەورامی، محەمەدی فەهیم، یوسف ڕەسووڵ ئابادی (١٣٨٧-١٣٣١ک.ە)، میرزا سەعدۆڵڵای هەجیجی(١٣٩٦-١٣٠٢)، مۆمنی یەزدانبەخشی پاوەیی، سەعدی غەریبی و دەیان شاعیری تری پاش مەولەوین کە زۆربەیان لە کتێبخانەی کوردیدا خاوەن دیوانی شیعرن.

---

[1]- فۆرم و ناوەرۆک

## ٢- ٢- نالی (١٧٩٧ـ١٨٧٧ ز)؛ ئەندازیاریی زمان و شیعری کرمانجیی ناوەڕاست و قۆناغێکی هەستیاری سیاسی- ڕۆشنبیریی کورد

کە باسی شیعری کلاسیکیی کوردی دەکرێت بێ سێ و دوو یەک لەو شاعیرانە بە زەیندا تێدەپەڕێت، نالی و شیعری نالی لە بەر چاودا خۆ دەنوێنێ. هۆی ئەم ڕاستییە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو تایبەتمەندییە دەگمەنانەی کە هەر شیعری نالی خاوەنیانە و لە هەمان کاتدا بە جوانکارترین شێوەی گونجاو لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە (یعقوبی، ١٣٩١ : ٣٠). نالی شاعیرێکی نوخبە، کاریزما و «گەورەی کوردە و بە درووستکەر، بناغەدارێژ و داهێنەری قوتابخانەی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست ناوزەد کراوە» ( عەبدوڵڵا خدر مەولوود، ٢٠٠٧ : ١٩). «جێ دەستی ئەو شاعیرە بە سەر پانتاییەکی گەورەی شیعری کوردی و قۆناغی خۆیدا بە ڕوونی دیارە، یان بە واتایەکی تر ڕەنگرێژ و بونیاتنەری ڕێبازی کلاسیزم بوو لە شیعریی کوردیدا» (ڕەئوف عوسمان، ١٣٩١ : ١٣٨). زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی سەر بە قوتابخانەی سێ کوچکەی بابان لەو بلیمەتە کاریگەرییان وەرگرتوە و بەم لەونە شیعری کلاسیکی سۆرانی بووە خاوەن ناسنامەی شیعریی خۆی. ئەمە بەشێک لەو شاعیرە ناسراوانەن کە لە سەردەمی نالی یان پاش نالی خاوەن بەرزە دیوان بوون: سالم (١٨٠٠ـ١٨٦٦)، کوردی (١٨٠٩ـ١٨٤٩)، مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤)، حەریق (١٨٥١-١٩٠٧)، ئەدەب (١٨٥٩-١٩١٢)، حەمدی ساحێب

قەران (١٨٧٦-١٩٣٦)، حاجی قادری کۆیی ()، ناری(١٨٧٤-١٩٤٤)، زیوەر (١٨٧٥-١٩٤٨) پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، ئەحمەد موختاری جاف (١٨٩٧-١٩٣٥) شێخ رەزا (١٨٣٥-١٩٠٩)، فایق بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨) و دەیان شاعیری تر.

بۆ ئەوەی باسەکە تاپۆکراو[1] ئاراستە بکەین، سەرەتا چەند پرسێک دەورووژێنین:

**الف)** قوتابخانەی شیعریی نالی لە چە هەل و مەرجێکدا سەریهەڵداوە و چۆن بوو بە ئاخێزگەی درەوشانەوەی بەشێک لە جوغرافیای زمان و شیعری کلاسیکی کوردی و کاریگەرییەکانی لە سەر شیعری کرمانجیی ناوەڕاست چی بوون؟

**ب)** لە شیعری هەورامیدا، ئەو نەمامەی لە هورموزگانەوە سەریهەڵدابوو و لە مەولەویدا گەیشتە لووتکە، ئایا پاش مەولەوی لە بەخشەندەیی دەکەوێت یان دەپووکێتەوە؟

**ج)** بۆ کۆرپەلەی نوێخوازی شیعری کوردی کرمانجیی ناوەڕاست و شۆڕشە مووسیقاییەکەی عەبدۆڵڵا گۆران، باوکی شیعری نوێی کوردی، لە سینگی شێوازە ئەدەبیەکەی نالی-پاش نالی گۆچ نەکرا؟

**د)** لە هەمان کاتدا، ئەی بۆ فەلسەفەی نوێخوازیی گۆران لە جەرگەی قوتابخانەی شیعری هەورامیدا، ڕسکا و پاشان تێئۆریزە و فراژوێ بوو؟ لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم، بەو پرسانە وەڵام بدەمەوە:

---

[1]- مصداقی، مستند

هەندێ بەڵگەی مێژوویی- ئەدەبی وا دێنە گۆ کە بزووتنەوەی نالی و ڕەوتی شیعری کرمانجیی ناوەڕاست هەڵقوڵاوی سەردەمێکی هەستیاری سیاسی- ئەدەبی بۆ ڕەواندنەوەی دەسەڵاتی مێرنشینی ئەردەڵان و ململانێ لە گەڵ شاعیرانی هەورامی بووە. پێش نالی زەمینەیەکی دەسەڵاتی سیاسی و نویساری، زاڵ نەبووە تەنیا دیاردەیەکی فەرهەنگی و کەلەپوورێکی دەمبێژیی ناوچەیی دەوری هەبووە. بەم بۆنەوە ناتوانین بڵێین شیعری  کوردیی سۆرانی لەم سەروبەندەدا، وەک ڕەوتێکی بناغەدار و خاوەن ڕێباز، خۆی نواندبێت، ئەگەریچ هەبووە مەحاڵی[1] و زارەکی بووە و دەقێکی نووسراو نەبیندراوە کە لەم بارەوە بەرچاو و بەڵگەئامێز و باوەڕ پێکراو بێت. وەک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە کە «قوتابخانەی نالی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە سلێمانی پەیدا بوو، ئەدەبێکی بەرزی گۆرانزەمین یا هەورامی لە ناوەوە بوو، ئەم بزووتنەوە تازەیە دەستی بەوە کردبوو، جێگە بە ئەدەبی تەمەن هەزارساڵەی گۆرانزەمین لەق بکات. بەم جۆرە، شێوەی کرمانجیی ناوەڕاست وەکوو زمانێکی رەسمی مێرنشینی سلێمانی پەیدا بوو و بەرە بەرە جێی بە شێوەی گۆران/هەورامی تەنگ دەکرد و بەم ڕەنگە لە سەر حسێبی *لاواز بوون و نەمانی دیالێکتی گۆران بوو*» (خەزنەدار، ٢٠٠٣: ٦). نالیش لە ناو شارێکی تازە پایتەختی وەک سلێمانی و ناوەندی دەسەڵاتی باباندا دەژیا، کە لەو کاتەدا هەر نزیکەی (٤٠ ـ

---

[1]- Local

٥٠) ساڵێک دەبوو درووست کرابوو، «دەبوو نالی بە گیانی تازە و شارستانییانەی ئەم پایتەختە تازەیەوە، کە لە دیدی نالییەوە تاقانە مێرنشینێکی قەومی داهاتووی نالی بوو، ئەدەب و فەرهەنگێکی تازەش لە گەڵ خۆیدا پێشکەش سەردەمەکەی بکات» (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ١٣٨). شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە قەسیدە بەناوبانگەکەیدا ئیشارە بەو پایتەختە تازە دەکات و دەڵێت:

**لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارالملکی بابان بوو**

**نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو**

(خەزنەدار، ٢٠٠٣ : ١٣)

نالی لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنی بێ سنووری دیالێکتی ناوچەکەی خۆیەوە، پێی وابوو توانای تەقاندنەوەی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٦- ٢٣٥). بۆ بەکردەکردنی ئەم تێزە هزریە، پشت بە هۆنەی شانازینامە(مفاخرە) دەبەستێ کە دڵنیا بوو توانای تەقاندنەوە و – هێژمونێتی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و لە لایەکی ترەوە دەرکیشی بە هەبوونی دەسەڵاتی مێرنشینی ئەردەڵان و شاعیرانی هەورامی کردبوو و لە هەوڵێکی فەرهەنگی و زمانیدا بوو بۆ ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە سیاسی-ئەدەبییە کە لە مێژە سەقامگرتنی بە خۆیەوە بینی بوو، لە ئەردەڵان و گۆران بسێنێتەوە و هەم وێنای هێژمونیی سیاسی و دەسەڵاتدارییەتی بە بابانەکان ببەخشێ و هەمیش دیالێکتی سۆرانی ناوچەی سلێمانی ببوژێنێتەوە و بازنەی جوغرافیاکەی بەر بڵاوتر بکات، بۆیە بە ئاگایی

و شارەزاییەوە، وەک شاعیر و بکەرێکی وریا و زێرەک[1]، زانیویە لەم نێوەندەدا، چۆن کایە زمانی و نیشانە ئەدەبییەکان بۆ ئامانجەکانی بەکار بهێنێت و بیانقۆسێتەوە. لەم بەیتەدا:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

(نالی، ١٣٦٣: ١٠٧)

لە تێهزرینی نووسەری ئەم دێڕانەدا، یەک لە تەئویل و کردنەوەی ڕەمزی ئەدەبیی ئەم بەیتە ئەوەیە: نالی هۆشیارانە لەفزی جێناسی لێکدراوی «خۆ کوردی، خۆکردی»ی بەکار هێناوە. دیوی خۆکردی نیشانەیەک بۆ وێنای بەرجەستەکردن، هەڵاوێردن و بەدەسەڵات کردن لە ڕوانگەی داهێنانەی هونەری -زمانی خۆیەوە و دیوی(خۆ کوردی)یش نواندن و ئانالیزکردنی باقی شێوەکان لە زمانی کوردیدا، کە جۆرە نرخاندن و جەختاندنێکی شاعیرانەیە بۆ دابین کردنی مەبەستی خوازراو و بەهێژمونی کردنی دەسەڵاتە هونەرییەکەی.
لە پێناو درەوشانەوەی بزووتنەوەوکەیدا، لە ماوەیەکی زۆر کورت و چاوەڕوان نەکراودا، توانی سنوور و جوگرافیای دیالێکتەکەی بەخێرایی بەرفراوانتر بکات و وەک ئاگر و پووشوو، بە ناوچەکانی گەرمیان و کوێستان و موکریان و ئەردەڵاندا بتەنێتەوە کە ئەم کارە، لە هەمان کاتیشدا و بە تێپەڕینی ڕۆژگار، بووە مایەی تەنگ پێهەڵچنین

[1]- فاعل شناسای هوشیار و زیرک

دیالێکتی گۆران، کە ڕاستەوخۆ، سنووری لە گەڵ سنووری ئەم دیالێکتە تازە و گورجەدا تێکەڵ و هاوبەش بوون (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٦). لە شیعرێکی فەخرئامێزدا بە زمانی ئیهام و توانج ئاماژە ئەدات بە نمانای ئەم دەسەڵاتە زمانی- ئەدەبییە و ئەڵێ ئەمڕۆ دیوانی حوکمڕانیم هەیە و حوکمی ئەم سێ وڵاتەی لێوە ئەکەم:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**

(نالی، ١٣٦٣: ٥٧٧)

پێشتر نالی ئەم کۆسپەی لە ناواخنی ئەدەبەکەیدا دەرک کردبوو کە بە پێچەوانەی تێکڕای شاعیرانی پێشینەی نیشتمانەکەی خۆی و شاعیرانی نەتەوە دروانسێکانیەوە، کە هەموویان لەبەر کڵاوڕۆژنەی گەنجینە و خەرمانی بەبڕشت و دەوڵەمەندی پێشینەی خۆیانەوە پێگەیشتوون و درەوشاونەتەوە، بەڵام نالی و قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کرمانجیی ناوەڕاست، بە تەنیا و بە بێ پشتیوانی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بە بێ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی شیعریی پێش خۆی، بەڵکوو لە ناو فەرهەنگێکی هەژار و زمانێکی دیالێکتدا، سەری هەڵداوە و درەوشاوەتەوە (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٦).

لە هەمان کات و سەردەمدا شیعری هەورامی دوخێکی تری هەبووە، حوزوورێکی جەوهەریی سەقامگرتوو و درێژخایەن و نەپساو. تێکستی شیعری گۆران کۆنترین تێکستە لە ئەدەبی کوردیدا، یا خود

به واتایەکی تر دەتوانین بڵێین سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بە شیعری گۆران دەستی پێکردووە . هەندێ لە دیالێکتەکان، وەک دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، چەند سەدەیەک دەبوو لە دوای درەوشانەوەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی‌یەوە، ئیتر پردی پێوەندی و داهێنان و بەخشینی لە گەڵ خوێنەراندا پساندبوو. لەبەر ئەوە تەنیا دیالێکتێکی بەردوام و زیندوو، کە نزیکەی (شەش سەدە) دەبوو، ئەدەبی پێ دەنووسرا، بە تەنیا هەر دیالێکتی گۆران بوو، کە ئەم دیالێکتەش لە سەردەمی نالیدا، لە جوغرافیایەکی یەکجار بەر بڵاوی ناوچەکانی کرماشان و ئەردەڵان و موکریان و شارەزوور و کەرکووکدا، لە لوتکە و درەوشانەوە و داهێنان و بەخشیندا بوو (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٥).

**٢- ٣- زمانی ناجێدیی شیعر و ململانێی بەرچاو**

لە لایەن شاعیرانی ڕێبازی سێ کوچکەی بابانەوە، چەکی شیعری تەوساوی و درکەئامێز، میکانیزمێکی بە هێز بووە بۆ ململانێی سیاسی-ئەدەبی لە گەڵ دەسەڵاتی ئەردەڵان و شاعیرانی هەورامیدا. نالی شاعیری گەورە، لە ژێر کاریگەریی ئەم هەوڵانە و قووڵکردنەوەی دژخوازیی سیاسی و ئەدەبی و خەست کردنەوەی دۆزەکان، قەسیدەیەکی خەونامەی بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی (١٢٦٤-١٢٢٠ ک.م) نووسیوە و بە زمانی چزداری لاقرتێ، لۆمە و تەشەرەوە، مەبەستەکانی خۆی بۆ ڕەخنە و لاوازاندنی کەسایەتیی تاکی ئەو شاعیرە دەربڕیوە. ئەمە لە لایەکەوە لەو مێرنشینەدا

بەڵگەیەکە بۆ کەسییەتی بەرز و بەدیاری مەستوورە  و لە لایەکی دیکەشەوە خەست کردنەوەی وێنای ململانێی سیاسی و ئەدەبییە لە گەڵ بنەماڵەی ئەردەڵان و سەرجەم قوتابخانەی هەورامی:

**مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**

**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**

(نالی، ۱۳٦۳: ٦۰۳)

سالم شاعیری گەورەی سەردەمی بابانەکانیش (۱۸٦٦ـ۱۸۰۰ ز)، کاتێک عەبدوڵڵا پاشای بابان لە قوستەنتەنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، بۆ پیرۆزبایی، قەسیدەیەکی ستایشی (٤۲) دێڕی بە مەتلەعی (*تیروەش دەی مە گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە*)؛ لە وەسفیدا نووسیوە و لە بەیتێکی تەوساویشدا، دیاردەی ململانێی، ئاوا خستووەتە ڕوو:

**کەڕ و فەڕ با کەم بکا والی بە فەوجی چێش کەروو**

**پووشتبەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە**

(سالم، ۲۰۱٥: ۸٤۰)

باری واتاناسی و تاوتوێی نیشانەکانی ئەم بەیتە وا پیشان دەدات کە والی، حاکمی ئەردەڵانە و چێش‌کەرووش شاعیرانی هەورامین و لەشکری وەندات و جافانیش دەرباری بابان و سەرجەم ئەو ڕێچکە ئەدەبییە دەگرێتەوە. سالمی شاعیر لەم بەیتەدا لە ئاوابوونی دەسەڵاتی ئەردەڵان و کزبوونی شێوەی هەورامی ئەدوێ و بە لەحنێکی

پاڵەوانی[1]، موژدەی هاتنەوەی هێمای لەشکری ئەمارەتی بابان و بریسکانەوەی شاعیرانی ئەو دەسەڵاتە دەدات. ئەمە لە نەریتی ئەدەبی و چەشنە ئەدەبییەکاندا (مفاخرە، شانازی کردن بە شیعری خۆ) پێدەڵێن کە لە ئەدەبی گەلانی تریشدا زۆر باو بووە. لەم ڕووکردەدا شاعیر بە لەحنی ئەدەبی و بەکاربردنی دەستەواژەی فەخرئامێز، لە مەبەستەکە زیدەڕۆیی دەکات و خۆی بەرز و سەرکەوتوو و ئەویدی نەوی و شکست خواردوو پیشان دەدات .
ئەم چەشنە ئەدەبییە سەرەتا لە شیعری عەرەبدا سەری هەڵداوە و لە ئەدەبی فارسی لە لایەن خاقانی و نێزامی، شاعیرانی سەدەی شەشەمی کۆچی مانگی، پەرەی پێدراوە و ئەمجار لە شیعری کوردیشدا کاریگەریی داناوە و لە دیوانی نالی و باقی شاعیرانی هاومەبەست لە شیعری کلاسیکیی کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەم چەشنە ئەدەبییە بە خەستی بەرچاو و بەدیارە.
شیعر و نەریتی ئەدەبیی گۆران لەو دەمەیدا خاوەن دیاردەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری چەسپاو بووە و سالمیش لە پێناو ململانێی ئەدەبیدا، بە تەوسە زمان وشەی فەوجی بۆ بە کارهێناون، فەوجیش توخمێکی سەربازیی و بەشێکە لە هێزی سوپا، کە واتە مەبەستەکەی ئەم دوو بژاردە بووە: یەکەم ئەوان بەشێکن لە هێزی سەربازی دەسەڵات سەر بە کاسێتی ئەردەڵان و قاجارەکان نەک شاعیر!، دووهەم سووک نیشاندان و بێ بایی کردنیان کە با ئیتر والی کەمتر

[1]- مفاخرە، رجز

شانازییان پێوە بکات. بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانە، بەکاربردنی ئەم نیشانەگەلە کەڕ و فەڕ، والی، فەوج، لەشکری وەندات و جافان کە توخمگەلێکن بۆ سۆپا و هێزی سەربازی بەکار دەبرێن، شاعیر ویستوویە بەرجەستەیان بکاتەوە و پێوەندییان بدات بە دەسەڵاتەوە و شان و شکۆ و هەیمەنەی ئەدەب و شیعری هەورامی ئەو دەمە دابەزێنێ و بە شکست خواردوو لە قەڵەمیان بدات و لە بەرامبەریشدا زایەڵەی شیعری سۆرانی بەرز بنوێنێ و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بۆ بابانەکان بچەسپێنێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاوا هەڵوێستێکی تەوس ئامێز لە قوتابخانەی شاعیرانی هەورامی بەرامبەر بە شاعیرانی بابان و دەسەڵاتدارانی ئەو مێرنشینە شک نابەین. لەم سووچە نیگاوە، ڕەنگە ئەم گوزارە لە سەقامگرتوویی ئەم ڕەوتە، متمانە بە خۆ و تەنیا بە داهێنانی نابی ئەدەبی (شیعر بۆ شیعر) و لە هەمووی گرنگتر پارێز لە هەر چەشنە دووبەرەکی سەرچاوە بگرێت.

## ٢- ٤- عەبدوڵڵا گۆران و پشت بەستن بە گەنجینەی دێرین و شۆڕشێکی سەردەمیانەی ئەدەبی

وەک پێشتر باسمان کرد، گەشەی ئەدەبی کلاسیکیی نالی و شێوازە ئەدەبییەکەی (ئوسلووبی عەرووز و فۆرمی زاڵی غەزەڵ و قەسیدە) پاش نالی نەیتوانی کاریگەریی ئەوتۆ دابنێ بە سەر زەمینەی تازەگەری و نوێخوازیی شیعری پاش خۆیدا، بەڵام بە گشتی کاریگەرییە ئەدەبییەکەی نالی لە ژیاندنەوە و هۆرزانەی زمان و

ئەدەب و ڕووناکبیریی کوردیدا[1] بەرچاوە و نکوولی لێناکرێت. ئەگەر وەک خاڵێکی شێوازناسانەی بەراوردیی سەیری ئەم کاریگەرییانە بکەین ناهاوسەنگییەک نێوان شێوازە ئەدەبییەکەی نالی و مەولەوی و قوتابخانەی شیعری هەورامیدا، دەبینین کە لە درێژەی باسەکەدا وردتر شەن و کەوی دەکەین.

لە شێوازی ئەدەبی هەر ڕەوتە شیعرێکدا، هەناسەی بەردەوام و سامانێکی بەپێزی درێژخایەن و حوزووری یەک لە دوای یەکی هونەرسازەکان[2] و مۆرکە ئەدەبییەکان، خاڵی سەرەکین بۆ کاریگەرییەکانی پاش خۆی. کەچی پێش نالی، شیعری کوردی کرمانجیی ناوەڕاست لەم بوارەدا قوتار بووە لە ڕەوتێکی ئەدەبیی خۆماڵی و دەقەکانی تاپۆکراو و بەرچاو نەبوون و وێنای بەرزی فێرکانسی ئەو فۆرمانەش کە شیعریان پێ وتراوەتەوە لە ژێر کاریگەریی و کاردانەوەی ئەدەبی دەور و بەردا بووە و کەچی تەنیا دووبارە کراونەتەوە.

نیمایووشیج (١٢٧٦-١٣٣٨ ک.ه)، بە پشت بەستن بە یاسای گۆڕانکاری و هەبوونی گەنجینەیەکی درێژخایەنی (١٠٠٠) ساڵەی ئێران، دەستی کرد بە تازەگەری لە شیعری فارسیدا و چەندین ڕەهەندی بە دووی خۆیدا هێنا. نیما سەرەتا دەستی بە وتنی شیعری ئەوسایی کرد و پاشان بە دانانی شیعری ئەفسانە پردێکی ئەستووری

---

[1]- رستاخیز زبان و ادب و فرهنگ کوردی

[2]- تکرار و توالی هنرسازەها در شعر

نێوان شیعری ئەوسا و ئێستای فارسی درووست کرد و بەم شێوە بوو بە باوکی نوێخوازەکان و هەمیش خاوەن سامانێکی دۆڵەمەندی شیعری سەردەم و شیعری هاوچەرخی فارسی کە لەم بارەوە و لە مەڕ کاریگەریی ئەم شاعیرەوە کۆبەڵێنێک هەیە و هەموویان دانی پێدا دەنێن و وەک باوکی شیعری هاوچەرخی فارسی ناوی دەرکردووە.

وەک نووسیمان سەرهەڵدانی نالیش، خۆی لە خۆیدا و بە پێی ئەو ئامانجانە کە پێڕەو کراون دەسکەوتێکی تازە بووە بۆ درەوشانەوە و بەردەوامێتیی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست و تەنانەت سەرجەم نەتەوەی کورد. دەسەڵاتێکی تازە کە لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا، تۆز و گەردی کەڵەکە بووی دێرینە و زۆری لە سەر خۆی تەکاند و وەک دیالێکتێکی شێوە یەکگرتووی هاوچەرخانە هاتە کایەوە (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٦). واتە هەوڵەکەی لە پێناو دەرک بە دەسەڵاتێک و پێداویستی پایتەختێکی تازە (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٥) بۆ تەنگ هەڵچنین بە قوتابخانەی زیندوو و سەردەمیانەی فەوجی چێش کەروو! لە پایتەختی ئەردەڵانەکاندا، درەوشایەوە و تەنانەت هۆگر و ڕاهاتووی ئەمجۆرە شیعرەش(غەزەڵ) نەبوو، ژمارەیەکی زۆر کەمی توێژێکی تایبەتی خوێندەوارانیش تێدەگەیشتن (محەمەد حمە باقی، ١٣٩١: ٢٣٦). بۆیە لە سووچە نیگای نووسەری ئەم دێڕانەوە لە سەر بنەمای قابیلیەتەکانی فۆرمی شیعر و کاریگەرییەکانی ئەم ڕێبازەدا، پاش نالی گۆڕانکاریەکی تازە، نامۆ و فۆرمیک ڕووی نەداوە، ئەگەرچی دانانی

شیعری کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست بە غەزەڵ لە ڕوانگەی خودی نالییەوە بەرچاوە و ئەم جۆرە ئوسلووبە (غەزەڵی عەرووزی) بە تەبعێکی شەکەربار و داهێنانێکی شازی دەزانێت بۆ شیعری کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست و پێیوابووە تا ئێستا بۆ کەس نەلواوە کە ئەم شێوە بکاتە دەستمایەی داهێنان لە سلووکی دابەزاندن و ئیمتیحانی شیعردا و وەک خاڵێکی داهێنەرانە دایناوە:

**تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئینشا دەکا**

**ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عمدا وا دەکا**

(نالی، ١٣٦٣: ١٠٦)

نالی شارەزووری لەو بەیتەدا، خۆی بە یەکەم ڕەنگڕێژ و بوێری ئەم چەشنە هۆنینەوە و هەمیش دانەری هەموو داهێنانێک لە شیعری کلاسیکی کرمانجیی ناوەڕاست دەزانێت (کوردی ئینشا دەکات)، کە نکوولی لێ ناکرێت. شیعری هەورامیش لە ڕەوتی خۆیدا تاک و تroوک نەبێت، بە زێدهاتی بەرزەوە و وەک نۆرمێکی ئەدەبی و ئەزموونێکی بەرچاو، قەرەی ئەم ئوسلووبەدا (غەزەڵ و قەسیدە و دیاردەی عەرووز) نەچووە و لە شیعری کوردیدا بۆشایی هەبووە، بۆیە قەسیدە و غەزەڵی عەرووزی بۆ نالی و سەردەمی خۆی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دیاردەیەکی شاز و داهێنانێکی تازە دێتە بەرچاو، بێ گومان یەکەم ئیمتیحانکەری ئەم ڕێبازەش بۆ نالی چەسپاو و دەستەبەرکراو، دەنوێنێت. بە پێی ئەزموونی گەلانی تر عەبدوڵڵا گۆران (١٩٦٢- ١٩٠٤ز) باوکی شیعری نوێ، لە سەر دەرک

به بەرپرسیارەتیی سەردەمیانە و پشت بەستن بە درێژهەناسەیی زمان و ئەدەبی خۆماڵی و کێشی نەتەوەیی پەنجە (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨ : ٣٤)، چارەی نەبوو کە ئەو ڕێبازە و تازە ئەزموونکراوەی نالییە، بباتە ژێر پرسیارەوە و پێی وا بێت ئەو توخمە ناکوردیانە (پێکهاتەی مۆسیقای دەرەکی عەرووزی، فۆرمی ئاسۆیی غەزەڵ، تاکوشە، وشە و دەستەوشە عەرەبیەکان) هیچیان تەبا لە گەڵ ڕۆحی ناخۆئاگا و هەناسەکانی ڕاهاتوو و ڕابردووی شیعری میللی گونجاو نین (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨ : ٣٤) و لەم نێوەندەدا هەست بە بۆشاییەک دەکات و ژیرانەش بادانەوە دەکات بۆ گەنجینەی مۆسیقای شیعری هەورامی و لە ئەو ئامێزەدا ئۆقرە و ئاسوودەیی بە خۆوە دەگرێت. پاشان بە ڕەچاوکردنی باقی دیاردەکانی نوێخوازی فەجری ئاتی و ڕەهەندە تازە و سەردەمیەکانی شیعری تورکی و ئورووپایی، پێکهاتەی شیعری کلاسیکیی کوردیی ناوەڕاست ژێر و ڕوو دەکات و سەر لە نوێ بینایەکی شەکیل و تازە، بونیات دەنێتەوە. خۆی لەم بارەوە دەنووسێت:

«شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە هەڵبەستراون، کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لە بەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لە گەڵ خەسائێسی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی، لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، ڕۆژ بە ژۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەن ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی و لاموایە بە ئیجگاری،

بەرەڵڵا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەت ڕوو بدات» (گۆران، ۱۹۷۱: ۱۲).

لە ڕوانگەی نووسەر و توێژەر بەختیار سەجادییەوە: «شیعری نوێی کوردی، خاڵی پێگەیشتنی دوو سامانی گەورەی شیعری کلاسیکی کوردییە کە بریتین لە دوو نەریتی گۆران و کرمانجیی ناوەڕاست... ئەم خاڵە بە یەک گەیشتنەش شیعری دوو شاعیری گەورەی کوردی سەدەی نۆزدەهەم، مەولەوی کورد و نالی، لە قەڵەم دەدرێت» (سەجادی، ۱۳۹۷: ۲۲۷). بە واتایەکی تر، لە لایەکەوە پێکهاتەی شیعری عەبدوڵڵا گۆران لە سەر کێشی بڕگەیی و خۆماڵی داڕێژراوە و لە لایەکی تریشەوە دەربڕینی لە توخمە زمانییەکانی زاری ئەدەبی کرمانجیی ناوەڕاست کەڵکی وەرگرتوە. من ئەم هەڵسەنگاندنە ئەرێنی دەنرخێنم و لەم وتارەشدا وەک خاڵێکی ئیجابی هاتووەتە ئەنجام و پێداگریی لە سەر کراوە. بەڵام پێویستە هەوڵە نوێخوازییەکەی عەبدوڵڵا گۆران وەک قەزییەیەکی دیالێکتیکی و چەند لایەنە بخرێتە بەر باس و شرۆڤەی کرداریی و پەڕچەکردارییەوە:

یەکەم: کرداری دەربڕین؛ گۆران خواستی نوێ کردنەوەی شیعری بە زمانی یەکەم و دایکیی خۆی دەربڕیوە، واتە دیاردەیەکی سروشتی و ئیجابییە.

دووهەم: پەڕچەکرداری وەلاوەنانی نۆرمی زاڵ (انحراف از نرم غالب)؛ گۆران لە پێکهاتەی کێش و مووسیقای شیعری عەرووزیی

زمانی یەکەم کە بە دیاردەیەکی دەرەکی دەزانێت دادەبڕێ و لە کێشی بڕگەیی شیعر و ڕوون بێژی زمانی دووهەم، کاریگەریی وەردەگرێت.
سێهەم: خاڵی پێگەیشتن؛ نوێ کردنەوەی شیعری کوردییە کە دەرەنجامی هەوڵدان و سلووکی ئەدەبیی گۆرانە، وەرگرتە لە زمانی دووهەمدا.
دواتر خاڵی پێگەیشتنی پڕۆسەی نوێ کردنەوەی عەبدوڵڵا گۆران دەبێتە وێنای دینامیزمێک و بەڵگەیەکی کارا بۆ دەرکەوتن، درێژەدان و درەوشانەوەی قابیلییەتەکانی شیعری هەورامیی پاش مەولەوی و هەنووکە و وڵامێک و پەرچەکردارێکی ئەدەبی بۆ ئەوانەی پێیانوایە پڕۆسەی گەشەی ئەدەبی نالی، شیعری کوردیی هەورامی، مەولەوی و پاش مەولەوی تواندەوە. وەک ئاماژەمان پێدا ئەوەش مەسەلەی بە کارهێنانی کێشی پەنجەیی کە ڕووداوێکی ڕەسەنی کۆن بوو و لە گەڵ جەوهەرە بزاوتەکانی شیعر بە واتای میللی دەگونجا. بەڵگەش بۆ ئەم راستییە تیکرا هەموو شیعرەکانی مەولەوی و بەرهەمی ئەو شاعیرانەیە کە بە لەهجەی هەورامی و لە سەر کێشی (٥+٥) شیعریان هۆنیوەتەوە وەک گۆڕینێکی بنەڕەتی و شۆڕشێکی سرۆشتی و ئیقلیمگیر و سەرکەوتووی مۆسیقای کوردی لە عەرووزەوە بۆ کێشی رەنگاوڕەنگی خۆماڵی. (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨ : ٣٥-٣٤). لێرەدا گۆران پەی بەم ڕاستییە بردبوو کە ئەفاعیلە سواوەکانی عەرووزیی لە مێژە لە شیعری فارسی و عەرەبیدا باو بووە، ئیتر ڕەوشێکی بێ سوود بە

ئەژمار دەهات و خەریک بوو لە قۆناغەکانی دواییدا دەخرایە پەراوێز و هەڵاوێردنی ئەدەبییەوە. ئەمە لە ڕووی گۆڕینی مۆسیقا و سەربەستی شاعیر و دەربڕینی هەست و خواستەکانی شاعیرییەوە بایەخێکی بنەڕەتی بووە بۆ عەبدۆڵڵا گۆران، و خۆی لەخۆیدا بوو بە شۆڕشێکی گەورەی مۆسیقا و تازەوەکردنەوەی هونەرسازەی کێشی شیعری کوردی.

## ٢- ٥- عەبدۆڵڵا گۆران و لادان لە توخمی باو و هەوڵ بۆ تەڕ و پاراوێتی زمانی شیعر

نالی لە فۆرم و کەرەسەی زمان و پێکهاتەدا، زۆرتر لە ڕەگەزەکانی زمانی عەرەبی و تەنانەت فارسی کاریگەریی وەرگرتووە. لە دەقەکانیدا پتر لە سەدی هەشتای توخمە زمانییەکانی، ڕاستەوخۆ وەرگرتەن لە زمانی عەرەبی، ئەمەش بێ ئەوەی لە نرخ ناسی، کەشف، داهێنان و سلووکی هونەری و شاعیرانەی نالی کەم بکاتەوە، وەک ڕاستییەکی نیشانەناسی و زمانەوانی، لە دوو تۆی پێکهاتەی دیوانەکەیدا ئەم دیاردە بە ڕوونی و زەقێتی تەواو خەملێنراوە. لەم بەیتەدا زۆربەی وشە سەرەکییەکان عەرەبی ڕووتن:

**ظاهیر و باطین لە سەر لەوحی حەقێقەت یا مەجاز**

**ئاشنای سێڕڕی قەلەم بێ، غەیری نالی کەس نەما**

(نالی، ١٣٦٣:١٣١)

یان ئەم بەیتە:

**طەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر**
**طەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئەزفەرە**

(نالی، ١٣٦٣: ٤١٦)

لە هەمان کاتدا شیعری قوتابخانەی هەورامی بە تێکڕا و شیعرەکانی دیوانی مەولەوی زۆربەیان ملوانکەی وشەی ڕەسەنن لە مرواری شێوەکانی تر بە تایبەت هەورامی، ئەگەر بە رەچەڵەک وشەی عەرەبی یان فارسییان تێدا بێت ئەوا لە ئاڵ و گۆڕی زمانەکەدا، بە تێهەڵکێش و تواندنەوەی دەنگەکان، ناسنامە و کەسایەتی خۆیان پێدراوە. بۆ وێنە «صبح، زحمت، ضعیف، محبت، محنت، طالع، قناعت، لعل، شعله، قهر، و...» کە هی زمانیترن، پڕۆسەی دەنگییان گۆڕراوە و کراون بە «سوب، زامەت، زایف، موبەت، مەینەت، تاڵە، قنیات، لاڵ، شۆڵە، قار و...».

**هیچ نەبەردەن نام خەستەی دەردەکەش**
**نەکەردەن خەیاڵ «مەینەت» وەردەکەش**

(مەولەوی، ١٣٨٤: ٢٧٤)

یان ئەم دێڕە بە ڕواڵەت تاقە وشەیەکی عەرەبی تێدا نییە:

**جە سەردی «مۆبەت» ئازیز بێ گەرد**
**جۆی هووناو دڵ جە دیدەم یەخ کەرد**

(مەولەی، ١٣٨٤: ١٦٩)

ئەمە بگرە بەرچاوترین خزمەت بێت کە شاعیرێک کردوویەتی بە دەوڵەمەندی و ڕسکاندن و فرانەیی[1] زمان. ئەم خاڵە لە ژێر نیگای تیژبین و هزری هونەریی عەبدۆڵا گۆراندا بزر نەبووە و بە ڕوونی کاریگەریی وەرگرتوە و لە بواری زمان پاراویی شیعری هەورامییەوە، لە ساباتی شیعرە تازەکانیدا، مەزنترین خزمەتی بە وشەی زمانی کوردی کرمانجیی ناوەڕاست کردووە. لەو دەمەدا هەموو دەزانین رۆشنبیرەکانی ساڵەکانی بیست و سییەکان، پاراوی زمانی فارسی و تورکی بوون و تەواو مەستی ئەو دوو سەرچاوە بوون و زمانی عەرەبیش دوابەدوای ئەوان لە شەپۆلی کارتێکرندا بوو. لەو رۆژگارەوە مەسەلەی بە کوردیی پەتی نووسین و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە سەری هەڵدا و بایەخی پێدراوە، ئەمە بە گشتی بوو بە جۆری ناسک و سەرکەوتوانەی شێوازی شاعیر بۆ تەڕ و پاراوی زمان و کوردیی پەتی و وشەی ئاوازداری کوردی و هەمیش ڕوونی واتا و مەبەست. (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ٤٦).

**٣- ئەنجامی لێکۆڵینەوە**

نالی و مەولەوی بە دوو کارکردیی تاکی و جیاوازەوە، شاعیرانێکی مەزن و خاوەن شێواز بوون. کاریگەریی نالی لە سەر پرۆسەی شیعری کلاسیکیی کوردی و کارایی و گەشەی غەزەڵ و قەسیدە و بووژاندنەوەی زماندا حاشا هەڵنەگرە و ڕێبازە ئەدەبییەکەی تەبعێکی شەکەربار و کوردیی ئینشا کردنێکی شاز بووە و زایەڵەی ئەم

---

[1]- کثرت

کاروانەش هەر بەردەوامە و مەولەویش هەر هەمان ڕێباز. لەم وتارەدا ئەم ڕەوایەتە ڕوون کراوەتەوە کە گوایێ بە هێزبوونی قوتابخانەی نالی، سالم و کوردی، لە سەر حسێبی لاوازبوون نەمانی دیالێکتی گۆران و قوتابخانەی مەولەوی بوو. (خەزنەدار، ٢٠٠٣: ٦). لەم ڕوانگەدا و بێ هیچ هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی و بێ بەرچاوگرتنی مۆرکە ئەدەبییەکان کە وەک شێوازی گشتی، بێ وچان لە دووتۆی دەقی هەموو شاعیرانی ئەم ڕەوتەدا وێنا کراون؛ نالی و سێ کوچکە دەگاتە عەرشی عێززەت و مەولەوی و پاش و مەولەوی دادەکشێتە فەرشی زیللەت. وەک پێشتر ئیشارەمان پێ کرد، شیعری پێش مەولەوی و سەردەمی مەولەوی و هەموو قوتابخانەی شیعری هەورامی کە بە تێکڕا بریتی بوون لە سۆزێکی غنایی گشتگیر و چەپکێک نۆرمی ئەدەبی دووپاتکراو و لە دەقە شیعری شاعیرانی پاش مەولەویش گوزارشت دەکرێن. بۆ نواندنی ئەم لێکچوونە شێوازییە، ئەگەر پارچە شیعرێک هەرکام لەو شاعیرانە بخەینە نێو قاپێکەوە و هونەرسازەکانیان لێک بدەینەوە، دەبینین جگە لە مەزموون و وردە مەزموون، جیاوازییەکی ئەوتۆ هەست پێ ناکرێت. بۆیە لە شێوازناسیدا تا لادانی نۆرم (انحراف از نرم) لە پرۆسەدا سەر نەگرێت و فێرکانس و زێدهاتی دیکە بە خۆوە نەبینێت، نابێت بە شێوازیی تاکی بۆ شاعیران واتە دەرخەری ئەمەیە کە ئەم ڕەوتە بەم چەپکە خسڵەتانەوە لە ڕەوڕەوەی تەمەنیدا تا هەنووکە بێ وەستان درێژەی هەبووە. چوون لە ڕوانگەی شێوازناسیەوە: «شێوازێک گۆڕان و

تیاچوون بە خۆیەوە دەگرێت، کە مۆرکە ئەدەبییەکانی دووبارەبوونەوە و سەقامگیریی خۆیان لە دەست دابێت» (شمیسا، ۱۳۷۲: ۹۹).

لە گۆشە نیگاییێکی دیکەوە، ئەگەر ئەم ترۆپکە ئەدەبییانە بە ڕاست بزانین کە قوتابخانەی شیعری گۆران تەنگی پێهەڵچنراوە، داتەپێوە و پووکراوەتەوە یان کۆتایی پێهاتوە. ئەوا بێسارانی، سەیدی و مەولەوی شاعیرانی خاوەن شێوازی ئەم ڕەوتە، دەبن بە شاعیرانێکی خەسراو و بێ بەهرە کە هزرێکی نەزۆک و زمانێکی قسریان هەبووە و نەیانتوانیوە لە سەر شیعری پاش خۆیاندا کاریگەری دابنێن. ئەمە لە کاتێکدایە کاریگەریی ئەم شاعیرە خاوەن شێوازانە لە سەر شاعیرانی هاودەم و پاش خۆیان ئەمە ناسەلمێنێت. دەقەکان و فەلسەفەی کارکردیی شێوازناسی شیعر بە تێکڕا، وا نیشان دەدەن کە ئەم شاعیرانە کاریزما، خاوەن شێواز و دیوانەکەیان شاکار و لووتکەی ئەدەبی بووە و لە سوورەت و سیرەتی شاعیرانی سەردەم و پاش خۆیان، کاریگەریی بەرچاو و هەست پێکراویان داناوە.

ئەمەوێت لە بەستێنەی شیعری هەورامیدا ئاماژە بدەم بە خاڵێکی شێوازناسانە و ڕاستییەک بدرکێنم. هاوچەشنی شێوەی دەربڕینی شاعیرانی ئەم ڕەوتە شیعرە و دووبارە بوونەوەی شێوازەکەیان، بۆ خودی شیعری هەورامان، دیاردەیەکی دژوازی نواندووە؛ هەم بەهرەی هەبووە و هەم خەسار. لە لایەکەوە لە ناواخنی دەقەکاندا چەپکێک تایبەتمەندیی ئەندامی - دەنگتەوەری و پۆلێک

وردەکاریی ئەدەبی و جوانیناسی تر دەبینرێت  کە وەک خاڵێکی ئەرێنی دێتە هەژمار و عەبدۆڵڵا گۆرانیش بۆ نوێکردنەوەی پرۆسەکەی لەم قابیلییەتانە کەڵکی وەرگرت و هەمووی ئەمانەش لە ژێر شاباڵی شاعیرانێک وەک بێسارانی، مەولەوی و سەیدیدا چڕکراوەتەوە. ئەگەرچی وەک زانایەکی گشتی و هێژموونیکار حاشا هەڵ ناگرن. بەڵام لە ڕەوڕەوەی مێژوویی ئەم ڕەوتەدا شاعیرانێکی باشیش هەبوون کە بە هۆی کەڕە سێبەری ئەوانەوە  لە سووچەنیگای لێکۆڵەران و خوێنەرانی چەلەنگدا بزر و نادیار ماونەتەوە و ڕەوایەتە ئەدەبییەکان تەنیا بەوان کۆتایی هاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم ڕەوتە دەستخەڕەی ئەم وردەکارییە ئەدەبیانە بوو و لە درێژایی تەمەنیدا نەیتوانی لەو گۆمە مەندە تێپەڕێت و لە هەمان بازنەی نەریتی باوی ئەدەبیدا (سنت معهود ادبی) قەتیس مایەوە، بۆیە تا چەند دەهە پێشتر وەک شیعری کوردیی سۆرانی و گەلانی دەور و بەر، کرژتر و خێراتر گۆڕانکاریی فۆرم و ناوەرۆکی سەردەمیانە و توێکڵی نوێ بوونەوەی بە خۆیەوە نەبینی و لە ئەزموونەکانی دیکەی دەور و بەر کەڵکی وەرنەگرت. جێگای باسە کە چەند دەهەیەکە پرۆسەی نوێبوونەوە دەستی پێکردووە و شاعیران لە فۆرمی ئازاددا خەریکی داهێنانی تەجرۆبەی تازەن و هەندێک دەقی تازە و هونەری لە دووتۆی کتێب و دەفتەرە شیعردا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و زایەڵەی کاروانی نوێخوازیش بەردەوامە.

Abstract
Literary comparison of two movements, two literary traditions or two prominent poets, is a ground for recognizing their distinct or unified themes. Accordingly, in this article, the historical trends of two literary movements of Kurdish poetry have been explored and analyzed. On the one hand, the examples of repeating the literary features of Goran's classical poetry, the language of the historical and uninterrupted (anachronized) development of this trend, have been emphasized. On the other hand, the capabilities of the classical Sorani Kurdish poetry that in a specific period, alone (self-centered) and regardless of any previous literary experience which have been progressed and shone in the vernacular language oand oral culture, has also been discussed and evaluated. Of course, Mawlawi and Nali each with their distinguished distinct literary nature are considered to be as the content and form of these two movements. Therefore, an effort has been made, in accordance with their literary indicators; The difference between the influence of these two poets on their contemporaries and later poets should be shown and we should feel the achievement of this difference in the literary reform and the intersection of Abdullah Goran's revival efforts. That is to say, this modernist poet abandoned the structure, form, meter and music of prosaic poetry and the style of expression and literary tradition of Nali, and considered it as a borrowed phenomenon for Kurdish poetry, and finally he was influenced by the capabilities of form, syllabic meter , eloquence of speech and the of Mawlawi and the literary

tradition of Goran in general that provided the ground for the process of revival of Sorani Kurdish poetry.

Keywords:
Nali, Mawlawi, Different style, Kurdish poetry, Goran's Return, Modernism

**منابع**

**کوردی:**


خدر، عەبدۆڵڵا مەولوود. (٢٠٠٧). *لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی*. هەولێر: ئاراس.

خەزنەدار، مارف. (٢٠٠٣). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی سێیەم. هەولێر: ئاراس.

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٥). «شێوازناسیی وێژەی گۆران: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، سال (دوم)، ش (٢).

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٧). *زمان و وێژەی کوردی*. سقز: نشر گوتار.

سەجادی، عەلائەدین. (١٩٧١). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەغداد: چاپخانەی مەعاریف.

عوسمان، ڕەئوف. (١٣٩١). «کاریگەریێتی دەقەکانی قورئان لە هۆنراوەکانی نالیدا». *وەرزنامەی زرێبار*. خولی دووهەم/ ساڵی (شانزدەهەم). ژ (٧٩-٨٠). صص ١٣٨-١٤٨.

قادر موحەمەد، ئەنوەر. (٢٠٠٣). *مەولەوی، شاعیری لیریکای گەورەی کورد*. نامەی دۆکتۆرا.

قادر، حەمە حەمە ئەمین. (١٩٧٨). *کاروانی شیعری نوێی کوردی*. ب یەکەم. بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

گۆران، عەبدوڵڵا. (١٩٧١). *بەهەشت و یادگار*. سلێمانی: چاپخانەی کامەرانی.
محەمەدپوور، عادڵ. (١٣٩٠). «شیعری هاوچەرخی کوردی هەورامی لە ئاخێزگەوە تا ئێستا». *وەرزنامەی زرێبار*. خولی دووهەم/ساڵی (پازدەهەم). ژ (٧٦-٧٥). ل ٦١-٨٠.
مودەڕێس، عەبدولکەریم و مەلاکەریم، فاتح. (١٣٦٣). *دیوانی شیعری نالی*. ارومیە: مرکز نشر و ئەدەبیات کوردی.
مودەڕێس، عەبدولکەریم و مەلاکەریم، فاتح. (٢٠١٥) دیوانی سالم. ب ٢ . سلێمانی: بنکەی ژین.
مودەڕێس، مەلا عەبدولکەریم. (١٣٨٤). *دیوانی مەولەوی*. سنە: پەخشکاریی کوردستان.
یەعقووبی، عەبدولخالق. (١٣٩١). «زەقکردنەوەی زمانیی لە زمانی شیعری نالیدا». *وەرزنامەی زرێبار*. خولی دووهەم/ ساڵی (شانزدەهەم). ژ (٧٩-٨٠). صص ٣٠-٤٠.

**فارسی:**
پولیتسر، ژرژ. (١٣٥٨). *اصول مقدماتی فلسفه*. جهانگیر افکاری. تهران: نشر سازمان کتابهای جیبی.
حقوقی، محمد. (١٣٧١). *شعر نو از آغاز تا به امروز*. تهران: نشر روایت.

شفیعی، کدکنی محمدرضا. (۱۳۹۱). *رستاخیز کلمات، درس گفتارهایی در باره نظریه ادبی صورتگرایان روس*. تهران: نشر سخن.
شمیسا، سیروس. (۱۳۷٤). *انواع ادبی*. تهران: انتشاراتی فردوس.
شمیسا، سیروس. (۱۳۷۲). کلیات سبک شناسی. تهران: انتشاراتی فردوس
غیاثی، محمد تقی. (۱۳٦۹). *درآمدی بر سبک شناسی ساختاری*. تهران: نشر شعله اندیشه.
محمدپور، عادل. (۱۳۹۲). *طرح، جریان شناسی شعر کُردی هورامی از ابتدا تا کنون*. تهران: نشر احسان.

♦ له "پژوهشنامه‌ی ادبیات کوردی دانشگاه کوردستان، دوره ٦، شماره ۱ - شماره پیاپی ۹، بهار و تابستان ۱۳۹۹" چاپ و بڵاو کراوه‌ته‌وه

## نێزامی ئەکدەشی[1] و
## خوێندنەوەی لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد[2]

بە تێڕامان و خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی[3] حەکیم نێزامی گەنجەیی(١٢٠٩-١١٤١ز)، شاعیر و چیرۆکبێژی ئێرانی سەدەی

---

[1] - ئەکدەش (یکدش، ایکدش) ڕەگەزێکی زمانیی تورکییە، واتە دوو ڕەگە بوون. نێزامی دایکی کورد و باوکی تورک بووە. درێژەی وتارەکەدا بەربڵاوتر لەم بارەوە باس دەکەین:

نظامی اکدشی خلوت نشین است
که نیمی سرکه نیمی انگبین است

(بۆ زانیاریی زۆرتر بڕواننە ثروتیان بهروز، آیینەی غیب نظامی گنجەیی، ل ٢٠)

[2]- ئەم وتارە پێشتر نووسراوە بڵاوکراوەتەوە و لە ژێر سەردێڕی: *مێژوو، کورد، نێزامی گەنجەیی*، ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی، براوەی وتاری لێکۆڵینەوەیی فێستیواڵی نێونەتەوەیی گەلاوێژ بووە لە سلێمانی

[3] - بەرهەمەکانی ناسراون بە خمسەی نظامی یا پنج گنج و پنج منظومەی نظامی کە بریتین لە:

١) مخزن الاسرار (٥٧٠ ق)
٢) خسرو و شیرین (٥٧٦ ق)
٣) لیلی و مجنون (٥٨٤)
٤) هفت پیکر (٥٩٣ ق)

شەشەمی کۆچی مانگی و سەدەی دوازدەی زایینی  و ئەو سەرچاوە پێوەندیدارانە کە لە بارەی ژیان، زمان و تەرزی هزری و شێوازی ئەم شاعیرە باس و لێکۆڵینەوەیان کردووە؛ هەست دەکەیت کە ڕۆحێکی ژیان و ژیاریی کوردیی ئەو دەمە لە فۆرماسیۆنی هۆنراوەکانیدا هەڵدەقولێت. ئەو سەرچاوانە بڕێکیان بۆ (ئەکدەش)ی بوونی نێزامی بۆچوونی جیاوازیان هەیە. دوکتۆر زەڕین کووب لە کتێبی «پیر گنجه در جستجوی ناکجا آباد» و دوکتۆر بێهرۆزی سەرروەتیان لە «آیینه غیب نظامی گنجەیی»، پێداگری لەسەر کاردانەوەی ڕۆحیی زمانی دایکی (ڕەییسەی کورد) لەسەر دەقەکانی ئەو پێنج دەفتەرە شیعرییە (خمسه نظامی) دەکەن بە تایبەت لە تێکستی «لەیلی و مەجنوون». ئەم دوو لێکۆڵەرە تەنانەت پێیانوایە، لەوەدا کە نێزامی بە شانازییەوە لە دایکی و بنەماڵەکەی و خاڵە عومەر وەک دەسەڵاتدارێکی توکمە، جێگە و پێگەدار و سەرناس ناو دەهێنێ و لە لەیلێ و مەجنووندا شینیان بۆ دەگێڕێت، بەڵام هەر بەو ڕیتم و هەست و سۆزەوە لە باوکی و بنەماڵەکەی ناو نابات و تەنیا بە رواڵەت باسیان دەکات و زوویش دەیانخاتە بۆتەی نسیان و فەرامۆشییەوە.

بەڵام کەسێکی وەک «ر. آزادە» دەمارگیرانە و زێدەڕۆوانە، پێداگری لەسەر «رۆحی تورکانە»ی نێزامی دەکات کە گوایێ ئەمە شای

---

٥) اسکندرنامه خۆی دوو بەشە: شرفنامه و اقبال نامه (٥٩٩ یا به روایتی بین ٦٠٧ و ٦١١ ق)

ئەخستان بووە کە نێزامی هانداوە، کە بە زمانی پارسی شیعر بڵێت[1] و بۆ چەسپاندنی وتەکەی پەنا دەباتە ئەم بەیتە شیعرە:

**تُرکی صفت وفای ما نیست**

**تُرکانه سخن سزای ما نیست...[2]**

لە ڕاڤەی ئەم بەیتەدا، دوکتۆر سەروەتیان، پێیوایە کە «تُرکانه سخن» ڕۆحی تورکانە نیە و وتەی تورکانەیە. بە وتەی ئەم نووسەرە لێکدانەوەی واتایی دێڕەکە، ئاوایە: «ئەخستان شا، شای ئەخستان داوای داهێنان و هۆندنەوەی چیرۆکی لیلی و مەجنوون لە نێزامی دەکات و نێزامی بە دڕدونگییەوە چارەنووسی فێردەوسی دەخاتە بەرچاو بە نموونە پاساو دەیهێنێتەوە کە گوایێ پاش هۆنینەوەی شانامە و پاشگەزبوونەوە لە خەڵات بە پێی وەعدە، سوڵتان مەحموود غەدری لێکردووە. ئەویش دەترسێت کە ئاوا خەسارێکی لێبدرێت. شایش لە وەڵامدا دەڵێت: بزانە، وەفای ئێمە وەک سیفەتی تwرکی نیە ـ ئێمە وەک مەحموودی غەزنەوی بێ وەفا نین و تۆیش نێزامی وەک فیردەوسی نیت کە مافی خۆتت لێ زەوتکرا. ئێمە (سخن ترکانە) واتە وتەی پاڵەوانی و ڕەزمیمان ناوێت، بەڵکوو داوای هۆنراوەی بەزمی و لیریکا (Love lyric) وەک لەیلێ و مەجنوونت

[1] - بڕواننە کتێبی شرح زندگی و هنر نظامی گنجوی، انتشارات آکادمی علوم باکو، ١٩٧٩. م»

[2] - ثروتیان بهروز، بهروز، لیلی و مجنون، ل ٤٩

لێدەکەین. نێزامی ئەم واتایە لە هەفت پەیکەردا ئاوا ڕوون کردوەتەوە و دەڵێت:

**در سخا و سخن چه می پیچم**

**کار بر طالعست من هیچم**

**نسبت عقربیست با قوسی**

**بُخل محمود و بَذل فردوسی.** [١]»

لە سەر پێداگری د. سەروەتیان لە ئایینەی غەیبدا و ئەم وتە پارادۆکس و دژەبۆچوونانە کە باسمان کرد، نووسەری ئەم وتارە کەڵک وەردەگرێت و لەم ئەدەبە شاکارە جیهانییەدا لە سەر کوردبوونی نێزامی کە هێشتاش بە لێڵی ماوەتەوە و هەر وەها ڕەنگدانەوەی ڕۆحی زمانی دایکیی، پێداگری دەکات. هەرچەند نێزامی ئەو پێنج دەفتەرەی بە زمانی فارسی نووسیوە، بە لێکدانەوە و شیکاری ئەو بەرهەمانە، وێڕای باری ئەدەبی دۆزەکە، هەندێ لایەنی مێژوویی گەلی کورد و دەسەڵاتدارێتی ئەم نەتەوەش ڕوون دەکرێتەوە. دەلوێ شارەزایانی مێژوو، لەم سووژە کەڵک وەربگرن و بەرگێکی تری زێڕین بخرێتە سەر ئانالیزی مێژووی نەتەوەیی. بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیانە کە لەم بارەوە نووسراون و ڕۆچوون بە ناواخنی دەقەکانی نێزامیدا (بە تایبەت لەیلێ و مەجنوون) تا ڕادایەک توانیومانە ئەو ڕۆحە نەسرەوتەی نێزامییە و

[١] - ثروتیان بهروز، آیینه غیب نظامی گنجه ای، ص٢٩

بنەماڵەکەی و بەرگێک لە مێژووی کورد لەو سەردەمەدا کە تۆزێ بێوەفایی ڕۆژگار شەمزاندبوووی، نیشان بدەین.

## دیمۆگرافی شاری گەنجە
(نێوان سەدەکانی ٣ تا ٦ی کۆچی مانگی)

شاری «گەنجە» کە زێدی شاعیر بووە، دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕووباری ئەرەس لە ویلایەتی «ئەران». ئەران دەڤەرێکی ڕازاوە و سەرسەوز و پڕ داهات بووە کە پانتایی نێوان ئەرەس تا ڕووباری «کور» دەگرێتە خۆی. ئەم ناوچە هەر لە مێژە دونگەی تۆبەکاران، خوادۆزان و جیهادگەرانی توندڕۆ و دەمارگیری موسوڵمان بووە. بۆ ئەوەی گەنجە لە سەر سنووری بەشێک لە دنیای ئیسلام و دنیای خاچ پەرەستیدا واقیع بووە، لە هەر ئاقارێکی ئیسلامییەوە، لە کورد، تورک و عەرەب و... لەم دەڤەرەدا بۆ پاراستنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و بەشداری لە جیهادی ئیسلامی، گلێر دەبنەوە. لەم سەروبەندەدا کە ویلایەتی فەلەستین، شام و میسر کەوتبوونە ژێر تازیانەی شاڵاوی دنیای خاچ پەرەستییەوە، لە ئەراندا بە چۆڵەختێی دەوڵەتی ڕۆمی رۆژهەڵات ـ بیزانس ـ مەسیحییەکانی ڕووس و گورجی و ئەرمەنی و پەیتا پەیتا لە ژێر تەنگە تاو، پاڵەپەستۆک و ڕووکردی دەمارگرژانەی ئایینیدا، پەلاماری (گەنجە، شمکوور، بەیلەقان، بردەع و تفلیس) دەدرا و وێڕای کوشتن و بڕینی دانیشتوان؛ ماڵ و سامانیان تاڵان دەکرا. لە

ئاوەها کەش و هەوا و ئەتمۆسفێرێکی کۆمەڵایەتی، دینی و فەزایەکی ئاڵۆسکاودا؛ سەرقاڵبوون بە وتنەوەی چیرۆکی کۆن، عاشقانە و غەنایی کە بە چیرۆکی گاوران، ئاورپەرستان و لادینان نێو دەبرا دۆزێکی دژبەر و هەڵویستێکی ناتەبا و رووکردێکی پەسەند نەکراو و ناساز دەدرایە قەڵەم. بەڵام نێزامی بە پێچەوانەی ئاوەها فەزایەک، دەستی دایە نەریتشکێنی و شتی جیاواز وتنەوە، کە بتوانێت زاڵ ببێت بە سەر ئەم دابە کۆن و ڕزیوەدا. سروشتی بوو کە لە گلێرگەیەکی دواکەوتوو، لەرزۆک و پۆپۆلیستی ئەو مەودا زەمەنیەدا، شاعیر بەلایەنگری وتنەوەی ئەفسانەی(زەند، زەردەشت، پەریان و نەریتی کۆنی موغان و تەنانەت نائەخلاقی و دزێو) ... تۆمەتبار بکرێت. بەڵام هەرکات کە شیعرەکانی بۆ جەماوەر دەخوێندەوە، وەک شیعرەکانی «سۆفۆکلس» کە لە دادگای ئاتندا لە سەر نەیاران، دژبەران و ڕەخنەگران، کاردانەوەی باشی هەبوو و تەسدیقی هونەرەکەیان دەکرد، ئەوانیش سەری کوڕنش و هەستی ئەرێنییان بۆ هونەرەکەی نێزامی دا دەنەواند.

«کورد، دەیلەم، تورک و عەرەب لە چوار قوڕنەوە بۆ بەشداری بە قەولی خۆیان «جیهاد» خنرابوونە ئەم شارەوە. هەموو جۆرە ئاکار، سەلیقە و داب و نەریتی تەنانەت دزێو و سەرسووڕهێنەریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، هەندێکیان هەڵگری ڕق و کینەی دێرین لە هەمبەر یەکتر بوون. ڕێژەی کوردەکان لە چاو نەتەوەکانی دی، دەرکەوتی پتر بوو، تەنانەت لە دەسەڵاتی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا

ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو. بە وتەیەک لە سیاسەتوانی و ولایەتداریدا، هەموویان بۆ کورد پیازیان پاک دەکرد و لە ژێر سێبەری ئەواندا بوون. ئەران یانێ جێگای ئارياييەكان و كەسانێک زمانیان ئاريايی بوو، یانێ زۆرتر مەبەست کوردەکان و زمانی کۆنی ئازەری بوو - نە ترکی - کە خۆی لە حەوزەی زمانەوانیدا باسێکی تری جیاوازە[1].»

## مێژووی دەسەڵاتدارێتی کورد
## لە ئازەربایجان، ئەرمەنستان و ئەبخاز و...

نێزامی لە (هفت پیکر و شرفنامه) وێڕای تۆمارکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و جوغرافیایی ئاماژەی بە هەندێ چەمکی مێژوویی بە تایبەت مێژووی ئەسکەندەر کردووە. بە بۆچوونی ئەو لەو کاتەدا، ولایەتی (ئەبخاز، گەنجە، ئالان، ارگ و دەربەند) و... هەموویان سەر بە وڵاتی ئێران بوون. نێزامی دەڵێ: لە ویلایەتی ئەبخاز، کوردێکی بە رەچەڵەک مادی بە ناو (دەوال) ی، دەسەڵاتدار بووە و هەموو ئەرمەنستانیش لە ژێر سۆڵتەی ئەم سەرۆکەدا بووە و زۆریش ئازا، بوێر، هەڵکەوتە و رۆستەم ئاسا بووە:

**در ابخاز کُردیست مادی نژاد**

**که از رزم رستم نیارد به یاد**

**(دوالی) به نام آن سوار دلیر**

---

[1]- زرین کوب عبدالحسین، پیر گنجه در جستجوی ناکجاآباد، ص۸

**برآرد دوال از تن تندشیر**
**دلیران ارمن هواخواه او**
**کمر بسته بررسم و بر راه او...**[1]

له شەڕێکدا کە ئەسکەندەر لە گەڵ ڕووسەکاندا دەیکات، کوردەکانی ئەبخاز و ئەرمەنستان بە سەرکردەیی و فەرمانداریێتی و قارەمانێتی دەوالی باڵی دەستە ڕاستی لەشکری ئەسکەندەر دەبن. ئەگەریش ئەو کارەساتە لە زەمان ئەسکەندەردا ڕاست نەبووبێت بەڵام لە زەمان خودی شاعیردا رەنگە ئەفسانەی ڕووت نەبێ و بەڵکوو کاکڵێکی مێژوویی ببێت بۆ باس و ڕاڤەی باشتر کە دەکرێت بە وردی چاوی لێبکرێ. لەبارەی ئازایەتی و بوێریی دەوالی و کوردە بەشداربووەکان لەم شەڕەدا کە هێزی نەیار دەهێننە تەنگەتاو، ئاوا دەدوێت:

**ز پولادشان الماس تیغ**
**به خورشید روشن درآورد میغ**
**جداگانه از مرکب هر گروه**
**حێاری برآورد مانند کوه**
**دوالی و کُردان ایران زمین**
**سوی میمنه گرم کردند کین ...** [2]

---

[1] - شرفنامه، ٣٥/٧٠، بە نەقڵ لە کتێبی ئایینەی غەیب نێزامی گەنجەیی، ل ١١
[2] - شرفنامه، ٥٣/١٨)، هەمان سەرچاوەی پێشوو

بە وتەی نێزامی هەر لەم شەڕە دەسبەیەخە و تاک بەتاکەدا، کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەی سپای شاڵاوگەری ڕووس، قەراخانی، فەغفووری، خەزرانیەکان و... بەشەڕ هەڵدێن و لە ئاکامدا دوژمنان تێکدەشکێن و زۆربەیان دەکوژرێن و تووناوتوون دەکرێن:

**دگر ره یکی روسی گربه چشم**
**چوشیران به ابرو درآورده خشم**
**سلاح آزمایی درآموخته**
**بسی درع را پرده بردوخته...**
**به یک ضربتش جان زتن برکشید**
**به جل برقعش برقع اندرکشید**
**دگر روسیی بست برکین کمر**
**همان رفت با او که با آن دگر ...** [1]

«ساڵەکانی ٣٣٣ ی کۆچی مانگی، بردەع کە ناوەندی کۆنی ویلایەتی ئەران بوو لە لایەن دزە دەریایی و شاڵاوگەرەکانی ڕووسەوە کاول کرابوو و پێشتر لە ساڵی ٢٤٠ کۆچی شاری گەنجەیش لە نێوان ڕێگای بردەع ـ تفلیسدا بونیات نرابوویەوە. پاش ساڵانێک لە هەموو بوارێکدا، ڕێژەی، ڕسکان و پەرەسەندنی بە خۆیەوە دیتبوو. ماوەی ٢٥٥ ساڵ (٣٤٠ تا ٥٩٥ ک) ناوەندی دەسەڵاتدارێتی کورد ـ ڕەوادییەکان و ئەحمەد یەلیەکان و شەدادییەکان ـ دا بووە. لەم ماوەدا کە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەر

[1] - ثروتیان بهروز، آیینه غیب، ص١٢

گەنجەدا بوو، لە زۆر لایەنەوە گەشەی کردووە و حەشامەتی لە ڕێژەیەکی زۆردا بووە، تەنانەت کرابووە ناوەندێکی سەرسنووری بازەرگانی ...[1]».

مێژوو پێمان دەڵێت کە ماوەی دوو سەدە و نیو لە دەسەڵاتدارێتی کورد لە ئازەربایجانی ئێران و شۆرەوی پێشوودا تەنیا بە گەنجە قەتیس نەمابوویەوە، بەڵکوو سانەکوردەکان جگە لە گەنجە دەسەڵاتیان بە مل ئەرمەنستان، ئەبخاز، هەردەوێڵ (اردبیل) و مەراغەدا و ... دەشکایەوە، لەم مەودا زەمەنیەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی سیاسی و کەلتووریان هەبووە.

ڕەوادیەکان بە ڕەچەڵەک کورد بوون کە لە ناوینی سەدەی چوارەمدا «ئانی» ناوەندی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بووە و تەنانەت ئەم وڵاتەیان - واتە گەنجە - لکاندبووە سەر قەڵەمڕەوی ناوەندی خۆیانەوە. ئەم کوردانە بە پێی هەستیاری و هەڵوێستی خاڵی هاوبەندی ئایینی و دیانەتییەوە لە گەڵ سەلجوقیە تورکەکاندا هاویکارییان کردووە و دژ بە خاچ پەرەستەرۆمییەکان خەباتیا نواندووە. ناوی هەندێکیش لەم سانە کوردانە ئەمانەن:

محەممەد کوڕی شەداد (٣٤٠ ـ ٣٤٤ ک) ـ لەشکری کوڕی محەممەد (٣٦٠ ـ ٣٦٨ ک) ـ فەزلوون کوڕی محەممەد (٣٦٨ ـ ٣٧٥ ک) ـ مووسا کوڕی فەزلوون (٤٢٣ ـ ٤٢٧ک) و...

---

[1] - زرین کوب عبدالحسین، پیر گنجه در جستجوی ناکجاآباد، ص ٨

جگە لەمانە: مەنوچێهر کوڕی ئەبولسوار و کوڕەکانی فەزلوون و مەحموودی خۆش‌چێهر و کۆڕەکانی مەحمود کە تا ساڵەکانی ٥٩٥ ی کۆچی لە ئەرمەنستان بە ناو حکوومەتی شەدادیەوە، دەسەڵاتی سیاسیان هەبووە[١]».

جگە لە دەسەڵاتدارێتی کوردەکان لە (گەنجە و ئەران و ئەرمەنستان و بردەع) و... دا لە ئازەربایجانی ئێرانی ئەمڕۆدا، بە تایبەت لە مەراغە، حکوومەتیان کردووە. ئەم سانە کوردانە بە «ئەحمەدیەلیان» ناسراو بوون:

«ئەحمەدیەلیان بە ڕەچەڵەک کوردی ڕەوادین کە سەرلقی ئەم هۆزە» ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی وەهسوودانی ڕەوادییە». شاری مەراغە دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری ئەم هۆزە بووە کە سەرەتای ساڵی شەشی کۆچی دەسەڵاتیان بە مل ئازەربایجاندا شکاوەتەوە و تا سەردەمی (طغرل) درێژەی هەبووە.

پاش ئەحمەد یەل کوڕەکەی (ئاقسنقەر) کە لە لایەن سوڵتان مەحموود لە سانەسەلجووقییەکانی عێراق پلەیەکی باڵای هەبووە، حکوومەتی کردووە. پاش (ئاقسنقەر) کوڕەکەی (نیرالدین ارسلان آبە خاس بەگ) و پاشان (فلک الدین) و (علاءالدین) کۆرپە ئەڕسەلان لەم بنەماڵەدا ناسراو بوون و دەسەڵاتیان هەبووە. کۆرپە ئەڕسەلان لە سەردەمی (طغرل) دا دەسەڵاتی ئەوتۆی هەبووە و یەکێکیش بووە لە پێهەڵدان و پیاهەڵچنینەکانی (ممدوح) نێزامی

---

[١] - صفا د. ذبیح الله، تاریخ ادبیات ایران جلد٢، صص ٤٥ و٤٤

گەنجەیی[1]». بۆ زانیاری تەواوتر بڕوانن سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسە[2].

## نێزامی ئەکدەشیی خەڵوەت نشین

نێزامی لە دەڤەری ئەران لە شاری گەنجە لە ساڵی **٥٣٥** ی کۆچیدا لە لە بنەماڵەیەکی سەرناسی تۆکمە و خاوەندەسەڵاتی کورد لەدایک بووە. ناوی ئەلیاس بووە و بڕێکیش بە ئووەیس ناوی دەبەن بەڵام بێ گومان هەڵەیە، باوکیشی ناوی یۆسف بە رواڵەت ترک زمان و دایکیشی «ڕەییسەی کورد» بووە کە ئەمە دەگەیەنێ کە نێزامی دووڕەگە بووە (باوک ترک و دایک کورد) کە خۆی لە خەسرە و و شیریندا بە «ئەکدەش» پێناسە دەکات:

**نێزامی اکدشی خلوت نشین است**

**که نیمی سرکه نیمی انگبین است** [3]

(اکدش) یانێ دوورەگە، مرۆڤ یان گیانلەبەرێک کە لە دوو رەچەڵەک پێکهاتبێ. نێزامی خۆی دەڵێ: «نێزامی کە ئێستا تەنیا و گۆشەنشینە، دوو ڕەگە و دوو ڕەچەڵەکە؛ نیوێکی سرکەیە و نیوێکی تری هەنگوێن». بە پێی دەروونشیکاری شیعرەکانی، بەوا کە بە راشکاوی ناوی لە تورک نەهێناوە و تاریف و پیاهەڵدانی بۆ

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو

[2] - تاریخ شهریاران گمنام، ئەحمەدی کێسرەوی

[3] - ثروتیان بهروز، آیینه غیب، ص٢٢

نەکردوون ئەو دیوە سرکەئامێزە، لەتی باوکی بوە؛ واتە لایەنە ڕەچەڵەکە تورکەکەی. بەڵام بەوا کە لە شیعرەکانیدا بە شانازییەوە ناوی دایکی (ڕەییسەی کورد) دەبا و بە خاڵە عومەری کە بنەماڵەیەکی سەرناسی خاوەن دەسەڵاتی کورد بوون دەنازێت، ئەو دیوە هەنگوێنە، کەرتی بنەماڵەی پڕ شانازی دایکی بووبێ کە کورد بوون:

**گر مادر من رئیسەی کُرد**

**مادر صفتانە پیش من مرد**

**از لابە گری کە را کنم یاد**

**تا پیش من آورد بە فریاد**

**زان بیشترست کاس این درد**

**کان را بە هزار دم توان خورد**

**با این غم و رنج بی کنارە**

**داروی فرامُشیست چارە**

**ساقی پی بارگیم ریش است**

**می دە کە رە رحیل پیش است**

**آن می کە چو شور در سر آرد**

**از پای هزار پر در آرد ...** [1]

واتە: «ئەگەر ئاوا کە دایکم سەرۆکی کورد بوو، دایکانە لە لامدا ماڵاوایی کرد، ئیتر گریان و هاوار بۆ کێ بەرز بکەمەوە؛ کە بێ بە

[1] - ثروتیان بهروز، آیینه غیب، ص۲۲

هانامەوە، خەفەت لە ڕادەی خواردنەوە پترە و قووڵایی ئەم کۆستە لە باڵای ڕاستمان بەرزترە، جامی ژارئامێزی ئەم ژانە، تەنانەت بە هەزار هەناسە هەڵنالووشرێ؛ کەوابوو ئەی ساقی ئەو شەرابە پڕکە کە دەمانباتەوە ئاسمانەکان».

لەم شیعرانەدا خاڵێکی بەرچاو و بەرجەستە دەبینرێت، ئەویش کە لە ڕوانگەی جوانی ناسی و بەرجەستەگی و فۆڕێگراندینگی واژەدا، دەنگ ئاماژەی (ڕەییسەی کورد) لە سەروای شیعرەکەدا هێمایەکە بۆ دەلالەتی بەرجەستەکردنی ڕەچەڵەکی دایکی کە خاوەن دەسەڵاتدارێتی ئەوتۆ لە گەنجە و دەڤەرەکەدا بوون. بۆ ئەوەی دواتر دەسکاری شیعرەکەی نەکەن؛ نێزامی وشیارانە ڕەییسەی کوردی سەروا هێناوە بۆ زەقی و ڕاشکاوی و دڕدونگ نەبوونی پەیامەکەی.

بەوەی کە بە کورد بوونی خۆی شانازی کردووە و پاش مەرگی خاڵە عومەری کە وەک دایکی نە تەنیا کەسایەتییەکی بەرز، هونەرمەند و خاوەن بەهرە و چێژی هونەری هەبووە، بەڵکوو هاندەر و هەڵخڕێنەر و هاریکار و مایەی شانازی و هیوا بووە بۆ ئەو کە بە گوڕ و گڕێکی سۆزئامێزی تایبەتەوە، دەیلاوێنێتەوە و شینی بۆ دەگێڕی و نەبوونی ئەم کەسایەتییە لە بنامەڵەدا بە کۆستێکی گەورە و ژانێکی جەرگبڕ دەزانێ:

**گر خواجه عمر که خال من بود**

**خالی شدنش وبال من بود**

**از تلخ گواری نواله ام**

**درنای گلو شکست ناله ام**
**نحلی که به شهر خرمی کرد**
**آن شهد ز روی همدمی کرد**
**از شادی همرهان کشد مور**
**آن را که ازو فزون بود زور**
**می ترسم از این کبود زنجیر**
**کافغان کنم او شود گلوگیر**
**ساقی ز خُمِ شرابخانه**
**پیش آر میی چو ناردانه**
**آن می که محیط بخش کشتیست**
**همشیره ی شیره ی بهشتیست. ..** [1]

«دیاردەی کورد لە دەڤەرەکانی گەنجە و ئەران و تەنانەت ئەرمەنستان و گورجستان، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەو کاتانەدا نیشانەی دەستی باڵای دەسەڵاتدارێتی ئەشرافێتی کورد بووە کە چەشنێک باڵا دەستی توێژی کورد لەو وڵاتەدا دەژمێردرا. کوردەکان لە بردەع و تفلیسدا خاوەن حەیسییەتی کولتووری توکمەی بەرچاو بوون. لەم ساڵانەدا (٥١٥ ک) کە تفلیس کەوتبووە ژێر سەیتەرەی گورجییەکان، رێژەی حەشیمەتی کوردان بەرچاو بووە، تەنانەت خۆیان لە قەومی (عاد) ەوە دەبەستەوە. لە بردەعدا دەروازەی شار بە ناو کوردەوە ـ باب

---

[1] - ثروتیان بهروز، لیلی و مجنون، ١٣٦٣،

الاکراد ـ نێودێر کرا بوو. کە تا ساڵەکانی دواییدا، بازاری حەوتوو لەو شوێنەدا ساز دەکرا[1]».

## باری ئەدەبیی دەڤەرەکە

سەردەمی دەسەڵاتدارێتی کوردە شەدادییەکاندا، وێڕای ئاڵۆزی و ناتەبایی باری پارادۆکسیکاڵی دەڤەرەکە بە هۆی نیشتەجێ بوونی کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، گەنجە ناوەندێک دەژمێردرا بۆ گەشە و سەرهەڵدانی شیعر و ئەدەبی فارسی. شێوازی شیعری ئازەربایجان[2] لەم سەر و بەندەدا لە لایەن خاقانی و فەلەکی شیروانی و موجیری بیلەقانی لە ژێر سەنتەرێتی شرواندا، لە فراژوو بوون و ڕسکاندا بووە. ئەم قوتابخانە لە ژێر کاردانەوەی ئەبولعەلای گەنجەیی هەلایسابوو و بە دەمەتەقێی شاعیرانەی پوورخەتیبی گەنجەیی و مەهەستی گەنجەیی شاعیران و بێژەرانی دەرباری سانی سەنجەر، ئەم شارەی کردبووە لانکەی ڕسکانی فەرهەنگ، ئەدەب و شیعر کە لە خانەبەندی شێوازناسی شیعری فارسیدا، ناسراوە بە «شێوازی شیعری ئازەربایجان».

پاش ئەم سەروبەندە و لەژێر کاردانەوە و سێبەری ئاوا فەزایەکدا، ناوی نێزامی گەنجەویش دەکەوێتە سەر زارانەوە. وێڕای هەبوونی ئەو حەشیمەتە شاعیرە، هەر کەسێک و غەریبەیەک دێتە ئەم شارەوە

---

[1] - زرین کوب، عبدالحسین، پیر گنجه در جستجوی ناکجاآباد، ص١٥

[2] - سبک آذربایجان

و بۆ «ملک الشعرای» شار دەپرسێت، قامکی ئاماژە بۆ بنەماڵەی «ئەلیاس کوڕی یۆسف» درێژ دەکرێتەوە. نێزامی بە وتەی مێژوونووسان گوایێ لەم ساڵانەدا کونجی دوورە پارێزی بۆ خۆی دیاری کردبوو – لە ئەدەبی فارسیدا ناسراوە بە ئەدەبی سەر ئەژنۆ (زانو) واتە تێڕامان، موراقەبە و سلووکی ڕۆحی - بە قەولی زەڕین کووب «لەم سەروبەندەدا ئەگەرچی نێزامی تەمەنی هێشتا چل ساڵانە بوو بەڵام قورسی و هەیبەتی پیاوێکی توکمەی بە ساڵاچووی لە گوتار و کرداریدا بەخۆیەوە گرتبوو. لە ئاستی جوانی ناسی و ڕەوانبێژیی شیعریدا[1]، شێوازێکی بەرزی هەبووە کە کەس نەیدەتوانی لاسایی بکاتەوە. پێچەوانەی شاعیرانی سەردەم، تەنانەت لە قەسیدەوتنەوەدا کە دیاردەی شێوازی شیعری ئەو سەردەمە بوو، ستایش و پیاهەڵدانی بۆ دەسەڵاتدارانی نەدەکرد[2]».

## قورسایی زمانی دایک

لە سەر کورد بوونی دایکی و بنەماڵەی دایکی نێزامی، باسمان کرد و ڕوونکرایەوە کە بنەماڵەیەکی سەرناس و خاوەن ژیار و ژیانی ئەو سەردەمە بوون و تەنانەت دەسەڵاتدارێتی ناوچەکەیان بە دەستەوە بووە و ئەم ڕووکردە کۆمەڵایەتی - مێژووییە بەڵگەیەکی حاشا

[1] - ئیستەتیک و ڕیتۆریکی هونەری

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، پیر گنجە در جستجوی ناکجاآباد

هەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی چەشنێکی دەسەڵاتدارێتی ژن سالاری و مەدەنییەتی کورد لەو دەمانەدا کە مافی ئافرەتیان پاراستووە. سێبەری ئەم باڵادەستیەی ڕەییسە لەسەر هۆنراوەکانی نێزامیدا دیارە. زمانی شیعرەکانی ئەگەرچی بەرواڵەت فارسین بەڵام بە پەیلوا و بۆچوونی نووسەری ئەم دەقە لە دوو ڕوانگەوە لەم تێکستانەدا، کاریگەرییەکانی زمانی دایکی بە سەر کورد بوونی نێزامیدا دەچەسپێت:

**یەکەم**: هەڵوێستی نەستی و ناخۆئاگای کۆیی شاعیرانەی نێزامی، هاوتەریب لەگەڵ هێمای ناوەڕۆکی و واتایی کوردانە، بە زمانی فارسی. زمانی دایک بۆ نێزامی (زمانی توانشی) کوردی و زمانی فارسی زمانی فەرمی شیعرەکانی بووە، ئەم ناتەباییە لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ کە دیارە زمانێکی قورس، ئیستعاریکی، ئیستەتیکی و مەدرێسی بەکار هێناوە نە زمانێکی ئاسایی کە دیاردەی گوتاری - شەقامی خەڵکی پێوە دیار بێت. بەڵام ئەم پرسە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە کە ئایا نێزامی بە زمانی کوردی هونراوەی داناوە یان نا؟ ئەگەر نەیهۆنیوەتۆ، بۆ؟ لەواش کە کورد خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوون ؟ بەڵام ئەگەری وڵامی ئەم کێشە لە بەیتێکدا ئاوا بەیان دەکا:

**کاهن شمشیرم در سنگ بود**
**کوره ی آهنگریم تنگ بود**[1]

---

[1] - ثروتیان بهروز، مخزن الاسرار

«دەستەواژەی (آهن در سنگ) درکەیە(کنایە)، واتە کوتاندنی ئاسن لە بەرد، ڕەنگە هەر ئەوە بووبێت کە بە هەڵوێستی شاعیرانە و هێمای واتای ڕۆحی کوردانەوە دژوار و ئاستەنگ بووبێ، بە زمانی فارسی شیعر بڵێتەوە، کوتاندنی بەرد لە ئاسن درووسترە بۆ پەیامی درکەکە».

«بە پێچەوانەی قەترانی تەبریزی لە شیعرەکانیدا بە کێشەی زمانی فارسی بۆ خۆی کە ترک زمانە ئاماژە دەکات و ئەوە بوو بۆ ڕاستکردنەوەی داڕشتنی شیعرەکانی پەنا دەباتە ناسرخەسرەو.[1]» بەڵام نێزامی بە ڕاشکاوی بەم ڕووکردە ناتەبا و پارادۆکسیکاڵە، ئاماژەی نەکردووە و وەک هەر ئازەربایجانییەک کە بە زمانی فارسی دەری خوێندۆیەتی و لەگەڵ واتا و ڕمووزی ئەم ئەدەبدا ئاشنا بووە. مەبەست لە کێشەکە، ناشارەزایی لە زمانی فارسیدا بووە ـ نەک ئەدەبی فارسی ـ لەم دانووساندنە هونەرییەدا، بۆ زاڵ بوون بە مل زمانی فارسیدا، ئازاری ڕۆحی زۆری کێشاوە و پێویستی بە قامووس و کتێبخانە و ئامێری تری فێرکاری زمانی فارسی هەبووە[2]».

**دووەم:** هەندێ دەستەی واژەی کوردی لە (خەمسەدا) بە تایبەت لە لەیلێ و مەجنووندا و نموونەیان لە پاشکۆی ئەم وتارەدا پێشکەش دەکرێت.

---

[1] - بۆ زانیاری پتر بڕواننە سەفەرنامەی ناسرخەسرەو

[2] - ثروتیان بهروز، آیینە غیب نظامی گنجە ای

## نێزامی تاقانە چیرۆک بێژی لیریکای فارسی

پێش لە نێزامی ئەگەرچی چیرۆکبێژی هۆنراوە باوی هەبووە و شاعیرانێک وەکوو (ئەبولمۆئەیەدی بەلخی، بەختیاری، فێردەوسی، عەیووقی، عونسوری و فەخرەدین ئەسعەد گورگانی) و... لەم پانتاییەدا خاوەنی ئەزموون و شێوە و شێوازی تایبەتین، بەڵام خاڵێکی هەرە سەرەکی و شاز و بەرچاو کە نێزامی لە هێڵی هونەری و ئەدگار و شێوازی ئەوانیدی جیادەکاتەوە، دەسەڵاتی ئیستەتیکی و هۆنەری بە مل چیرۆکبێژیدایە بەچەشنی وردبینانە لە پانتای لیریکا و ژانێرە بەزمییەکاندا کە نە تەنیا ئەدگار و شێواز و ئوسلووبی خۆی جیا دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە سەرچەشنێک بۆ ئەزموونی شیعری چیرۆکبێژی پاش خۆی ئەویش لە حەوزەی حەزانە شیعری عاشقانە (Lovelyric) کە ڕەنگە دوای فەخرەدین ئەسعەدی گورگانی لە وەیس و ڕامیندا، یەکەم شاعیر بێت کە دیاردەی ئێرۆسیەت و دیمەنە هەوەسی و حەزئامێزەکانی تەغەزول و ئەوینی دەرەکی لە پانتای رۆمانە شیعردا باو کردووە بەڵام نە بەو خەسییەتەوە کە لە دیمەنە ڕاشکاوەکانی وەیس و ڕامیندا هەن...

لە سەدەی حەوت و سەدەکانی دواییدا، شاعیرانێک وەکوو (خاجووی کرمانی، ئەمیرخەسرەوی دێهلەوی، کاتبی تەرشیزی، جامی، هاتفی، مەکتەبی شیرازی، عورفی و وەحشی بافقی) و... لەسەر ڕێچکەی هونەری و هێڵی شێوازناسانەی نێزامی بەرهەمی

لیریک و بەزمی دەخوڵقێنن بەڵام هەر هەموویان لە جەغزی لاساییکردنەوە و ژاواندنەوی ئوسلووبی نێزامیدا قەتیس دەمێننەوە. ناشتوانن دەقی جیاوازتر لەم ژانێرە شیعرییەدا بخوڵقێنن. ئەم ڕووکردە هونەرییە ڕەنگە تەنیا ئەدگارێک بێ کە نێزامی بە خۆیەوە دەبینێ و سەرمەشق و سەرچەشنێک بن بۆ نەوەی پاش خۆی و تەنانەت ئەدەبی دەستەبژێری بەزمی جیهانی. هەر ئەم خاڵە تایبەتییە بووە هۆی ئەوەی نێزامی لە پانتایی شیعری لیریکا و بەزمیدا بەشێوەی هۆنراوەی درێژ، لە ئەدەبی جیهانیدا خاوەن پەنجە و جێگا و شوێن بمێنێتەوە و دەقەکانی ڕاڤە و ناسکاری بکرێن و وەک دەقەکانی خانای قوبادی بۆ کوردی هەورامی وەربگێڕدرێنەتە سەر زۆربەی زمانەزیندووەکان. تەنانەت لە لایەن سینماکارانی جیهانییەوە، سناریۆ و فیلمنامەیان لەسەر بنووسرێت و دەراوێک بۆ ئەدەبی فارسی بکاتەوە بە ناو ئەدەبی دراماتیک[١].

بێ گومان ئەگەر نێزامی توانیویەتی بە چەشنێکی زیندوو و بزاوتوو چەمکی عەشق بۆ خوێنەران، ئاوا نیشان بدات ئەم کارە سەرگرتەیە لە تێکەڵی و ئاوێتەیی هارمۆنیای فۆرم و واتا. تاقانە شاعیرێکە کە لەم ئەدگارە هونەرییەدا توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. عەشقێک کە نێزامی نواندوویە ئەگەرچی رووکردێکی گشتییە بۆ هەمووان، ڕەنگە هەرکەس بە چەشنێک چێژی ئەوینی چەشکە کردبێت بەڵام کە بە دیمەنەعەشقامێزەکانی ئەو (لە لەیلێ و مەجنوون و خەسرەو و

[١] - ئەدەبی نواندوویی

شیرین) دا ڕۆدەچین و لێکیان تێڕادەمێنین بۆمان دەردەکەوێت کە دەڵێی هەوەڵجارە کە ئاوا دەرکەوتێتی هەستیاری عەشق بەو خاوێنیەوە دەبینین و چەشکەی دەکەین. تەبایی و هارمۆنیای فۆرم و واتا ڕووکردێکی دەسەڵاتی هونەری نێزامییە کە کاردانەوەی جادووانەی خۆی بۆ هەمیشە لە سەر دڵان و مێشکانی ئاخێوەرانی حەزانە شیعرەوە دادەنێت و هەتا هەتایی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لە پانتایی هۆنینەوەی هونەری چیرۆکبێژی و ڕۆمانە شیعریدا، نێزامی گەنجەیی بووە داهێنەر و خولقێنەری زمانی تایبەتی و چەشنی دەربڕینی تایبەت بە خۆی لە پانتایی غەنا و ئێرۆس و لیریکادا.

**نموونەی واژە و دەستەواژەی زمانی دایکیی و ڕاڤەکردنیان:**

بە وتەی د. سەروەتیان: ئەگەر وشە کوردییەکان لە بەرهەمەکانی نێزامی کۆ بکرێنەوە و لە ڕوانگەی ئیتیمۆلۆژی و مێژووی زمان و زاراوە ناسییەوە لێک بدرێنەوە؛ تەنانەت هۆز و تیرەی دایکیی شاعیر، ڕوون دەبێتەوە[1]. لێرەدا تەنیا بۆ بەدەستەوەدانی نموونە ئاماژە دەدرێتە چەندین وشەی کوردی کە لە ناواخن لەیلێ و مەجنوونی نێزامیدا خەملێنراون:

**گلالەکان:**

گلالە، هەمان گلارە، گلێنە، گلێرە و بیلبیلەی چاوە، هەندێ لەکوردەکانی ئازەربایجان، گلارەی پێدەڵێن. گلالە بەپێی جێگۆڕکێ فۆنۆلۆژی (ل) بووەتە (ر). (کان) یش ئەمڕازی کۆیە کە ئێستایش

[1] - ثروتیان بهروز، آیینه غیب نظامی گنجه ای، ل ٣٠

مۆرفێمێکی ئەکتیوی کوردییە، پاشگرە بۆکۆکردنەوە و واتاسازی ناوی تاک. چاوەکان، کۆڕەکان، کچەکان و...

گوهر به گلالە*کان* بر افشاند

وز گوهر*کان* شه سخن راند[1]

گەوهەر (خوازەیە بۆفرمێسک)ی لە گلێنەی چاوان دەپژاند. واتە دەستی کرد بە گریان و باسی لە کوڕەکەی شا کرد. گەوهەری دووەمیش مەبەست کوڕەکەی شای ئەختانە.

**گلالەدار:** گوڵاڵە، لە هەورامیدا (ل) گۆڕدراوە بە (ر) گۆراڵێ. لە زمانی فارسیدا ئاوا دەستەواژەیەکمان نیە کە پێکهاتبێ لە: گوڵ + اله بەڵکوو لێکدراوێکی ڕووتی کوردییە.

باغ ار چه گل و گلاله داراست

از عکس رخت نواله خوارست[2]

**گلالە:** گوڵاڵە، لێرەدا خوازەیە بۆ بسک و زوڵف

چون دید که دیلم است خاموش

کردش ز گلاله گوردین پوش[3]

**گلاله تاک:** (زلف تاک) ـ خوازەیە بۆ گەڵامێو

بر فرق چمن گلاله ی تاک

پیچیده شود چو مار چحاک[1]

---

[1] - سەروەتیان بێهرووز، لیلی و مجنون، بند ٨، بیت٣، ص٦٣

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٥

(درکەیە بۆ گەڵا پێچراوە و وشک بووەکانی لقە مێو)

**مانده شدن:** ماندوو بوون، شەکەت بوون، مانیای هەورامی، خەسە بوون.

چو مانده شد از عذاب و اندوه
سجاده برون فکند از انبوه[۲]

**ناوک:** ناوکی سۆرانی، نەهەی هەورامی، ناف، کونی تیر، جۆرێ تیرە کە کونێکی ئاسنین وا لە ناوەڕاستیا.

با قد کمان این جهانگیر
در مجری ناوک افتد آن تیر[۳]

**دل دادن در** ...: دڵ دان لە پێناو... تەعبیرێکی درکەئامێزی کوردییە:

چۆن دڵت دێ ... لەم دێڕەدا دەڵێ: چۆن دڵت دێ بەناحەق خوێنی ئەو دوو سە بێگوناحە برێژی.

دل چون دهدت که بر ستیزی
خون دو سه بیگنه بریزی[٤]

**شوی کردن:** شوو کردن، شووکەردەی هەورامی، مێردکردن

غمخواره ی او غمی دگر یافت

---

[۱] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **۳۲۳**

[۲] - - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **۱۰۳**

[۳] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **۵۷**

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤

کز کردن شوی او خبر یافت[1]

**بگری:** هەرمانی ئەمرکردنی دووەم کەسی تاک، بگری (سۆرانی)، بگرەوە (هەورامی)

افتاد پدر از کار، بگری

بگری بە سزا و زار بگری[2]

**گیا:** گیاه، گیای کوردی

این قوم گیای آن کیانند

بر جای کیان نگر کیانند[3]

**کلیچە:** کولیچە، کولیچێ هورامی

آورد سبک گعام در پیش

بریان و کلیچە از عدد بیش[4]

**دیار:** دیدار، دیار، لێرەدا مەبەست ئەو تەعبیرەکوردیەیە کە: دەڵێن دیارت نیە! یانێ بۆ دیتنی زۆر تامەزرۆ بووم.

رنجور تنست یا تنومند

هستم بە دیارش آرزومند[5]

چون راه دیار دوست بستند

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨

[5] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢

بر جوی بریده پل شکستند[1]
مەولەوی لەم بارەوە دەڵێ:
دڵ دیار نیەن های نه کەردەبۆ
وه خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ[2]
**سرین:** سەرینی سۆرانی، سەرنگای هەورامی، بالشت
گه ریخت سرشک بر سرینش
گه دیده نهاد بر جبینش[3]
**سیماب سرین:** خوازەیه بۆ سەری ڕازاوه و کڵاوزەڕدار، لێرەدا ڕەنگه مەبەستی ئافرەتی کڵاوزەڕدار بێت.
شمشاد نسیم و ارغوان خد
سیماب سرین و خیزران قد[4]
**بوری:** مەبەست ئەسپ یان هێسری مەیلەو سوور یان کاڵە، هەسەره بۆرێ(هورامی)، هێسره بۆرێ(سۆرانی) یان ئەسپی بۆر
بوری به هزار زور می راند
بیتی به هزار درد می خواند[5]

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧
[2] - مودەڕێس مەلا عەبدولکەریم، دیوانی مەولەوی، ل ٢٣٦
[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو لەیلی و مجنون، ل ٣٢٨
[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥
[5] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١

**شیخانە:** نسبەت بە شێخ، وەک شێخ، ئاکاری شێخانە، گۆرانی شێخانە

بر نجد شدی ز تیز وجدی

شیخانه و نه شیخ نجدی[1]

**شیوه / شیون:** وەکوو / گریان، زاری

بر شوی ز شعری که خواندی

در شیوەی دوست نکته راندی[2]

**خال:** خاڵ، خاڵۆ، لال، لالۆ، لاله

گر خواجه عمر که خال من بود

خالی شدنش وبال من بود[3]

نموونە لە هەڵبژاردەی مخزن الاسرار دکتر بهروز ثروتیان، انتشارات توس، ۱۳۷۲

**زنگله:** زنگوله، زەنگ، زەنگڵەی هەورامی

طفل شب آهخت چو بردایه دست

زنگله ی روز فراپاش بست[4]

(کاتێ کە شەو وەک زارۆیەک دەستی ئەهاوێ بۆ دایکی، دایکیشی - بۆ سەرقاڵکردنی - هەتاو وەک زەنگڵەیەک بە پایەوە دەبەستێ.)

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۱٤۱

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۰۰

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ۷۵

[4] - سەروەتیان بێهرووز، مخزن الاسرار، ل ۷۷

**پله:** پەلە، کەل و پەل، شتوومەکی پیرەژن، پارە و سەرمایەی کەم، بسک و گیسو، بەشی دووەمی جۆرێ ئەتباعە، وەک دەڵێن: شڕە و پڕە، چیز میز، قرت و فرت مێتافۆڕە بۆ شتی زۆر گچک و بێ بایەخ.

بر پله ی پیره زنان ره مزن

دست بدار از پله ی پیرزن[1]

**سرسری:** سەرسەری، سەتحی، سەرچڵ، بێ بیرکردنەوە، وازوازی

چونکه نسخته سخن سرسری

هست برگوهریان گوهری[2]

**پارینه:** پار، پارەکە: ساڵی رابردوو

نوردل و روشنی سینه کو؟

راحت و آسایش پارینه کو؟[3]

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، مەخزەن...، ل ١٤٦

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، مەخزەن...، ل ٦٣

[3] - - هەمان سەرچاوەی پێشوو، مەخزەن...، ل ٧٥

**سەرچاوەکان:**


١. ثروتیان بهروز. (١٣٦٣). بهروز، لیلی و مجنون. تهران: انتشارات توس.
٢. ثروتیان بهروز. (١٣٦٩).آیینه غیب نظامی گنجه ای. تهران: موسسه نشر کلمه
٤. ثروتیان بهروز. (١٣٧٢). گزیدەی مخزن الاسرار. تهران: انتشارات توس
٣. زرین کوب عبدالحسین. (١٣٧٢). پیر گنجه در جستجوی ناکجاآباد. تهران: چاپ مهارت
٦. صفا د. ذبیح الله. (١٣٦٦،). تاریخ ادبیات ایران جلد٢. تهران: انتشارات فردوس
٨. کسروی احمد. (١٣٠٨). تاریخ شهریاران گمنام. ج٣
٩. مدرس عەبدولکەریم. دیوانی مەولەوی تاوە گۆزی.
١٠. آیتی عبدالحمید. (١٣٦٣). داستان خسرو و شیرین. تهران: سخن پارسی (٨)
١١. یوسفی د. غلامحسین. (١٣٦٧). چشمه ی روشن. تهران: انتشارات علمی
١٢. هەژار مۆکریانی. (١٣٦٩). هەنبانه بۆرینەی. تاران: سروش
١٣. زرین کوب د. غلامحسین. (٢٥٣٥). باکاروان حله١ تهران: انتشارات جاویدان

## مەستوورەی ئەردەڵانی و
## هێژمۆنیی ئەدەبی دەسەڵات

سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەرانسە لە سەدەی هەژدەی زایینی و کارەساتگەلێکی تریش وەک سەرهەڵدانی (ناپلئۆن) و بزاڤی هەمەلایەنەی شەقامی؛ هزری پێشکەوتنخوازی و گەشەی پیشە و زانست، ڕێگای بۆ بیری ناسیۆنالیزم و هاتنە کایەی دەوڵەت- نەتەوە، سەرانسەر جوگرافیای ئوورووپای گرتبوویەوە، کەچی مخابن هێشتا ئەم شەپۆلە پڕ تەوژمە نەیتوانیبوو رۆحی خەمۆکی ئێرانییەکان ـ چ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و چ دەسەڵاتدارێتی وەخت ـ لە خەوی چەندین ساڵەی ئێرانی خەمۆک و ئاڵۆسکاودا راچەنێ و بیانهەژێنێت. هەروا دیاردەی گەندەڵکاریی سیاسی، پۆپۆلیزمخوازی و کوێلەتی لە رۆح و هەناوی تاک و کۆمەڵدا بەردەوام دەبوو. لەم سەروبەندەدا کاردانەوەی ناڕاستەوخۆی شەڕەکانی دەوڵەتی ڕووسییە و هاتووچووی سەربازێتی و تێهەڵکێشی ئەم ئیشە سەربازیان ، بوو بە ختووکەدەری عەباس میرزا ـ کوڕی فەتەلی شا ـ وەک پاڵنەر و هەڵخرێنەر لەگەڵ وڵاتانی ئوورووپادا پێوەندیی سەربازی بەرقەرار بکات و داوای شتوومەکی نوێی تەکنیکی، پێشەیی و لەشکری لەو وڵاتانە بکات. واتە ویستی لە پێکهاتەی لەشکری و سوپاییدا

مۆدیڕنیزاسیۆن بەدی بهێنێت. دەسپێکی ئەم کارە نوێخوازییەش سەرەتا لە ئازەربایجانەوە دەستیپێکرد و بوو بە هۆی نزیکایەتی لەگەڵ ڕووسییە و دەوڵەتی عوسمانی و پاشان چوونە نێو دەروازەی ئوروووپاوە.

هاوکات لە گەڵ ئەم ڕێفۆرمە سەربازی و پیشەییەدا، بزاڤی هزری و فەرهەنگی و ئەدەبیش دەست پێکرد. چاپخانە درووست بوو و لەم پڕۆسە مۆدێڕنیزاسیۆنەدا، چەندەها کتێب و رۆژنامە نووسران یان وەردەگێڕدرایەوە و هاتنە نێو گۆڕەپانی ڤەشاندن و چالاکیی ڕووناکبیرییەوە. نوخبەگەلێک وەک میرزا عیسای قایم مەقام و ئەبولقاسمی قایم مەقام و میرزا تەقی خانی فەراهانی و ئەمیر کەبیر، دەبن بە پێشاهەنگی چاک سازی و چاکسازی لە دەراوی سیاسەت، هزری، دیوانی و ئیداریدا. ئەم گۆرانکارییە ئەگەرچی زۆر بە ئارام و لە سەرخۆ و درێژخایەن بوو و گیان بەخت کردنی هەندێ لەم گەورەپیاوانەی لێکەوتەوە، بەڵام توانی شارێگە هەموار دەکات بۆ شۆڕشی مەشرووتە و سەقامگیر کردنی ئۆخژنی ئازادی و بەرابەری و دەستەبەرکردنی هەندێ لە مافە مرۆییەکان لە ئێراندا. لە سەردەمی سەفەوییە بە هۆی ڕووکردی ڕادەبەدەریی ئایینی و هەوڵی بەرینتر کردنی جوگرافیای دەسەڵاتی توتالیتاریزمی مەزهەب و ئوتوریتەی سیاسی و دژبەری لەگەڵ عوسمانیدا، زەمینەی ڕسکانی شیعر و شاعیری ڕوو لە کزی و لاوازی دەنێت، بۆیە لەم سەردەمەی ئێراندا شاعیری داهێنەر و هەڵکەوتوومان نابێت کە بتوانێت لەگەڵ

شاعیرانی ڕابردووی «شێوازی خۆراسانی و عێراقی»دا بەرامبەرکێ بکات. ئەگەریش بە دەگمەن هەبووبێت تەنیا لە بواری شینگێڕی، چەمەری، پیاهەڵدان و مەنقەبەی مەزهەبی بووە بۆ ئیمامانی شێعە و کارەساتی کەربەلا. ئەم فەترە ئەدەبییە و ئەم بێدەرەتانییە لە شیعردا، وا دەکات کە ناوەندی شیعری دەرباری لە گەشەی جاران بکەوێت و ئەوانەیش چێژی و بەهرەی شاعیرانەیان هەبووە رێگای کۆچبەری وڵاتانی هێند و عوسمانی دەگرنە بەر و شیعریش لە ئاسانەی ئەمیران، سانەکان و پاشاکان دەگوێزرێتەوە بۆ ڕەهەندەکانیتری کۆمەڵگا. بەم چەشنە لە هەندەران بزاڤێکی ئەدەبی بە ناو *«شێوازی هێندی»* لە دایک دەبێ . ئەم شێوازە شیعرییە هەم لە فۆڕم و هەم لە ناوەڕۆکدا، لە بری گۆڕانکاری و نوێخوازی، تووشی سستی، قەیران و چەواشەگەری زمانی لە فۆرم و ناوەرۆکدا دەبێت. شیعر لە خسڵەتەکانی هونەری دوور دەکەوێتەوە و لە نێو مەنجەڵاوی ڕووتی خەیاڵبەندی و مەزموون کاریی دوور لە زەین و قەتیس دەمێنێتەوە. بە واتا شیعر لە شان و شکۆی زمانی جاران دەکەوێت. بۆیە دەستەی ئەنجۆمەنی ئێسفەهان لەم سەروبەندەدا لە هەمبەر ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ئاڵۆسکاوەدا، بەرهەڵستکاری دەکەن و ئاکامی دەبێتە هۆی لەدایک بوونی ڕەوتێکی تری شیعری بە ناو *«بادانەوەی ئەدەبی»*[1] .

ئەنجومەنی ئەدەبی *«نشاط»* کە پێکهاتبوو لە شاعیرانێک وەکوو نێشاتی ئەسفەهانی، هاتف، موشتاق، شوعلە، لوتفەلی خانی

---

[1] - بازگشت ادبی

ئازەربیگدلی و فەتەلی خانی سەبا و ... پێیان وابوو تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە شیعرییەدا؛ بادانەوەیە[1] بۆ ئوسلووبی خۆراسانی سەدەی چوار و شێوازی عەراقی (سەدەی حەوت و هەشتی کۆچی مانگی).
لە قەسیدە و مەسنەویدا ناسر خەسرەو و فیردەوسی و ... لە غەزەڵدا، سەعدی، مەولەوی و حافز، دەبن بە سەرنموونیی ئەدەبی و پێیان وا دەبێت بەم گەڕانەوە دووبارە شکۆ و هەیمەنەی پێکهاتەی زمانی شیعری فارسی زیندوو و ئێحیا دەکرێتەوە.

## مەستوورە و
## بادانەوە بۆ ژێرخانی شێوازی شیعریی حافزی شیرازی

حافزی شیرازی(٧٢٧- ٧٩٢ ک/ ١٣١٥- ١٣٩٠ز) غەزەڵ بێژی ڕێندی سەدەی هەشتی کۆچی مانگی و چواردەی زایینی و ماە شەرەف خانم نازناوی مەستوورە(١٢٦٤-١٢٢٠ک.م/ ١٨٠٥- ١٨٤٨ ز) شاعیر و یەکەمین ئافرەتی مێژوونووسی ئێران و جیهان، سەدەی سێزدەی کۆچی مانگی و نۆزدەی زایینیە. بێ گومان ئەم دوو شاعیرە لە حەیسی زەمانییەوە دوورن و لە بوواری زمانی ئەدەبی و پێکهاتەی فۆرمەوە، هەم هاو ڕێباز و هەمتر جیاواز دەنوێندرێن. بەراوردکاریی

[1] - بازگشت

نیشانەناسیی ئەم دوو دەقە، وێنای ئەم دوو ڕێبردەیە کە باسی دەکەین:

(١)

بی تو از تن و از دل تاب
رفته ای بی وفا مرا دریاب
بهر تفریح جان زمهر ده
ساقیا جرعه ای ز باده ناب
زان که داروی درد ناسورم
نیست جز از کف تو جام شراب
بر سر کشته ات ز روی وفا
ای بت سنگدل دمی بشتاب
آه و افسوس کز غم جانان
سوی شیب آمدم به عهد شباب
بر رخم بسته شد در امید
«افتح یا مفتح الابواب»
هست «مستوره» چون زر قارون
شهره و نیست در جهانِ خراب[١]

..........

(٢)

---

[١] - سەفی زادە سدێق، دیوانی مەستوورەی کوردستانی، ل ٢٤

می دمد صبح و کله بسته سحاب
الصبوح الصبوح یا اصحاب
می چکد ژاله بر رخ لاله
المدام المدام یا احباب
می وزد از چمن نسیم بهشت
هان بنوشید دم به دم می ناب
تخت زمرد زده ست گل به چمن
راح چون لعل آتشین دریاب
این چنین موسمی عجب باشد
که ببندند میکده به شتاب
در میخانه بسته اند دگر
«افتتح یا مفتح الابواب»
لب و دندانت را حقوق نمک
هست بر جان و سینه های کباب
بر رخ ساقی پری پیکر
همچون حافظ بنوش باده ناب[1]

[1] - بەختیاری پژمان، دیوانی حافز، ل ١٣

## وێنای دوو بۆتیقای جیاوازی نیشانەیی
## لە سەرخانی ئەو دوو غەزەڵدا:

ئەوەی دەبێتە هۆی ئەکتیوێتیی ئەرکی شاعیر لە کۆمەڵگەدا شتێکە کە لە ئاستی زمانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ بەردەنگ و سەرەنجام لەم پێوەندییە دوو لایەنەدا، دیاردەیەکی هونەری - زمانی بە ناو دەلالەتی واتا دەوروژێت. فۆرمخوازەکانی چێک و ڕووس وەک موکرافسکی، هاوارنێک و ئێشکۆلۆفسکی ـ دوو ئەرک و هەڵوێست بۆ زمان دیاری دەکەن و ڕەوتی ئەم دوو کارکردە لە یەک جیا دەکەنەوە:

ئەلف) کارکردی خودکاری زمان (Automatication)

ب) کارکردی بەرجەستەکاری ( Foregrounding)

پێیانوایە پرۆسەی خودکاری یا ئاسایی زمان کاربردەکەی تەنیا بۆ ڕەوەندی وتاریی ئاخێوەرانە. بەڵام بەرجەستەکاری ڕەوەندێکی نائاساییە و بۆ ترازکردنی شیعر و ڕێساگوریزی لە پێکهاتەی زمانی ئاسایی و تێکدانی ڕۆخسار و قامووسی توخمەکان و نیشانەکان بەکار دەبرێت[١]. یەکێک لەو تکنیکانەی کە دەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی زمانی ئاسایی و دووبارە بونیاتنانەوەی ئێستاتیکی شیعر؛ مۆسیقایە و ئەویش بەو پێناسە و ڕووکردە هونەرییەوە کە فۆڕمخوازەکان بۆ شیعری دەکەن. مۆسیقای شیعر بە کۆی جۆرەکان و چەشنەکانییەوە و کارکردی هەرکام بۆ هەستانەوەی بارگەی دەلالەتیی شیعر ئەمانەن:

---

[١] - فرهنگ و توسعه. ژ. ٣٧-٣٨، ل ٣٥

ئەلف) مۆسیقای دەرەکی (کێش)
ب) مۆسیقای قراخی (زایەڵەی سەروا و ... )
ج) مۆسیقای دەروونی و مەعنەوی و ...

**ئەلف:** مۆسیقای دەرەکی (کێش) هەر دوو غەزەڵەکە لە سەر دەریای خەفیف ( فاعلاتن، مفاعلن، فعلن) کێشانە کراون کە کێشێکی ڕووباری، مەند و ئارامە و بۆ دەربڕینی چەمکگەلی هەستیارانەی عەشق و عیرفان و ...شیاوە. ئەم کێشە لە سرووشتی ئاسایی زمانەوە زۆر نزیکە و  بە ئاسانی دەتوانرێت گێڕانەوە و گۆی پێ بکرێت . سوهراب سپێهری شیعری *موسافر* و فرووغی فەڕۆخزاد، شیعری *ایمان باوریم به آغاز فصل سرد* یان لە سەر ئەم کێشە داناوە.

**ب:** مۆسیقای قراخی (کناری) یا زایەڵەی قافییە هەردوو غەزەڵەکە یەکسانە و مەستوورە لە حافز کاریگەری وەرگرتووە و لە زۆربەی بوار زمانی و ئەدەبیدا لەم غەزەڵە پێڕەوی کردووە. شیعرەکە ڕەدیفی نییە و دەنگە کێشراوەی بڕگەی سەروای «AB» لە وشە قافیەکاندا، توانیویە تا ڕادەیەک بۆشایی رەدیف پڕ بکاتەوە .

**ج:** مۆسیقای ناوەکی (دەروونی) : غەزەڵەکەی مەستوورە لە چاو غەزەڵەکەی حافز و بە کارهێنانی دەنگتەوەری، سەجع و جیناسدا لاوازترە و کۆمپۆزیسیۆنی دەنگەکان و هارمۆنیای واتاکان لە بارگەی دەلالەتیی مۆسیقای شیعرەکەدا، لە چاو ڕێژەی چڕی هێشوەدەنگەکانی حافز، سەرکەوتوو نەبووە. حافز لە هەر دێڕێکدا ویستبێتی بۆشایی مۆسیقایی لەگەڵ پەیامەکەیدا هاوتەریب بکات،

بزوێنە دەنگدارەکان و وشەکان بۆ بەرجەستە کاری دەلالەتی مۆسیقایی دووپات و چەن پات کراونەتەوە و زایەڵەی شیعرەکەی لە مۆسیقای ناوەکیدا بەرز کردوەتەوە. ڕادەی دەنگتەوەری بزوێنی درێژی (A) لەم بەیتەدا:

می چکد ژاله بر رخ لاله

المدام المدام یا احباب

**د:** ریژەی واژە و دەستە واژەی عەرەبی لە هەردوو غەزەڵەکەدا بەرچاو دەکەوێت. تەنانەت دوو پات بوونەوەی دێڕی عەرەبی (افتتح یا مفتح الابواب) لە هەر دوو غەزەڵەکەدا: سحاب ، الصبوح ، اصحاب ، المدام ، احباب ، راح و ... واژەی عەرەبی ڕووتن بەڵام ژمارەی توخمە عەرەبییەکانی غەزەڵەکەی مەستوورە لە چاو غەزەڵەکەی حافز ڕێژەی کەمترە.

**ە:** غەزەڵە لیریکیاکانی حافز بەتێکڕا، تێهەڵکێشێکە لە چەمکی عاشقانە (Love Lyric) و عارفانە بە زمانێکی ڕێندانەی لۆمەئامێز[1] و

[1] - بە بڕوای زۆربەی ڕەخنەوانانی شیعر حافز قەلەندەر و مەلامەتی بووە و لە لۆمە و توانجی هیچ لایەنێکیش نەترساوە و پارێزیشی نەکردووە لە ڕەخنە گرتن و لۆمەکردنی ڕیا و ڕیاکاری سەردەمی خۆی بە تایبەت لە شێخ و سۆفی نوماکانی دووکانی زەڕ و زۆر و هەر وەها لە درۆ و دەلەسە و لووت بەرزی دینداره بێ کردارەکان:

- وفا کنیم و ملامت کشیم و خوش باشیم

که در طریقت ما کافریست رنجیدن (خرمشاهی بهاالدین، حافظ نامه، ج ۲، ل ۱۰۹۰)

ئایرۆنیخواز. بە گشتی پاڵەوان و ماشۆقەکەی غەزەڵەکانی حافز کەسێتی بەرز و ئوستوورەیین؛ هەم ناسووتی و هەمیش لاهووتی. پەیتا پەیتا لە چەمەنی خۆشی و ڕابواردندا، بە یادی ڕۆخساری پەری پەیکەری ساقی مەی ناب دەنۆشێ و هەمیش تەئویلی ڕووکردی مەلەکووتیان لێوە دەکرێت.

ڕووکردی مەستووره هەمان چاولێکردنی ڕوانگەی حافزە، بەڵام بە شێوەی نزم و نا ئیستەتیکی و بەدواداچوونی لێکچووی ئەم هەناسە لە دەلالەتی فۆڕم و مانادا بە زەقی هەستی پێدەکرێت . لەم غەزەڵەدا حافز زۆرتر وێنەیەک و تابلۆیەکی دەرەکی نواندووە بۆ ڕابواردن و خۆش باشی و شەقڵێک لە دنیای ناسووتیی خەییامی، کە تایبەتمەندی حافزە و تارۆزێک و تەنزێکی شارراوە و تەوسئامێزە بۆ پشت هەڵکردن لە دیاردەکانی دنیای پڕ لە ڕووی و ڕیای کە حافز بێ پەروا لەم ڕێبازەدا، خەباتی نواندووە و خۆی لە هەمبەر هەموو داب و نەریتێکی ڕزیو و سواودا جیا کردۆتەوە.

کەچی کۆتایی شیعرەکەی مەستووره باس لە هەستی تاکی و غوربەتی ڕۆحیی خۆی لەم دنیا ناسووتەدا، دەکات . دەڵێ: مەستووره وەک زێڕی قاروون ناسراوە و بەرچاوە، بەڵام، ڕۆحی نامۆی دەربەندی ئەم دنیا پووک و مادییە نییە. کەچی حافز

---

- عاشق چه کند گر نکشد بار ملامت

با هیچ دلاور سپر تیر قضا نیست... (خرمشاهی بهاالدین، حافظ نامه، ج ١، ل ٣٦١)

لەکۆتاییدا بە یادی ڕۆخساری پەری پەیکەری ساقی مەی دەخواتەوە و چش لە هەموو دیاردەی چرکەئاسای دنیای ئۆبژێکت (دەرەک) دەکات. ئەمەیە جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە: دژکاری نێوان دوو وێستگەی هزری، یەکیان قووڵ و بەرین و ئەویدی پووک و بێ بنەما.

**و:** کله بستن سحاب( کەسێتی بەخشین بە هەور و دەوار هەڵدانی لە ئاسمان)، رخ لاله ( ڕۆخساری لالە، لالە وەک مرۆڤێک کە ڕۆخساری هەیە)، زدن تخت زمرد به چمن گل( خوازە و کەسێتی بەخشین بە گوڵ وەک سوڵتانێک کە تەختی زومورڕودی هەبێ) ، ژالە، *حقوق نمک بر لب و دندان*( پێوەستنی ماف بۆ لێو و دیان کە خسڵەتێکی مرۆیین) و ... ڕادەی وێستگەی خوازە و کایەی زمانی حافزە لەم غەزەلەدا.

پێشتر ئاماژە درا بەوەی کە زۆربەی تێکستەکانی مەستوورە ، هۆنراوەی عەرووزین و ڕیتم و هارمۆنیای شیعریان کەمتر لێوە بەدی دەکرێت. تەنیا فاکت بۆ دوورخستنەوەیان لە زمانی ئاسایی و ئوتوماتیکی، دیاردەی عەرووزە و کاربردی رێساخستنەسەری (قاعدە افزایی) کێش و سەروا و هەندێ رێسای مۆسیقاییتر و گەیشتەن بە «کێشانە»[1]. لەم غەزەڵەدا، ئەگەرچی لەو غەزەڵەی حافزە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لاسایی کردوەتەوە بەڵام لەم ڕووکردەدا، هەڵگری پرۆسەی جەمسەری خوازە نییە، واتە وێنەکان هونەری نین.

[1] - توازن

بەڵام کۆپی مۆسیقای دەرەکی و قراخی غەزەڵەکەی حافزە. تەنیا وێنەی بەرچاو لەم غەزەلەدا، بۆ رێسا گورێزی لە لۆژیکی زمانی ئاسایی (شیب، پیری و شباب، لاوی) دژکاری وێنە و لێکچواندنە (شوبهاندنی خۆی بە زێڕی قاروون ) ...

**ز:** لە ڕوانگەی هزرییەوە، شیعرەکانی مەستوورە کاردانەوەی ئیستاتیکای بوون[1]؛ بۆن و بەرامەی سەردەمی خۆیانی پێوە دیار نییە. ئەم شاعیرە لە مێژوودا دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی هەرە هەستیاری قوتابخانەی ئەردەڵان و بابانەکانەوە و شاعیران و دەسەڵاتدارانی ئەم دوو میرنشینە هەم لە بواری ئەدەب و هەمیش لەبواری سیاسیدا لە تەنگ پێهەڵچنین و ململانێ و پاڵەپەستۆکی یەکتردا بوون. ئەم ڕووکردە زۆرتر لە سەروسیمای بەرهەمی ئەدەبی هەندێ لە شاعیرانی ئەو دەمەی سێ کوچکەی بابان، وەک نالی و سالمدا دیار و بەرچاوە:

کەڕ و فەڕ با کەم بکا، (والی) بە فەوجی (چێش کەروو)
پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە[2]

**ح:** ڕووکردی ئەدەبی مەستوورە وەکوو شاعیرانی سەر بە شێوازی عێراقی، سەرسپێردراو و قەدەریخوازە. هەموو ئارمانجە دڵخوازییەکانی لە سیمای مەعشوقی مێتافیزیایی و ئوتوپیای

---

[1] - زیباشناختی هستی

[2] - سالم دیوان، ل ٨٤٠. بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە و هەر لەم کتێبەدا بڕوانە وتاری: ڕێبازی مەولەوی - نالی و بۆتیقایەکی ئەدەبیی جیاواز

سۆفیانەی ئەو ڕێبازە شیعرییەدا خۆی دەبینێتەوە. لەم ڕێبردە هزرییەی مەستوورەدا، زمانی نویساریی نەتەوەکەی کە دەبێ لە ناخۆئاگای زەینیدا مابێتەوە، لە پێناو ئەو ئارمانجە تێئۆکراتییە زاڵەدا پووکاوەتەوە و نایەتە سەر شاشەی ڤەشان و نواندن و ڕسکاندنەوە. تەنانەت بە پێی زاڵێتی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی فارسی، جگە هەندێ نۆستالۆژی تاکی و خێزانی، هیچ چەشنە دیاردەی سیاسیی سەردمی کورد و کێشە سۆسیاییەکانی کۆمەڵگەی داڕزیوی قاجار لە نوخبەگەرایی وێنە شیعرییەکانیدا نابینین. نە تەنیا مەستوورە، بەڵکوو لە ڕووکردی هیچ شاعیرێکی گەڕانەوەی ئەدەبیدا، ئەم دیاردە نابینرێ و خراوەتە بۆتەی فەرامۆشیەوە.

**ت:** زەینییەتی شیعرەکەی مەستوورە، زادەی باری هەستەکی و نۆستالۆژیی تاکی و دەربڕینی شین و لاواندنەوەیە بۆ خەسرەوخانی ناکامی هاوسەری. لە غەزەڵەفارسیەکانیشدا، پاڵەوان و کاراکتێرەکەی، تاقتەوەرە. چوون ئەزموونەکانی لە بەستێنەی لاساییکردنەوەدا ڕسکاون، نەیتوانیوە ئایدیایەکی بەرز، فرانە و هونەری وەک مەعشووقەکەی حافز، پەروەردە بکات.

## مەستوورە و مەولەوی تاوەگۆزی و
## خوێندنەوەی دوو دەقە شیعری جیاوازی ئەم سەردەمە

بە پێی فەزای داخراوە سیاسییەوە کە باسمان لێوە کرد، ئەردەڵانییەکان لە کوردستاندا لە ژێر هێژمۆنی حکوومەتی قاجارییەکاندا بوون و لە لایەن ئەوانەوە موهێبەتی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕەوایی ناوچەییان پێ بەخشراوە، مەستوورەیش لەم دۆخە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبییەدا ژیاوە و لە گەڵ بەشداریی دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەکەی، خاوەنی چێژی شاعیرانە و توانستی نووسەرانە و هونەری خۆشنووسانە و یەکەم مێژوو نووسی ئێران و جیهانیش بووە. بەم پێیە زادەی ئاوا دۆخێکی سیاسی و لە ژێر کاردانەوەی سیاسەتی کۆنەپەرەستانە و تۆتالیتاریزمی فەرهەنگی و ئەدەبی ئەو دەمەی قاجاردا بووە و زەمینە ڕەخساوە بۆ دیاردەگەلی مستەوفیگەری، خان سالاری و دەسەڵاتخوازی ئەو دەمە لە حەوزەی ئەدەب و شیعری دیوانیدا. بە دووری نازانین کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شاعیرە بێبەش بن لە ڕەسەنایەتی زمان و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی و بە باشی نەتوانێت لە دەوڵەمەندی و هێژمۆنی نەغمە و توانستی توخمە زمانییەکانی قوتابخانەی باوی شیعری گۆرانی(هەورامی) ئەو دەمە، بەهرەی باڵا وەربگرێت و شیعری بەرز و هونەری بخوڵقێنێ و لە خانەبەندی لیریکای کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە .

ئەگەرچی لەوکاتانەدا، ئاسانەی مێرنشینی ئەردەڵان، دونگەی شاعیرانی سەر بە ئەدەبیاتی هەورامی بووە و شەوانە، بارەگای خەسرەوخان دەبووە مەکۆی کۆڕی شیعر خوێندنەوە و دەمەتەقێی شاعیرانە، بەڵام ئەمە مەستوورەیە، ناتوانێت بە باشی لەم هەلە

قوستراوه کەڵک وەر بگرێت و لەم ڕەوتە خۆماڵییە لادەدا و زۆربەی خۆی بە هەرمانی ئەدەبی و شیعری فەرمی و زاڵی فارسییەوە سەرقاڵ دەکات. ئەو هۆنراوە هەورامیانە کە لە شاعیر بە جێماوە، ئەگەر ڕاست بێ هی ئەو بن، لە چاو ئاستی هونەری و پێکهاتەی شیعرە فارسییەکانیدا زور سست و لاوازن و ڕاڤەی ئەدەبی و شرۆڤەکاری ئێستەتیکی هەڵناگرن. شیعرەبڕگەییەکانی مەستوورە لە هەمبەر دەقەکانی مەولەویدا کە هاوچەرخی یەک بوون، هونەری و بۆتیقایی نین. بە قەولێک نەیتوانیوە، وێنەکان بەڕووکردی هونەری لە ڕووبەری زمانی هورامیدا، وەک دەق بێنێتە دواندن». زۆر بە ئاسانی لە توخمە ڕەسەنە زمانییەکانیدا تێپەڕ بووە. بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە، وەک نموونە دوو دەقی شینگێڕی بۆ خەسرەو خان و عەنبەرخاتوون لە مەستوورە و مەولەوی تاوەگۆزی، بە پێوەری ئەدەبیاتی بەراوردکارانە[1]، دەخەینە بەر باسی شیکردنەوە و جیاوازیی کودەکانیان بە کلیلی نیشانە ناسی[2] دەکەینەوە.

## مەستوورە و لاواندنەوەی خەسرەوخانی ناکام:

فەڵەک نە جەورت زار و سەرگەردان
وەختەن چون دەیری بشوون وە هەردان

---

[1] - ادبیات تطبیقی، Comparative literature

[2] - سیمیۆلۆژی (Semiology)

ئەی زوڵم سەنگین، ئەی بێ داد تۆ
هەر مواچوون داد هەر مکەروون ڕۆ
والی زی شەوکەت یۆسف لەقام ڕۆ
ئەسکەندەر قودرەت ، حاتەم عەتام ڕۆ
هوژەبر بێ باک ڕووی مەیدانم ڕۆ
فەخر دوودەمان ئەردەڵانم ڕۆ
جووان نەوڕەس نمەکینم ڕۆ
مایەی دل وەشی دنیا و دینم ڕۆ
شەم شەبستان خەسرەوخانم ڕۆ
مایەی شادی و شەوق کوردستانم ڕۆ
زوبدەی والیان والاجاهم ڕۆ
فەخرولوڵاتم مێهرشاهم ڕۆ
جەمشید سانی فەرەیدوونم ڕۆ
ئیسەگیردام قەبر دوونم ڕۆ
شای لاڵ کەمەر هەم لاڵ بەخشم ڕۆ
سانی تەهەمتەن ساحیب رەخشم ڕۆ
لاڵ بەخش خوەم فیدام لاڵ بەخشانت بام
فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام
خەسرەو ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامت بام
فیدای دوو دیدەی مەست مەخمورت

قوربان ڕەنجش لاشەی مەهجوورت
قوربانناڵەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت
خەسرەو خوەم فیدای نەوجوانیت بام
فیدای تاج و تەخت خەسرەووانیت بام... [1]

## مەولەوی و لاواندنەوەی عەنبەر خاتوون[2]:

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەتخانەی لەیل
لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ
هامدەم جای تەنگ ئەڵحەدٚ سەرای سەنگ
پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم
تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم
عەرزکەر وە لەیلا وە سەدٚ خەمەوە
چەم وە نمەوە ، دڵ وە تەمەوە
دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بێ
بەرزی بڵێسەش هەر سات سەدتەرز بێ

[1] - سەفیزادە سدێق، دیوانی مەستوورەی کوردستانی، ل ١٣٨، لە دیوانەکەدا ٣٠ بەیتە.
[2] - لە دیوانەکەی مەولەویدا، ٢٧ بەیتە.

وه هەر تەرزێ لەیل ملاوەناوە
دڵەی سەنگ سەخت متاوەناوە
گا گۆیا مەویەرد ئیندٚ مەویەردەوە
گا مەوات وەدەم ئێش و دەردەوە
ئای جە ئێش تەن جە گیان جیای من
ئای جە لوای تۆ و ئەو شۆن دیای من
سەختی ئێش دەرد بەدٚ حاڵیم لایێ
وای بێ تو مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ
وە هەر مەنزڵداو هەر ڕاگوزەردا
هەر دەست حەسرەت مدٚا وە سەردا
چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ
بێ هۆشم خەو بۆ راس بۆ درۆ بۆ ...
گا تێکەڵ مەکەرد چەنی دەرد وێش
فەرد هام فەردش چەنی فەرد وێش
موات: فیداش بام یە جای شیرینەن
گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف "عەنبەر"ینەن...
جەو جاسووسگاوە، بەو خەدەنگەوە
دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە
جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد
سارا بۆی "عەنبەر" سارا هەرزان کەرد...
چێگە حوقەی ڕاز شێرین کەردەوە

تام تاڵیی دەرد دووری بەردەوە
گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز
زایەڵەی مەجنوون جە عەد، ڕەد بەو تەرز
چوون کەروون تەقریر پەی سەرکار تۆ
نە تۆ بژنەوی نە دۆسدار تۆ
"مەعدووم" چوون قەزا ئاما جە ناکاو
دانا چوون نادان وزۆ وەگەرداو...
ئەو جیلوە کەردەن ئەر شی بە تاقی
ئێدْ جیلوە کەردەن سوراحی و ساقی[1]

## هەڵسەنگاندنی نیشانە ئەدەبی، زمانی و هزرییەکانی ئەم دوو دەقە:

**١-** شیعری هەر دوو شاعیر دە بڕگەیی خۆماڵییە. نیشانە زمانییەکانی مەستوورە هۆنە و هۆنراوە و دیاردەی پەخشانن و دەقەکەی مەولەوی نمانای[2] شیعرن، واتە تەشک و ناواخنی بۆتیقای هونەرییان جیاوازیی هەیە. شین گێڕییەکەی مەستوورە قوتارە لە هارمۆنیا و نێزامی شیعری و گێڕانەوەیەکی سانایە و بە ئاسانی دەکرێتەوە پەخشان. کەچی

---

[1] - مۆدەڕێس عەبدولکەریم، دیوانی مەولەوی، ل ٢٢٥. لە دیوانەکەیدا ئەم پارچە شینگێڕییە، ٢٧ بەیتە.
[2] - مصداق

دەقەکەی مەولەوی شیعرە و نیزامی هارمۆنیاییە و ڕۆ چووەتە نێو قووڵاییەکانی دەروون ناسی زمانی شیعر و وێنەگەلی جۆراوجۆری خولقاندووە و بە ئاسانی ناکرێتەوە پەخشان[1].

**٢-** هەر دوو شاعیر هاوچەرخن، مەستوورە شاعیرێکی باڵادەست و دەست پەروەردەی بنەماڵەیەکی بەدەسەڵات و دیوان سالارییە و مەولەوی شاعیرێکی ئاسایی و ڕسکاوی فەرهەنگی بەخشەندەی خۆماڵی، شەقامی و حوجرەی ئایینی ئەوسایە.

**٣-** مەستوورە پێکهاتەی شیعرەکەی هەورامی ڕەسەن نییە بەڵکوو وەرگرتەیە لە زمانی دەسەڵاتی ناوەندیی کە ئەو و بنەماڵەکەی نوێنەرایەتی دەکەن. توخمە زمانییەکەی : واژە و دەستە واژەکان، چۆڕەی حکوومەت و دەسەڵات و باڵادەستیی توێژایەتی و ئەشرافییەتیان لێوە دەچۆڕێت:

**والی، زی شەوکەت، ئەسکەندەر، قودەرت، هوژەبر، خان، والا جا، جەمشید سانی، شاه، لاڵ کەمەر، لاڵ بەخش، تاج و تەخت و ...**

لەم پێکهاتە زمانییەدا منی شاعیریی مەستوورە، منێکی تاقتەوەر و نۆستالۆژیکییە و بە زمانی هۆنراوە پانتای ڕۆحی تاکیی خۆی لاواندوەتەوە و ژانی ئاوابوونی ژیانی هاوسەرەکەی سارێژ کردووە؛ نەک ئەوەی کە بە زمانی ڕەمز و خوازە سووژەکەی بکاتە

[1] - بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە وتاری شیعر و هۆنراوە چۆن بناسین؟ لەم کتێبەدا

مێکانیزمێک بۆ ڕۆچوون بە نەستی کۆیی ئەویتردا. دەنگ ئاماژەی[1] دەقەکەی مەستوورە یەک واتائاماژەی[2] هەیە و بەس. ئەوەش پشت بەستن بە زمانی ئاخافتن و ئاسایی و ڕێساکانی هەڵبەستنی هۆنراوە نووسینە.

کەچی فاکتەزمانییەکانی مەولەوی، لە منێکی تاکییەوە گوێزراوەتەوە بۆ منێکی کۆیی و ئامانجەکانی شیعر، یانێ زمانەکەی وەرگرتەیە لە مەنتێقی شیعر و ڕەچاوکردنی پڕۆسەی هونەریی داهێنان. پانتای ڕۆحی زمانەکەی مەولەوی ڕەمزی ویژدانی ناخۆئاگای کۆیی و شاعیرانەیە، ئیستاتیکای ئانتالۆژی کۆیەک و هەڵگری ئەو پتانسیەلە زمانییە کە ساڵهای ساڵە لە زەینی کۆیی نەتەوەیەکدا پێوار و بزر ماوەتەوە و ئێستا لەو دەرفەتە هەستیارەدا قابیلییەتەکانی دەخاتە ڕوو. لەم دەقەدا مەولەوی بێ ئەوەی ڕاشکاوانە ناوی تاکی عەنبەرخاتوون بهێنێت، بە مۆنۆلۆگ و تیلەچاوی[3] هونەری، دڵەکەی و نەفسی خۆی و عەنبەر بە دەنگ ئاماژەیەکی ترەوە دەکاتە بەردەنگ و پێخۆری خەملاندنی جوانیناسیی شیعر و پەیامەکەی لە گەڵ چیرۆکی عاشقانەی لەیلێ و مەجنون، شیرین و فەرهاد و... پەیوەست و ئاسۆی بۆچوونە هونەرییەکەی بەربڵاو و فراوانتر دەکات و لەم پرۆسەدا مەعدوومی و عەنبەر خاتوونەکانی تر لە دایک دەبن. لەم

[1] - دال

[2] - واتا ئاماژە

[3] - تلمیح

دەقەدا مەولەوی پشت بەرێساگورێزی زمان(هەنجارگورێزی) دەبەستێ بە کەڵک وەرگرتن لە پرۆسەی خوازە و کەسێتی بەخشین بە ئۆبژەکان، تان و پۆی فۆرماسیۆنی شیعرەکەی لە تەوەری هاونشینی زماندا دەچنێتەوە .

**لەیل، دڵە**(*مۆنۆلۆگ لە گەڵ خۆی و کەسێتی بەخشین بە وشە*)، **دڵ ، مەی، کەیل، خەڵۆەت خانەی لەیل(گۆڕ)، حەڵقەی زوڵف، پەروانە، مەزار، چەم، دێوانە، بڵێسە، ئای، مەنزڵ، راس و درۆ، فەرد هام فەردش، جای شیرینەن، زوڵف "عەنبەر"، بۆی "عەنبەر" ، حوقەی ڕاز شێرین، زایەڵەی مەجنوون، گوزەرگەی جیلوەی لەیل، "مەعدووم" ، ئەو جیلوە کەردەن، ئێدْ جیلوە کەردەن، و ...**

ئەم توخمانە هەمووی وەرگرتەی زمانی ئاسایین کە لە چنراوی مرواری شیعردا، بۆتیقایی کراون و بووگن بە گەوهەری درەوشاوە و ئاناتۆمیی ئێستاتیکای هەبوونی دەقی هونەری.

**سەرچاوەکان:**

بەختیاری، پژمان. (١٣٦٢). لسان الغیب حافزی شیرازی. تهران: انتشارات ئەمیرکەبیر
خرمشاهی، بهاالدین. (١٣٦٧). حافظ نامه، ج ١ و ٢. تهران: انتشارات سروش
سیروس، شمیسا. (١٣٧٢). کلیات سبک شناسی. تهران: انتشارات فردوس
سیروس، شمیسا. (١٣٧٤). سبک شناسی شعر فارسی. تهران: انتشارات فردوس
سەفیزادە، سدێق، (١٣٧٧). دیوانی مەستوورەی کوردستانی، انتشاراتی امیربهادر
عبدالحسین، زرین کوب. (١٣٦١). نقد ادبی. ج. ٢ . تهران: انتشارات امیرکبیر
گۆڤاری سروە، ژ. ١٠٩-١١٠ ، گەلاوێژ- خەرمانانی (١٣٧٤)
مجله فرهنگ و توسعه. ژ. ٣٧-٣٨ . اسفند ماه(١٣٧٧)
مودەڕێس، عەبدولکەریم و مەلاکەریم، فاتح. (١٣٦٣). *دیوانی شیعری نالی*. ارومیه: مرکز نشر و ئەدەبیات کوردی.
مودەڕێس، مەلا عەبدولکەریم. (١٣٨٤). *دیوانی مەولەوی*. سنه: پەخشکاریی کوردستان.
یحیی، آرین پور. (٢٥٣٥). از صبا تا نیما. ج. ١ ، تهران: انتشارات فرانکلین

## کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبیی هەورامان[1]

لەم نزیکانە کتێبێکی بەنرخ لە لایان نووسەر و توێژەری هێژا، عادڵ مۆحەممەدپوورەوە، ڕەوانەی بازاری کتێب کراوە. بەم بۆنەوە دەستخۆشی لێدەکەین و بەهیواین تەمەن درێژ و لەش ساغ بێت؛ تا بتوانێ خزمەتی زیاتر و زیاتر بە ئەدەب و کولتوور و کەلەپووری گەلەکەمان بکات. ئەم بەرهەمە بە زمانی فارسییە و، لە **٢٢٠** لاپەڕەدا لە قەوارەی وەزیری لە لایان نەشری ئێحسانی تارانەوە چاپ و بڵاو بووەتەوە. کتێبەکەش، لە ژێرناوی (طرح: جریان شناسی شعر کُردی هورامی از ابتدا تا امروز ) خۆی پێناسە دەکات.

**قازانج و تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە**

١ - ئەم کتێبە بۆ خوێندکاران و مامۆستایان دەتوانێ گەلێ سوودمەند بێت. ئەوان دەتوانن ئەم بەرهەمە وەک ژێدەر و سەرچاوە بە کاری بێنن. هەروەها ئەم کتێبە بۆ خوێنەری ئاسایش کە نایەوێت لەم

---

[1] - عەزیزی کەیهان، هفتە نامەی سیروان، ژ (٧٥٣ و ٧٥٤) بەرواری(١٣ و ٢٠) ڕەزبەری ساڵی (١٣٩٢)

بوارەدا کتێبی زۆر بخوێنێتەوە، هەڵگری زانیاری زۆرە، دەتوانێ زانیاریەکانی ئەم جۆرە خوێنەرەش سەروسامان بدات.

٢- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە، بۆ نووسەر و توێژەرەکەی، عادڵ موحەممەدپوور، دەگەڕێتەوە. کاک عادڵ یەکێک لەو دوو سێ کەسەیە کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە لێوەشاوە و شیاوە. ئەو ئەدەبی کوردی بە گشتی دەناسێت و لە هەوراماناسیدا خاوەن بەرهەم و ئەزموونە، لە سەر زمان بەتایبەت لە ڕووە مێژوویەکەیەوە شارەزایە، شیعری کلاسیک بەباشی و شیعری نوێ دەناسێت، ئەدەبی فارسیشی بە شێوەی ئاکادمیک خوێندووە کە بۆ ئەم کارە دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێت. بۆیە، ناوی ئەو بەسەر ئەم کتێبەوە دەتوانێ یەکێک لە ناوازەکانی ئەم کتێبە  بە ئەژمار بێت. إ

٣- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، خوازیارە مێژووی ١٤٠٠ ساڵەی شیعری کوردی هەورامی لە ژێر باسی «کرکە»دا تیئۆریزە بکات. ئەیەوێت بڵێت کرکە ڕۆحێکە سەدان ساڵ لاشەی شیعری کوردی هەورامی ڕاگرتووە و لە هەر کەند و لەندێک پاراستوویەتی. بەڵام کرکە چییە؟! ئەمە یەکێک لەو پرسە دژوارانەیە. هەرچەند کاک عادڵ لە چەندین وتاری فارسی و کوردیدا تێکۆشاوە ئەم باسە ڕوون بکاتەوە؛ بەڵام، پێم وایە هێشتا باسەکە بە لیپی ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوە هەست دەکەم، کاک عادڵ چی دەوێت، بەڵام وەک بابەتی «کات» کە توماس ئاگۆستین لە باس کردنی دادەمێنێت، منیش کاتێک کەسێک پرسیارم لێدەکات

مەبەستی کاک عادڵ لە «کرکە» چییە، دۆش دادەمێنم و یەک دوو دێڕ زیاتر ناتوانم لەو بارەوە بپێم. هیوادارم کاک عادڵ لەم بارەوە یارمەتی زیاترم بدات. سپاس.

٤- یەکێکی تر لە باسەکان دەکرێ لێرە ئاوڕی لێبدەمەوە، باسی «نەسر» یان پەخشانە. لای ئێمە بەداخەوە زۆر بە دەگمەن باسی نەسر دەکرێت. مامۆستا عادڵ یەکێک لەو نووسەرانەیە کە من تائێستا نووسینی شیعر و نووسینی هونەریم لێنەدیوە، لە ناوچەی هەوراماندا لەم سۆنگەوە کەسێکی دیارە. ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە نەسری کاک عادڵ بە پێی بەراوەرد زانستیتر بێت؛ واتە زیاتر توانیویەتی لە پەخشانی هەستاوی و شاعیرانە خۆی دوور بگرێت. ئەو، بڕێجار خۆی لە ئێنشا نووسی و درێژە دادڕی دەپارێزێت، رێک بە پێچەوانەی کەسێک وەک من، دیارە منیش هۆکاری خۆمم هەیە. ئەڵبەت ئەمە جگە لە باسی تێکراوە کە لە بەرهەمەکانی کاک عادڵدا جاروبار هەستی پێدەکەین. پێم وایە ئەمە لایەکی باسەکەیە، لە لایەکی ترەوە ئەم تایبەتمەندییە جاران پەخشانی کاک عادڵ ویشک و بێهاز نیشان دەدات. لەوانەیە هەندێجار وانەر ماندوو بکات. هەوڵی ئەو ئەوەیە بەکەمترین وشە مانای چڕوپڕ دەرببڕێت. ئەمەش وادەکات تاکوو هەندێ وشە لە کار بکات کە بڕێجار جوانن و بڕێجاریش قلۆر دەنوێنن. ئەم دیاردە هەم لەم کتێبە فارسییەدا و هەمیش لە وتارە کوردیەکانیدا هەتا ڕادەیەک هەستی پێدەکرێت. هەروەها کاک عادڵ هەوڵدەدات لە بەرهەمە کوردییەکانیدا وشە و

موفرەداتی زارە کوردییەکان بە کار ببات. هەرچەند ئەم کارە چەند ساڵێکە بەرەو لاوازی چووە؛ بەڵام کاک عادڵ لەم هەوڵەیدا هەرگیز دڕدۆنگ نەبووە و بەردەوام هەوڵی داوە و چەندین وشەیشی هێناوەتە ناو نووسینی ئێستای کوردییەوە. منیش تێکەڵاویی بە شتێکی شیاو دەزانم و پێموایە زمانی ستانداردی کوردی دەبێ لە زارەکانی خۆی لەمە زیاتر سوود وەربگرێت. بەلام ئەم کارە لە نووسیندا پێویستە زۆر بە وردبینییەوە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە پێویست ناکات بێژەی ناوچەیەک لە وتارێکی ڕەخنەییدا بەکار ببەین. بۆ وێنە کاک عادڵ «هەبێتن» و «بکاتن» و «بکرێتن»ی هەولێریانە بەکار دەبات، یان هەندێ جار «بووگە»ی جافی، ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە ئەمانە هەڵەن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە زمانی کوردی دەبێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و لە زمانی ئاسایی و لە زمانی ئاخاوتن جیا بکرێتەوە و بەرەو ستاندارد بوون زیاتر هەنگاو بنێت. ئەو شتانە بۆ چیرۆک و ڕۆمان و فیلم و پەخشانی هونەری گەلێک بەسوودن .

٥- لەم کتێبەدا کاک عادڵ ژیرانە بە لەونێکی بەربڵاو لە دەستەواژەی «کوردی هەورامی» کەڵک وەردەگرێت. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا من و هاوڕێکانمان پێکەوە ئاگاهانە لە برەو پێدان و هەتا ڕادەیەک جێخستنی ئەم دەستەواژەیە هەوڵمان داوە. نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر لە کرماشان لە «یەکەمین کۆڕی شیعری نوێی کوردی هەورامی» بە فەرمی بەکار برا، ئەڵبەت پێشتر لە وتارەکاندا بە

کار برابوو. هەرچەند من جاروبار نەختێ بە گومانەوە چاوی لێدەکەم، بەڵام چوون هێشتا دەستەواژەی شیاوتر لەم بارەوە شک نابەین، ئێتر هەتا ئەو ڕۆژە شتێکی باشتر بدۆزینەوە، ئەم دەستەواژەیە شیاو دەنوێنێ.

**پێکهاتەی کتێبەکە**

کتێبی «طرح» یان پلان لە چوار بەش و، پێشەکییەک پێکهاتووە. لە پێشەکیدا نووسەر هۆکارەکانی نووسینی ئەم کتێبە ڕوون دەکاتەوە. پاشان لە بەشی یەکەمدا باس لە زمان و شیعری کوردی هەورامی بەر لە ئایینی ئیسلام دەکات. لەم بەشەدا نووسەر سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ باس لە سەر شیعری کوردی هەورامی نادۆزێتەوە. بەڵام توێژەری ئێمە نائۆمید نابێت، هەوڵدەدات لە سەرچاوە ناڕاستەوخۆکاندا وەک «درەختی ئاسوریک» بۆ شیعری کوردی هەورامی بگەڕێت؛ بەڵام وادیارە ناکرێ لەم سەرچاوانەش شتێک هەڵێنجێنین. لە ڕاستیدا ئەم بەشە بەبێ ئەوەی بتوانێ شتێک لە بارەی شیعری پێش ئیسلامەوە دەرببڕێت بە کۆتایی دەگات. لەم بەشەدا نووسەر تەنیا دەتوانێ برێ باسی زمانناسی مێژوویی، بە شێوەیەکی گشتی بووروژێنێ.

لە بەشی دووهەمدا کە بەشی سەرەکیی کتێبەکەیە، نووسەر باس لە شیعری کلاسیکی کوردی هەورامی پاش هاتنی ئایینی ئیسلام دەکات. ئەم پاژە خۆی بەسەر شەش قۆناغ دابەش دەکرێت. من لەم نووسینەدا لە سەر ئەو شەش قۆناغە بە جیا باس دەکەم.

لە بەشی سێهەمی کتێبەکەدا کاک عادڵ لە شیعری کوردی هەورامی، وەک گشتییەتێک دەڕوانێ. لەم بەشەدا بە وردبینییەوە هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری هەورامی لە درێژەی ئەم ١٤٠٠ ساڵە دەست نیشان دەکات و ژیرانە لە سەریان دەپەیڤێ. ئەم بەشە وەک وتارێکی سەربەخۆ دەتوانێ بەسوود بێت؛ بەڵام لە قەوارەی ئەم کتێبەدا کەمێ دژواز دەنوێنێ. چوون هەوڵی ئەم کتێبە بۆ ئەوەیە ڕەوتەکان و ئاراستەکانی شیعری هەورامی بە خوێنەر بناسێنێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغانە دیاری بکات. ئەمە ئامانجی ئەم کتێبەیە. بەڵام کاتێ نووسەر لە بەشێکی سەربەخۆدا بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ قۆناغ و مۆناغێک وەک گشتییەتێک و وەک تاقە قۆناغێک لە شیعری هەورامی دەڕوانێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ قۆناغەکان تەنانەت بە لای خودی نووسەریشەوە جێگای متمانە نین. هەروەها ئەم بەشە ناڕاستەوخۆ ئەوەش دەردەخات، بڕێ لەم قۆناغانە ناتوانن ئەوەندە جیاواز بن کە بکرێت بە جیا لەسەریان باس بکەین. لە ڕاستیدا ئەم بەشە لەم کتێبەدا ئەوە دەردەخات ئێمە تەنیا دەتوانین لە گشتییەتی شیعری هەورامی قسە بکەین، چوون ڕەوتەکانی ئەوەندە هەڵگری کەسایەتی نین کە سەربەخۆ باس بکرێن. کەچی ئێمە چاوەڕوانین ئەم کتێبە ناوازەکانی هەر کام لە قۆناغەکانمان بە جیا پۆلێنبەندی بۆ بکات. کەوابوو ئەم بەشە بەو تەرزە لەم کتێبە شایانی پرسیارە. لە کۆتایی کتێبەکەشدا، کە ئەکاتە بەشی چوارەم، باس لە

شیعری نوێی کوردی هەورامی دەکات. من نەختێ لەم بەشەش بە پێی مەجال ئاور دەدەمەوە.

**بەشی دووهەم و قۆناغەکانی**

لە بەشی دوودا، هەر بەو جۆرەی کە پێشتر گوترا، کە بەشی سەرەکی کتێبەکەیە، مامۆستا باس لە شیعری پاش ئیسلام تا سەرەتای دەسپێکی شیعری نوێ دەکات. تێدەکۆشێ ١٤٠٠ ساڵ شیعری کوردی هەورامی تیئۆریزە بکات. هەوڵدەدات لە شەش قۆناغدا ئاراستەکانی ئەم ١٤٠٠ ساڵە پۆلێنبەندی بکات. قۆناغەکان بە پێی «مێژوو» و نەختێکیش بە پێی« شێواز» دابەش کراون. ئەڵبەت لەم دابەش کردنەدا زیاتر دەوری مێژوو بەرچاوە. من لەم بارەوە دواتر نەختێ باس دەکەم .

هەمیشە ئاواتم ئەوە بووە ئێمە بریا لە ئەدەبی کوردیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرهەمێکمان هەبێت تاکوو لە شیعری کوردیی بە لەونێکی شێوازناسانە ئاور بداتەوە، بۆ ئەوەی ڕەخنەگران ئیدی ناچار نەبن لە وتارەکانیاندا لەم بارەوە زۆر بە پەراوێزدا بچن. چوون ئێمەی کورد وەها کارێکمان نەکردووە، نووسەر و ڕەخنەگر، جاران لە وتارەکانیان ناچار دەبن بۆ وانەرەکەیان هەندێ شت باس بکەن، کە لەوانەیە لە وتارێکدا زۆر پێویست نەکەن. بەڵام چوون لە شوێنێکی تر بە لەونێکی پوخت ئەو کارە نەکراوە، نووسەران هەمیشە ناچارن هەندێ باسی گشتی و هەندێ باسی مێژووی ئەدەبی، گەڵاڵە بکەن.

بەمبۆنەوە هەوڵی ئەم کتێبە لەم ڕوانگەوە، ئەڵبەت وەک پلان، لە داهاتوودا هەوڵێکی مێژوویی بۆ ئەدەبی کوردیی دەبێت کە بتوانێ باشتر لەم لایەنە ئاوڕ بداتەوە.

**قۆناغی یەکەم**

باس لەسەر ئەم قۆناغە، پاش ئەوەی هەموو قۆناغەکان باس کران، ئێنجا پێشکەشتان دەکرێت .

**قۆناغی دووهەم**

قۆناغی دووهەم بۆ شیعر و ئەدەبی یارسان (یارێسان) تەرخان کراوە. دەستنیشان کردنی قۆناغێک لە شیعری هەورامی بە ناوی «شیعری دەورەی یارسان» زۆر جێگای خۆیەتی. قۆناغی ئەدەبی یارسان کە نزیک بە ٨٠٠ ساڵ درێژەی بووە، یەکێک لەو قۆناغە دیارانەی شیعری کوردی بە ئەژمار دێت. تایبەتمەندی ئەم دەورە ئەوەیە بە ئاسانی دەناسرێتەوە؛ چوون هەم زمان و هەم جیهانبینی و هەمیش قالبی خۆی هەیە. کاتێ دەڵێین فلان شاعیر، شاعیرێکە سەر بە شێوازی یارسان، ئێتر پێویست بە باسی زیاتر ناکات و وانەر دەستوبرد ئەو شاعیرە و شیعرەکەی وێنا دەکات. من چاوەڕوان بووم هەموو قۆناغەکان هەڵگری ئەم جۆرە خسڵەتە بن.هەروەها دەبوایە کاک عادڵ بیری لە ناو نانی قۆناغەکانیش بکردایە، کە زۆر پێویستە. وادیارە مێتۆدی کاک عادڵ «مێژوویی _ شێوازناسانە»یە، بەڵام بەکردەوە کاک عادڵ قۆناغەکانی بە پێی مێژوو دابەش کردوون. بۆنموونە، مەلا پەرێشان لە ڕووی مێژووییەوە شاعیرێکە لە سەردەمی

بره‌وی ئه‌ده‌بی یارساندا ژیاوه، که‌چی هه‌م له ڕووی فکره‌وه، هه‌م له ڕووی زمانه‌وه، جاروباریش له ڕووی قالبه‌وه ده‌توانێ جیاواز بێت. بۆیه مه‌لا په‌رێشان له ڕووی شێوازه‌وه ده‌کرێ شاعیری شێوازی یارسانی نه‌بێت. هه‌روه‌ها «شاکه و خان مه‌نسوور»یش ناتوانن سه‌ر به‌م قۆناغه بن. که‌چی به‌رێز کاک عادڵ هه‌ر دووکیان له‌م قۆناغه داده‌نێت. په‌روین ئێعتسامی له ئه‌ده‌بی فارسیدا له‌م سه‌رده‌مه‌دا ژیاوه به‌ڵام له ڕووی شێوازه‌وه سه‌ر به شێوازی خوراسانییه. واته لێره شێواز گرنگه نه مێژوو. ئه‌گه‌ر له‌م سونگه‌وه بڕوانین مه‌لا په‌رێشان و هه‌روه‌ها شیعره‌کانی شاکه و خان مه‌نسوور، ناتوانن له‌م قۆناغه‌دا، واته قۆناغی یارسان، قه‌رار بگرن. له ڕاستیدا مه‌لا په‌رێشان به باوه‌ڕی من ناوه‌ندێکی قورسایی له ئه‌ده‌بی کوردیدا به ئه‌ژمار دێت. چوون نه‌مامی شیعریه‌ت ورده ورده له مه‌لاوه چه‌که‌ره ده‌کات و شاکه و خان مه‌نسوور ئاوی ده‌ده‌ن و له بێسارانیدا گه‌وره ده‌بێت و مێوه ده‌گرێت، ئێتر له مه‌وله‌ویدا مێوه‌که به یه‌کجاری گه‌وره ده‌بێت و پێده‌گات.

هه‌ر به‌و جۆره‌ی که وتم ناونانی قۆناغێک به ناوی شیعری ده‌وره‌ی یارسان زۆر به‌جێ و زۆر شیاوه. به‌ڵام نازانم مه‌به‌ستی نووسه‌ر له فه‌هله‌ویات چییه؟ چ مانه‌یه‌کی هه‌یه له هه‌ناوی شیعری یارساندا ئاماژه به ناوێکی تر بکرێت. ئه‌گه‌ر فه‌هله‌ویات شێوازێکه جیا، پێوسته قۆناغێکی جیایشی بۆ دابنرێت، ئه‌گینا وه‌ک ناوێک له هه‌ناوی ئه‌ده‌بی یارساندا دژواز ده‌نوێنێ و ئه‌م قۆناغه به‌و گشت

جیاوازی و کەسایەتییەوە کە هەیەتی دەشێوێنێ. هەر چەند بنووسی بەرێز تێدەکۆشێ لەمبارەوە مەبەستەکەی خۆی شی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ، یان دەستیکەم من ڕازی ناکات؛ چوون من لەو باوەڕەدام فەهلەویاتەکانی بابا تاهێر هەڵگری تایبەتمەندییەکانی شیعری یارسانین، ئێتر پێویست بەو ناوە زیادییە ناکات. تەنانەت ئەگەر بە چاویلکەکەی کاک عادڵیش بڕوانین و بڵێین فەهلەویات سەر بە عەروز نییە، بەڵکوو سەر بە سیستمی کرکەیە؛ ئەو کات بۆچوونەکەی من وەڕاست دەگەڕێت. واتە دەبێ ئەو جۆرە شیعرە بە ئەدەبی یارسانی پۆلێن بکرێت. تەنیا ئەوەی کە هەیە ئەمەیە شیعرەکانی بابا تاهێر لە ئەدەبی یارسانیدا شاعیرانەترن.

ئەڵبەت من لە مەڕ بابا تاهێرەوە هەمیشە پرسیارێکی جیاوازم بووە. ئەویش ئەوەیە بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا نزیک بە پانسەد ساڵ پاش و پێشی ئەو، ئێمە شاعیرێکمان نییە شان لە شانی بابا بدات. ئەمەش بۆ خۆی هەندێ باسی تری لێدەکەوێتەوە کە هیوادارم ئاوریان لێبدرێتەوە .

**قۆناغەکانی سێهەم و چوارەم**

بە باوەڕی من گرفتی ڕەوشتناسی ئەم کتێبە، لە باسی قۆناغەکانی سێهەم و چوارەمدا بە تەشقی خۆی دەگات، کە ئەم دوو بەشە زۆر جێگای مشتومڕن. زۆرێک لە شاعیرانی ناودار لەم دوو قۆناغەدا ژیاون. کێشەی دابەش کردنی قۆناغەکان لەسەر بناغەی مێژوو، لەم دوو قۆناغەدا بە ئاشکرا خۆی نیشان دەدات. بۆ نموونە چەندانە لە

شاعیرەکانی قۆناغی سێهەم ناودەبەین کە مامۆستا عادڵ لە یەک شێواز و لە یەک قۆناغدا ڕیزی کردوون: بێسارانی، خانای قوبادی، ئەڵماس خان کەنولەیی، میرزا شەفیع کولیایی، مەلا خدر ڕواری، وەلی دێوانە و.... دیارە ناوازەکانی شێوازی شیعری بێسارانی بووەتە هۆ هەتا کاک عادڵ ئەم قۆناغە تەرخان بکات. کەوابوو ناوەندی قورسایی ئەم بەشە بێسارانییە، کە نووسەر بە باشی لەسەر شیعر و شێوازی ئەم شاعیرە دەپەیڤێ. هەتاکوو ئێرە کاک عادڵ کارەکەی شێوازناسانەیە. بەڵام ڕیزبەندی ئەو شاعیرەکان شێوازناسانە نییە، بەڵکوو زیاتر مێژووییە. واتە بەڕیزیان ئەو شاعیرانەی کە لە سەدەکانی ١١ و ١٢ی کۆچیدا ژیا بن لەسەر ئەم مەرجە، لەم قۆناغەدا هەموویان پۆلێن دەکات. ئێتر گرنگ نییە شاعیرەکان سەر بە کام ڕەوت و کام شێوازی شیعریی بن، هەر ئەمەش کارەکە لە گشتییەتی خۆیدا تووشی دژوازی دەکات. چوون بەباوەڕی من خانا و ئەڵماس خان و میرزا شەفیع و مەلا خدر دەتوانن لە گەڵ بێسارانی جیاواز بن. بەڵام بەداخەوە مەجالی بەرتەسکی شیعری دە بڕگەیی و هەمتەر بوونەوەی واژە و دەستەواژە و لێکدراوەکان بە لای شاعیرەکانەوە، لە گەڵ نەبوونی جیهانبینی شیعریی و نەبوونی کێڵگە واتایەکان لە بواری بابەت و ئەندێشەوە، بونەتە هۆ تاکوو بەباشی نەتوانین شاعیرەکان و شێوازەکەیان بناسینەوە. بەڵام ئەگەر بە باشی وردبینەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەو شاعیرانە لە گەڵ یەکدی نزیکن و لە گەڵ بێسارانی جیاوازییان هەیە.

هەر ئەو دابەش کردنە مێژووییە دەبێتە هۆ تاکوو کاک عادڵ ناچار بێت بۆ سەیدی بەجیا قۆناغێکی سەربەخۆ قایل بێت، لەبەر ئەوەی سەیدی لە ڕووی مێژووییەوە لەو دوو سەدەیەدا نەژیاوە. درووستە، سەیدی شاعیرێکی شاز و ناوازەیە لە ئەدەبی هەورامیدا و نەختێ توانیویەتی ببێتە خاوەنی شێوازێکی کەسەکی؛ بەڵام، لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە و لە ڕوانگەیەکی شێوازناسانەوە، شیعری سەیدی لە بێسارانی نزیکتر تاکوو شیعری ئەڵماس خان. هەروەها ئایا وەلی دێوانە لە گەڵ ڕۆحی شیعریی سەیدی نزیکترە یام لە گەڵ میرزا شەفیع کولیایی؟ دڵنیام لە گەڵ سەیدی، بەڵام مامۆستا ئەم دوو شاعیرە لە گەڵ یەک جیا دەکاتەوە، کەچی وەلی و میرزا لە یەک قۆناغدا دادەنێت. هەروەها دەتوانین هەندێ شاعیری قۆناغی دواتریش لە قۆناغی سەیدیدا قەرار بگرن. وەک فەخرۆلعولەما و مەستوورە. یان شاعیرانێکی تر وەک فەقی قادر و تەنانەت میرزا ئۆلقادر پاوەییش دەتوانن لە خانا و ئەپماس خان نزیک تر بن. من لەو باوەڕە دام بێسارانی و سەیدی، لە ڕووی مێژووییەوە بە هۆی وەلی دێوانەوە لە گەپ یەک وەسپ دەبن. دەبێ لەمبارەوە بیر بکەینەوە تاکوو بزانین ئایا توانین لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەوان، شێوازێک بۆ شیعری کوردی هەورامی هەڵێنجنین؟ تاکوو شاعیرەکانی پاش و پێشی ئەوان لەو شێوازەدا پۆلێنبەندی بکرێن؟ ئەگەر ئەو کارە بکرێت پێویستە ناوێکیشی لەسەر دابنێین. چوون زاراوەی «قۆناغ» لەم باسەدا واژەیەکی پڕ بەپێست و دڵڕفێن نییە.

لەوانەیە جیا کردنەوەی سەیدی وەک قۆناغێک خودی نووسەریشی نەختێ تووشی دڕدۆنگی کردبێت. بۆیە بۆ پاساوی کارەکەی خۆی لە لاپەڕەی ٧٢دا دەڵێ: «شێوازی کارەکەمان لە پێناو تەتڵە کردنی قۆناغەکاندا، بە هۆی تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی شاعیرانی خاوەن شێوازەوە بووە.» ئەمەش وای کردووە تاکوو نووسەر بۆ سەیدی، کە شاعیرێکی ناوازە و خاوەن شێوازە، بە ناچاری قۆناغێک تەرخان بکات. بەڵام هەر ئەو مەکانیزمەی کە دەتوانێ سەیدی، لە بێسارانی و مەولەوی جیا بکاتەوە، بە باوەڕی من دەتوانێ میرزا شەفیع و ئەڵماس خان و خاناش، لە گەڵ بێسارانی جیا بکاتەوە. کەچی کاک عادڵ ئەو شاعیرانە لە گەڵ بێسارانی لە یەک قۆناغ ڕیز دەکات کە درووست نییە. باوەڕم وایە دابەش کردنی مێژوویی هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات.

یەکێک لە باسە گرنگەکان لە مێژووی شیعری هەورامیدا باسی «مەنزوومە نووسی»یە، کە دەکرێ وەک ڕەوتێک بێتە باس کردن، بەڵام مامۆستا عادڵ بەداخەوە لەم کتێبەدا بە یەکجاری فەرامۆشی دەکات. لە ڕاستیدا یەکێک لە گرفتی باسەکانی سەرەوە بۆ پێوار بوون، یان نەبوونی ئەم بابەتە لەم کتێبەدا دەگەڕێتەوە؛ چوون مەنزوومە نووسی چ لە ڕووی حێماسییەوە، چ لە ڕووی تەعلیمییەوە یەکێک لە دیاردە دیارەکانی مێژووی ئەم ئەدەبە بووە. لەبەر چاو نەگرتنی ئەم ڕێبازە بۆتە هۆی ئەوە هەتا پێگەی خانا و ئەڵماس خان و .... لەم کتێبەدا ون و ئاپۆز بێت.

**قۆناغی پێنجەم**

ئەم بەشە لە ڕاستیدا لەسەر بناغە و لەسەر تایبەتمەنییەکانی شیعری مەولەوی گەڵاڵەڕێژی بۆ کراوە. ئەم قۆناغە کە کاک عادڵ دایناوە، نەختێ لەو دوو قۆناغەکەی پێشوو زیاتر شیاوی قەبووڵ کردنە؛ چوون بڕێ لە شاعیرانی ئەم ماوەیە لە ڕووی زمان و فۆرم و ناوەڕۆکەوە لە یەکتر نزیکن. بە تایبەت ئەو شاعیرانەی لە گەڵ مەولەوی پەیوەندییان هەبووە. هەروەها شیعری ئەم شاعیرانەش باشتر دەناسرێتەوە. بۆ نموونە مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، بولبول، ئەحمەد پریسی، زمانیان لە یەکتر نزیکە. بەڵام من لەسەر ئەو ڕایەم جەهان ئارا پاوەیی و مستوورەی کوردستانی و فەخرولعۆلەمای سنەیی و فەقی قادر هەمەوەندی، هەم لە ڕووی «زمان»ەوە هەم لە ڕووی وشە و دەربڕینەوە لە گەڵ ئەو تاقمە شاعیرانەی پێشەوە جیاوازە. شیعری ئەم شاعیرانە لەگەڵ قۆناغەکەکانی پێشودا نزیکترە. بۆ نموونە فەخرۆلعولەما و مەستوورە و جەهان ئارا، لە وەلی دێوانە و تەنانەت لە سەیدیش نزیکترن. کەچی پۆلێنبەندی مێژوویی ئێزنی ئەم کارەی بە کاک عادڵ نەداوە.

**قۆناغی شەشەم**

ئەم قۆناغەش لە قۆناغە کێشەدارەکانە. چوون هەموو ئەو شاعیرانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە لە پاش مەولەوییەوەن بە بێ هیچ پاساوێکی شێوازناسانە لە یەک قۆناغ بە ناوی «شاعیرانی ڕاژێر و شوێنگری

مەولەوی»، ڕیزبەندی دەکرێن. خاڵی هاوبەشی ئەم شاعیرانە تەنیا ئەوەیە لە پاش مەولەوییەوە ژیاون.

وادیارە نووسەر وا بیر دەکاتەوە کە هەموو شاعیرانی پاش مەولەویی لە ژێر کاریگەریی زمان و فۆرمی شیعری مەولەوی دان. ئەڵبەت ئەم بۆچوونە سەرلەبەر هەڵە نییە؛ بەڵام، هەموو باسەکە ناگرێتەوە. ڕاستە مەولەوی لەسەر زمانی شیعریی پاش خۆی کاریگەرییەکی هەراو دادەنێت و دەتوانین سەید تاهێر هاشمی و بڕێ شاعیری تریش، بە شاعیری مەولەویانە بزانین؛ بەڵام هەر لەم سەردەمەدا کە سەدەی چواردە دەکات و کاک عادڵ بە ناوی شاعیرانی ڕاژێر و شوێنگری مەولەوی ناوی دەبات، ئێمە بڕێ شاعیرمان هەن هەر چەند لە ڕووی فۆرمەوە لە ژێر کاریگەری مەولەوی یان درووستر بڵێم لە ژێر کاریگەری فۆرمی هەزار ساڵەی شیعری هەورامی دان، کەچی لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بەشەکانی شیعری کوردییەوە. زمان و ناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرانە وردە وردە لە گەڵ مەولەوی مەودا پەیدا دەکات، ئێتر وەک جاران لە سەداسەد لە ژێر کاریگەری جەنابی مەولەویدا نین.

بۆیە من باوەڕم وایە ئەگەر لەسەر ڕەوت و مێتۆدی ئەم کتێبە بڕۆینە پێشەوە، پاش شاعیرانێک کە لە ڕووی فۆرم و زمانەوە لە ژێر کاریگەری شیعری پێشوو دان، باشتر بوو نیمچە قۆناغێکی تر بە ناوی «شیعری نوێ کلاسیک» وێنا بکەین تا هەم لە ڕووی مێژووییەوە هەڵقەی پەیوەندی شیعری کلاسیک و شیعری نوێ ون

نەبێت، هەمیش بتوانین شاعیرەکان باشتر پۆلێن بکەین. بۆ نموونە، باوەڕەم وایە زمان و ناوەڕۆکی شیعرە هەورامییەکانی کاردۆخی لە مەولەویی جیاوازن.

وەتەن ئەدانە کەس مەدۆش بە زەڕ
ئانە دۆش بەزەڕ، شێتا یا خۆ هەر
وەتەن قیمەتش حەسێب مەکریۆ
بە هەزار کولێرێ لیرێ مەدریۆ
ئانە ورەشۆش یا کرێش وەرۆ
پێسەنە ئەدەێش پەی خەپکی بەرۆ...

یان

وەتەن هەر تۆنی وەشیم هەر وەش بی
جە دەدرد و بەڵا و دیلی بێبەش بی
دپ گرد سەعاتێو بێ ڕیا و درۆ
پەی سەربەستی تۆ دەنگی بەرز چڕۆ
ماچۆ هەی کوردا گیانم فیداتا
چەمێو گێپێندەی وەرەو دماتا......

ئەگەر بمانەوێ وەک ڕەوتێکی مێژوویی ئەم ڕەوتە باس بکەین دەبێ بە باشی لەم بارەوە پەیجۆری و توێژینەوە بکرێت. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە بڕوانین دەکرێ لەم بەستێنەدا ئەم شاعیرانە ناو ببەین: مەلا هەسەنی دزڵی، عەبدوڵڵا بەگی هەورامان، ئاغا عەنایەت، محەمەدئەمین کاردۆخی. لە ڕاستیدا ئەم باسە زیاتر لە کاردۆخیدا

شیاوی باس کردنە و دەکرێ بە زمان و ناوەڕۆکێکی جیاواز لە مەولەوی جەختی لەسەر بکەینەوە. کاردۆخیش لە ژێر کاریگەری شیعری شاعیرانێک وەک پیرەمێرد و دڵدار و قانع و بێکەس و موفتی پێنجوێنی دایە. دواتریش ئەم ڕەوتە لە شیعری شاعیرانێک وەک  دانای هەورامی و مۆمن برومەندی و مۆمن یەزدانبەخش درێژە دەکێشێ. مۆمن یەزدانبەخش لەم بارەوە نەختێ بەرجەستەترە. بەڵام شتێک کە لەم بارەوە زۆر جێگای لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە ئەم ڕەوتە لە بەشی هەورامیدا زۆر لاوازە. ڕەنگە ئەم لاواز بوونە جگە لەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی کێشەی شیعری ئێستای هەورامانە، کە نەیتوانی بەباشی و لە کاتی خۆیدا نوێ بێتەوە، هەرواش بەشێک لە کێشە فەرهەنگییەکانی ئەم دەڤەرە بۆ ئەم لاواز بوونە دەگەڕێتەوە. چوون ئەگەر ئەم بەشە بە باشی لە پانتای ئەدەبدا بە کردەوە دەربکەوتایە لەوانەیە یەکڕیزی فەرهەنگی و زانیاری نەتەوەیی زیاتر دەبوو.

ئەم ڕەوتە لە شیعری پەرویز بابایی و مامۆستا یۆسف ڕەسووڵ ئابادیدا ڕەنگ و ڕوویەکی تر بە خۆیەوە دەگرێ. نموونە لە شیعری کاک یۆسف:

گوڵێوم دا دەمو وایۆ عەزیزم
دڵم کاڵا سەرو مایۆ عەزیزمیان
تاریکە بێ و تەنیا تۆ بیشی
وەرت پژگنا ڕسا تۆ بێشیڵ چپەکیارە و تەنێش کێشاوە

دەس هەر کۆی کویٚ، هەرلا تۆ بێشی
دەروێش حەمەیلی هەڵای ئاوارەن
ئەو هەر تەڵانیٚ لوا تۆ بێشی
سینەزەڕینیٚ ئاوات ورازیٚ
تەقەپ بە تەقەپ چەمیا تۆ بێشی

کاک یۆسف لە شیعرە عەرووزیەکانیدا وەک پارادایمێک چاو لە ئەدەبی فارسی دەکات. هەر لەم پێناوەدا بڕیٚ شیعری فارسی بەباشی وەردەگێڕێنێتەوە؛ بەڵام بەداخەوە لە کتێبەکەیدا ئاماژەیان پێنەدراوە. لە ڕاستیدا کاک یۆسف زیاتر لە ئەدەبی کلاسیک و لە قالبە کۆنەکان دەڕوانیٚ، بەڵام پەرویز لە ژێر کاریگەریی شیعری نویٚ کلاسیک دایە، کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەم جۆرە شیعرە لە ئێراندا زیاتر لە جاران سەرنجی دراوەتیٚ. بۆیە زمانی پەرویز لە کاک یۆسف نوێترە؛ بەڵام هەندێجار بڕیٚ لە شیعرەکانی کاک یۆسف توکمەترن.

نموونە لە شیعری پەرویز:

چەمیٚ مەوزوو وەپیٚ وێچم دماشۆ
بەشکەم شەوەی تاریکە لاشۆ

یان

پەی مەرگ و ئاواتانو وێم
هەرچی شەویٚ پەرسێمەنیٚ
هەڵسێو ئەمن شیعرێمەنیٚ
ئەمن هەڵسێمەنیٚ

هیزی شەوێ یۆ لامەنە
دژمانی دێ و نامێ نەدێ
توەرگی ورینەو بەرشییەو
یەک دانە هەنگامێ نەدێ

من لە سەر ئەو باوەڕەم دەبوایە بەڕێز کاک عادڵ بایەخ و سەرنجێکی باشتری بەم باسەی بدایە. چوون لەوانەیە کەسێک وەک عوسمان مۆحەممەد هەورامیش لە ڕووی زمان و فەزای شیعرییەوە، لە بەشی شیعری نوێ کلاسیکدا جێگای بێتەوە. فۆرمیشی ئەوەندە ئاڵوگۆڕ پێنەکردووە. درووستە عوسمان مۆحەممەد دێڕەکان درێژ و کورت دەکاتەوە؛ بەڵام بەو کارە ناتوانێ شیعری نوێ بنیات بنێت، پێم وایە خۆیشی پێداگرییەکی ئەوتۆی، بەتایبەت لە سُەرەتادا، بۆ ئەم کارە نەبووە. هەر بەو جۆرەیش پەرویز چوار (مستفعلن) دەکا بە دوو (مستفعلن) و نایەوێت شیعری نوێ بنووسێت و بڵێت شتێکی تازەم داهێناوە. هەر درێژ کردن و کورت کردنەوەیەک نابێ بە شیعری نوێ.

**قۆناغی یەکەم (سەرەتایەک لە کۆتایی)**

لە قۆناغی یەکەمدا کاک عادڵ سەرەتای شیعری کوردی هەورامی بۆ دوو دیاردە یان دوو بەرهەم دەگەڕێنێتەوە؛ واتە، شیعری «هورمزگان» و شیعرەکانی پیرشالیار، کە ئەو دەقانە بە «ماریفەتو پیرشالیاری» ناسراون. دوو بەرهەم، کە لە سەر ئەو ڕایەم هەم لە ڕووی پێکهاتەوە،

هەمیش لە ڕووی زمان و وشەوە لە یەکتر جیاوازن. ئەم دوالیزمە لە سەرتاسەری مێژووی شیعری هەورامیدا بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە و هەتا سەدەی چواردەیش دەبیندرێت. من هەمیشە وام هەست کردووە کە ئەوانەی خۆیان هەورامی نین، بەڵام بە شێوەی هەورامی نووسیویانە شیعرەکانیان لە گەڵ ئەوانەی هەورامی بوون، شیعرەکانیان جیاواز بووە. زۆر بە ئاسانی دەتوانین بەوە بزانین کە زمانی شیعری سەید تاهێر هاشمی لە گەڵ کەسێک وەک کاردۆخی جیاوازییەکی هەیە. زمانی مەستوورە و جەهان ئارا جیایە. هەرچەند ڕۆحی شیعری ئەوان لە یەک نزیکە. یان دەتوانین چاو لە زمانی سێ لووتکەی شیعری هەورامی واتە بێسارانی و سەیدی و مەولەوی بکەن، کە شیعرەکانی بێسارانی و سەیدی لە مەولەوی سادەتر و هەورامی ترن، هەم لە ڕووی وشەوە، هەمیش لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوە. دەکرێ لەم بارەوە زۆر فاکت بێنینەوە. هەروەها ئەڵماس خان و خانا و غوڵامڕەزای ئەرکەوازی لە یەکترەوە نزیکایەتی زیاتریان هەیە، هەتا لە گەڵ میرزا ئۆلقادر پاوەیی و مەلا خدر ڕواری. بەڵام ئەم جیاوازیە چۆن چۆنی باس دەکەین، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆ هەیە.

ئەم دوو فاقییە لە مێژووشدا وەک دوو زاراوەی «گۆران» و «هەورامی» ڕەنگی داوەتەوە، کە بەردەوام تێکەڵوپێکەڵ بە کار براون. دەکرێ بڵێین ڕەوتی شیعری گۆران بۆ شیعری هورمزگان و ڕەوتی شیعری هەورامیش بۆ ماریفەتو پیرشالیاری دەگەڕێتەوە.

هەروەها لەم سۆنگەوە ئەدەبی یارسان ڕەوتێکە سەر بە ڕێبازی گۆران. لەوانەیە بتوانین بڵێین لە مێژوودا شاعیرانی ئێمە بە دوو شێواز؟ شیعریان هۆنیوەتەوە. ئەو شاعیرانەی هەورامی نەبوون و بە هەورامی شیعریان نووسیوە، شێوازەکەیان گۆرانییە. هەروەها شێوازی هەورامی؛ واتە شێوازی ئەو شاعیرانەی زیاتر هەورامی بوون و بە هەورامی نووسیویانە .

ئەڵبەت ئەم شاعیرانە یان ئەم دوو ڕێبازە، لە یەکدی کاریگەرییان وەر گرتووە و هەمیشە لە تەنشتی یەکترەوە بوون. ئەگەر بتوانین ئەو دوو ڕێبازە وەک دوو شێواز تەتڵە بکەین، ئێنجا ئەم باسەش، واتە کاریگەری وەرگرتنی شاعیران لە یەکتر، بۆ خۆی باسێکی زۆر شیرینە.

کاک عادڵ لە ژێرنووسی لاپەڕەکانی ٧ و ٨دا ئاور لەم دوو زاراوەیە دەداتەوە و باوەڕی وایە ناکرێ شاعیرانی هەورامی بە ناوی گۆرانەوە ناو ببەین، چوون گۆران پاژێکە لە هەورامی؛ لە ڕاستیدا هەورامی گشتی ترە و گۆرانیش لە خۆ دەگرێ. هەرچەند نازانم مانای ئەوە چییە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا دەکرێ ئەو دوو تەرزە یان ئەو دوو ڕەوتە بە «شێواز» ناو ببەین؟ پێم وایە کاک عادڵ وەک شارەزا دەبێ لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکات و ئەم شتەمان بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەگەر ئەو دوو ڕەوتە، کە وەک دوو ڕووبار لە تەنشتی یەکدیدا ١٤٠٠ساڵ وەگەڕن، ئەوەندە شیاو بن وەک شێواز پێناسەیان بکەین و تایبەتمەندیەکانیان دەست نیشان بکەین، ڕەنگە بتوانین زۆربەی ئەو

شتانه له باسی قۆناغانه‌دا، که وه‌ک گرفت من کێشه‌م له گه‌ڵیان هه‌بوو چاره‌سه‌ر بکرێن و بتوانین له هه‌ناوی ئه‌م دوو ڕووباره‌دا شاعیره‌کان باشتر پۆلێنبه‌ندی بکه‌ین.

پێشنیاری من ئه‌وه‌یه مێژووی شیعری هه‌ورامی به دوو به‌ش دابه‌ش بکه‌ین و له جیاتی دوو زاراوه‌ی گۆران و هه‌ورامی، که دوو وشه‌ی فره مسداق و ئاپۆزن، دوو ناوی تر که هه‌ڵگری هیچ باس و مسداقێکی تر نه‌بن، له‌و پێناوه‌دا بدۆزینه‌وه و پاشان ده‌توانین له ژێر ئه‌و دوو زاراوه تازه‌دا شیعری هه‌ورامی زۆر ئاسانتر و زۆر باشتر و به کێشه‌ی که‌متره‌وه شرۆڤه و پۆلێن بکه‌ین. جارێکی تر ده‌ڵێم ده‌بێ له سه‌ر دوو زاراوه‌ی «گۆرانی» و «هه‌ورامی» وه‌ک دوو شێواز بیر بکه‌ینه‌وه و بزانین ئه‌م دوو ڕێبازه ده‌توانن وه‌ک دوو شێواز خۆیان بۆ ئێمه بنوێنن؟ ئایا ده‌توانین له‌م دوو ڕێبازه تایبه‌تمه‌ندی شێواز، به له‌ونێکی زانستیانه هه‌ڵێنجێنین؟ بۆچی ئه‌م دوو ڕووباره له ماوه‌ی هه‌زار و چوارسه‌د ساڵ هه‌رگیز به یه‌ک نه‌گه‌یشتوون و یه‌کتریشیان قت نه‌کردووه؟! ته‌نانه‌ت سه‌ر چاوه‌ی هه‌ردوو ڕه‌وته‌که‌ش جیایه. ئه‌مه برێ له‌و پرسانه‌ن ده‌بێ مشتومڕیان له سه‌ر بکرێت. به‌ڵام گرفتێکی گه‌وره له‌م پێناوه‌دا ئه‌وه‌یه شیعری هه‌موو شاعیران یه‌کسان له به‌ر ده‌ستدا نییه.

**بەشی شیعری نوێ**

کاک عادڵ بەشی کۆتایی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ شیعری نوێ. دەڵێ سەرکەوتن هەمیشە بۆ ئەوانەیە بتوانن ڕێباز و هەناسەیەکی تازە بە ئەدەب ببخشن. دەکرێ لەم پێناوەدا پرسیار بکەین ئایا عوسمان مۆحەممەد توانیویەتی هەناسەیەکی تازە بە شیعری هەورامی ببەخشێت؟ من باوەڕناکەم. تەنانەت کارەکانی ئەو هیچ کاریگەرییەکیان دانەناوە. بەگشتی ئەم بەشە لاواز دەنوێنێ. بەڵام ئەم لاواز بوونە، زۆر کەم یەخەی نووسەر دەگرێتەوە. چوون کاتێ بە ئێنسافەوە دەڕوانین ئاشکرایە نووسەر شتێکی ئەوتۆی لەبەر دەستدا نییە. ئەو دەبێ لەسەر چی بنووسێت؟ لەم بارەوە چەند کتێبی بەپێز و تووکمە لە بەدەستدا هەیە؟ چەند ڕێچکەی شیعریی لە شیعری نوێی کوردی هەورامیدا بەدی دەکرێ؟ ئێتر، دیارە ئەم بەشە لە کروکی خۆیدا لاوازە. لەسەر شتی لاوازیش، ڕەخنە و نووسینی بەهێز نانووسرێت. بۆیە باوەڕم وایە، دڵنیاشم خودی کاک عادڵیش هەمان باوەڕی هەبێت، کە ئەم بەشە پێویستە سەرلەنوێ بنووسرێتەوە. کەوابوو چاوەڕوانی داهاتوو دەبین تاکوو بزانین کاک عادڵ لەم بارەوە چیمان بۆ دەنووسێ.

بەڵام لە بەشی شیعری نوێدا دەکرێ هەندێ باس و خواس بورووژێنین کە پەیوەستن بە نووسەری بەڕێزەوە. بۆ نموونە کاک عادڵ لەم بەشەدا زیاتر لە هەر شتێ سەرقاڵی ئەوەیە بە هەر قیمەتێک بووە یەکەم کەس لەم بارەوە دەست نیشان بکات. خوازیارە بڵێ

سەرەتای شیعری هەورامی بۆ عوسمان موحەممەد هەورامی دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا خودی مامۆستا عوسمان مۆحەممەد کە کاک عادڵ بە ڕچەشکێن ناوی دەبات، خۆی لەم پێناوەدا وتەیەکی ئەوتۆی نییە. واش دیارە خوازیاری نوێخوازی و ڕچەشکێنی لە شیعری هەورامیدا نەبووبێت. دەستیکەم لە کارەکانیدا وا دەردەکەوێت، ئەو کارانەش کە ئەو کردوونی لە چەند شیعر زیاتر تێناپەڕن و لەو شیعرانەش هیچ جیهانبینییەکی نوێخوازانە بەدی ناکرێت. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ ئەو بەسەرەتا بزانین، سەرەتایەکە گەلێک لاواز. ئێتر ناتوانێ باوکی ئەم بەشە بە ئەژمار بێت. پاش عوسمان مۆحەممەد، کاک عادڵ جەلیل عەبباسی و کولسووم عوسمانپوور بە دوو شاعری تری سەرەتا ناو دەبات، پاشان وەک چوارەمین کەس ناو لە ڕووف مەحموودپوور دێنێ. ئەمەی کە ئەم سێ کەسە نوێخوازن قەبووڵە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین کامیان سەرەتا بووە، ئەوە بۆ خۆی شایانی لێکۆڵینەوەی زیاترە و منیش هیچ هۆگرییەکم لەو بارەوە نییە و ئەم جۆرە باسانە من بەرەو لای خۆیان ڕاناکێشن. کەچی دەتوانم ئەوە بڵێم ئەو سێ بەڕێزە لە بواری کاتەوە ئەوەندە پاش و پێشیان نییە، ئەگەریش هەبێ زۆر گرنگ نییە، چوون هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بە سەر شیعرەوە نەبووەوە. یان کاریگەریان هاو کات و هاو تەریبە. لەبەر ئەوەی هەر سێ شاعیر لە یەک دەیەدا کاریگەریەکان وەردەگرن و ئەزموونی خۆیان بۆ ناو ئەدەبی هەورامی دەگوازنەوە. بەڵام ئەوەی کاک عادڵ دەڵێت: «فلان

شیعر لە فڵان ڕێکەوتدا لە ڕادوێن خوێنداراوەتەوە، یان فڵان شیعر بۆ سروە نێردراوە و چاپ نەبووە»، ئەگەر بەمبۆنەوە خوازیار بێت یەکەم کەسەکان دیاری بکات، ڕەنگە هەم بەڵگەکان لاواز بن، هەمیش ئەو دەست نیشان کردنە هیچ شتێ ناگۆڕێ. بۆ نموونە من لەم بوارەدا شتێک دەڵێم بزانم بۆ کێ شیاوی قەبووڵ کردنە: من لەساڵی ١٣٧٤ هەتاوی لە ئەنجۆمەنی پاوە چیرۆکی هەورامیم خوێندوەتەوە، ئیستاش بە لای خۆمەوە ماوە، ئەگەر کەسێ لە بیری مابێ چیرۆکی شوانێک و دڵدارەکەی بوو. ئایا ئەوە بۆ مێژووی چیرۆک گرنگە؟! هەروەها لە زستانی ١٣٨١ دوو چیرۆکم لە گۆڤاری کارنامە وەرگرتوون و بۆ هەورامی پاچەڤەم کردوون؛ یەکێکیان ناوی «تانگ»ە، لە نووسینی حوسەین مورتەزایان ئابکنارە، ئەوی تریشیان «چوون جاری جاران»ە لە میترا ئێلیاتی. بەداخەوە هیچکامیان چاپ نەبوون. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە، من لەم بوارەدا چ ئیدعایەک دەتوانم بکەم؟ پێم وایە هیچچچ.

ئەمەوێ بیروڕای خۆیشم لەمبارەوە دەر ببڕم. من وەک گشتییەتێک لە ئەدەبی کوردی دەڕوانم، شیعری کوردیش لە شێخ نووری و گۆرانەوە دەستی پێکردووە و ئێتر تەواو. پێم وانییە بۆ هەر شار و شارۆچکەیەک و بۆ هە دیالێکتێک پێویست بێ یەکەم کەس و دووهەم کەس و سێهەم کەس دیاری بکەین. من ئەم کارانە «ئاو بە خڕدا کردن» دەزانم. هەوەها بۆ ئەو بەشەکانی تری ئەدەبیش هەر ئەم بۆچوونەم هەیە. بە ڕاستی من مانای ئەو هەموو دابەش کردنە نازانم.

نازانم....

له بەشی شیعری نوێدا شتێکی تر هەیە بە وردبینیەوە دەکرێ ئاوری لێبدەینەوە و وەک دژوازییەک پێناسەی بکەین. ئەویش ئەوەیە کاک عادڵ لە داڕشتنی قۆناغەکان مێتۆدێکی هەبوو، هەرچەند لە برێ شوێن من گرفتم هەبوو لە گەڵی، بەڵام ئەو تێدەکۆشا و، شاعیرێکی ناوازەی هەڵدەبژارد و بەپێی شێواز و تایبەتمەتدییەکانی شیعری ئەو، قۆناغێکی تەرغان دەکرد؛ ئیتر لەو قۆناغەدا هەندێ شاعیری تری بە دەوری ئەودا کۆ دەکردەوە. بەڵام کاتێ باس دەگاتە سەر شیعری سەردەم ئیدی ئەو مێتۆدە لە بیر دەکات و لە بەرچاوی ناگرێت، دەبێتە «یەک بان دوو هەوا». چوون لەم سەردەمەدا و لە بەشی شیعری نوێدا ڕەوف مەحموودپوور هەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە و هەمیش لە ڕووی چەندایەتییەوە و لە ڕووی فەلسەفەی شیعری نوێوە، ناوازەترین شاعیر بە ئەژمار دێت، دەبوایە لەم بارەوە ئەوی بە ناوەندی قورسایی ئەم ماوەیە دابنایە و پێویست بوو باشتر لەسەری پەیڤێ. هەروەها پێوست نەبوو ئەوەندە مۆحەممەد وەسیف سیستانی و حەنزەلەی بادەغیسیش ناو بات!!!

### دوو خاڵ

پێم خۆشە لێرەدا بە دوو خاڵ ئاماژە بکەم. یەکەم باس ئەوەیە مامۆستا عادڵ لەم کتێبەدا بۆ مێژووی لە دایک بوون و کۆچی دوایی شاعیرەکان لە سێ جۆر مێژوو سوودی وەرگرتووە: کۆچی مانگی،

هەتاوی، زایینی. ئەم شتە خوێنەر تووشی سەر لە شێواوی دەکات، لە بواری فێر بوونیشەوە زۆر نابەجێ و هەڵەیە. چوون خوێنەر ناتوانێ وێنایەک درووست بکات، ئەگەر ئەو وێنایەش نەبێت فێر بوون زۆر دژوارە. من بۆ خۆم جاروبار نازانم خانا بەر لە بێسارانییە یان بێسارانی بەر لە خانا، من جاران ئەم کێشەم بۆ زۆرێک لە شاعیران هەیە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئێمە لە هەر کتێبێک و لە هەر شوێنێ و لە هەر لاپەڕەیەکدا لە سەر بنەمای مێژوویەک باسەکان دەخوێنینەوە. بۆیە بریا کاک عادڵ مێژووی لە دایک بوون و کۆچی دوایی شاعیرەکانی یەکدەست بهێنایە، کە ئەوە بۆ خوێنەر زۆر ئاسان کاریی دەکرد. دووهەم خاڵ ئەوەیە، بریا لە بەشی ژیان و بیۆگرافی شاعیرەکاندا، زیاتر باسی بەرهەمی شاعیرەکانی بکردایە. درووستە مامۆستا لە پێشەکیدا دەڵێ نامەوێ مێژووی ئەدەبی بنووسم. هەروەها لەو پێناوەدا تێدەکۆشێ خۆی لە هەمتەر بوونەوە بپارێزێ؛ بەڵام دەبوایە هەر بەو جۆرەی کە لەسەر شێواز و شیعرەکانی بێسارانی و سەیدی و مەولەوی باس دەکات لەسەر شیعری شاعیرانی تر باسی بکردایە. ئەڵبەت نە بەڕادەی ئەو شاعیرانە، لانیکەم وەک میرزا ئۆلقادر، دەیتوانی ئاور لە هەندێ شاعیریتریش بداتەوە. ئەوە بۆ خوێنەران بەتایبەت بۆ خوێندکاران و مامۆستایان زۆر بە کەڵکتر دەبوو. لەم کتێبەدا هەندێ شاعیر کە دەکرێ ناوداریش بن ناویان نەهاتووە، وەک غولام ڕەزاخانی ئەرکەوازی. جارێکی تر سپاس لە مامۆستا عادڵ موحەممەد پوور.

## کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبی هەورامان[1] و چەند سەرنج و تێبینی

خوشحاڵم کە پاش بلاوبوونەوەی کتێبی «تەرح، ڕەوت ناسی شناسی شیعری کوردی هورامی لە سەرەتاوە تا هەنووکە» کە لە مانگی گوڵان بەهاری (٩٢)ی ک.ە بڵاو کرایەوە، لە لایەن خوێنەرانی ئەدەبی کوردییەوە بە وتار، نامە، تەلەفوون و پەیام پێشوازی لێکرا. مەبەستم پێشوازی چەپڵە لێدان و ستایشی بێمایە نیە، بەڵکوو بڕێک خوێندنەوەی گوتاری ئەو کتێبە بوو کە ڕوانگە و پەیلوای جیاوازی لێکەوتەوە. ئەمە تەعبیر لەو ڕووکردە ئەکات کە ئەم کتێبە پەیامێکی بۆ خوێندنەوە هەبووە و لانیکەم هەندی بابەتی بۆ یەکەم جار لە بەستێنەی شیعری نەتەوەیی خستۆتە گەڕ کە پێشتر لە کتێبخانەی ئەدەبی کوردیدا بۆشایی بوون. ڕەنگە ئەم دەقە یەکەم جار بێت هەندێ دوند و ڕەوەزو و ئاستەنگەکانی ئەم رێگا پڕ هەڵەتییە بە شێوەیەکی ڕیژەیی بڕیبێت و کون و قوژبنە نادیارییەکانی شیعری

[1] - محەمەدپوور عادڵ، هفتە نامەی سیروان، ژ (٧٥٦-٧٥٧) رەزبەری ساڵی (١٣٩٢)

کوردی هورامی پشکاند بێت و هەولێک بێت بۆ ڕێبوارانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە. سەرەڕای ئەمە نووسەر پێیوایە هێشتا هەندێ لایەنی ئەم ڕێبازە بە لێڵی ماوەتەوە و پێویستی بە خۆ ماندوو کردنی تر هەیە.

کاک «کەیهان عەزیزی» شاعیر، نووسەر و خاوەن هزر کە لە شیعری کوردی سۆرانیدا خاوەن جیگە و پێگەیەکی دیارە، لە هەفتە نامەی سیروان ژمارە(٧٥٣ و ٧٥٤) بەرواری(١٣ و ٢٠ ڕەزبەری ٩٢) وتارێکی رەخنەیی بە پێزی بە ناو و نیشانی« کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبی هەورامان!» لە بارەی ئەم کتیبەوە نووسیوە کە جێگای دەسخۆشانە و سپاس و حورمەتە بۆ رەخنەڤان کە بەهرە و بایەخەکانی ئەم کتێبەی نیشان داوە و پاشان پەیلوای خۆی دەربڕیوە و هەندێ خاڵی «ئەرێنی و نەرێنی»ش خستۆتە ڕوو کە هەر دوو جێگای پێزانینن و بێگومان بڕێکیان بەهرەیەکی باشن بۆ باری ناوەکی کتێبەکە و هەنێکیشیان تەعبیر لە ڕوانگەی ڕەخنەگر دەکات، بۆ نووسەر جێگای تێڕامان و شیاوی تێبینی و وەڵامدانەوەن. هەوڵ ئەدەم لە دوو بەشدا ئاوڕیان لێ بدەمەوە.

بەشی یەکەم: قۆناغەکانی شیعری کلاسیکی کوردی هورامی.

بەشی دووەم: شیعری ئێستای کوردی هورامی.

## بەشی یەکەم:
## قۆناغەکانی شیعری کلاسیکی کوردی هورامی

لە لاپەڕەی (١١) خاڵی (١)ی ئەم کتێبە نووسراوە کە دۆزی سەرەکی نووسەر نووسینی مێژووی ئەدەبیی هورامی و ژیاننامەی شاعیران نییە بەلکوو بیرۆکەی گڵاڵەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە و خستنە ڕووی بنەما و چلۆنایەتی تەشک گرتنی سەرهەڵدانی ڕەوتی شیعر کوردی هورامی و دابەشکردنی قۆناغەکان بە کەڵک وەرگرتن لە سێ بابەتی «شێوازناسی ، مێژووی ئەدەبی و زمانەوانی:

الف: ڕەوتی یەک لە دوا یەکی مێژووی ئەدەبی[1]

ب: خستنەڕووی بەرجەستەیی و کاردانەوەی شێواز و زمانی ئەدەبی شاعیرە کاریزما و نوخبەکان لە سەر شاعیرانی هاوکات و پاشڕەو و...

کاک کەیهان لە مەڕ توخمی«کرکە» وێڕای نواندنی پرسەکەی، زۆر جوان فەلسەفەی ئیدەکەی منی گواستوەتەوە کە کرکە لە تێزی تێئۆریکی ئەدەبی مندا «ڕۆحێکە کە (١٤) سەدە جەستەی شیعری کوردی هورامی لە هەر کەند و لەندێک پاراستووە». من دووبارە بە پێداگرییەوە لە سەر ئەکەم توخمە زمانییە ئەڵێم خوشبەختانە بە دۆزینەوەی ئەم توخمە، توانیومە شیعری کوردی هورامی بەرەو

[1] - جريان متوالی تاريخ ادبيات

مێتۆدێکی زمانەوانی تێئۆریزە و ئاراستە بکەم. بەڵام کاک کەیهان لەم بارەوە هێشتا دڕدونگ و گوماناوییە، تەنانەت بووە بە پرسیارێکی «دژوار و دژواز». سەرەڕای ئەمە وتوویە کە «کاک عادڵ لە چەندین وتاری فارسی و کوردیدا تێکۆشاوە ئەم باسە ڕوون بکاتەوە، بەڵام، پێم وایە هێشتا باسەکە بە لێڵی ماوەتەوە.» ئەگەر کاک کەیهان هەست ئەکات لەم بارەوە وتارم نووسیوە و هەوڵم بۆ شرۆڤەکاری داوە ئەی چۆن نووسینەکانی بە وردی نەخوێندۆتەوە؟ تا ئاوا پرسێکی دڕدونگ و گوماناوی دای نەگرێت! ڕەنگە لەم بوارا خۆی ماندوو نەکردبێ و بە وردی نووسراوەکانی منی لە(کتێبی سۆزی لیریکا، وتاری سەیدی هورامی لە تەرح (ل ٧٢) و چەند وتاریتر لە ڕامان و زرێبار و سروە و...) نەخویندبێتەوە. ئەگینا من بە زمانێکی سانای ڕاشکاو و بەلگە ئامێز ئەم توخمەم لە لەو سەرچاوانەدا هەڵاوێرد و شرۆڤەکاری کردووە.

بۆ زانیاری زۆرتر لە دیدی مندا «کرکە» هەوێنی جوانیناسی شیعری هورامییە، کە پێوەندییەکی ئەندامی و فۆنۆلوژیکی لە گەڵ پڕۆسەی دەنگ سازی[١] زماندا هەیە و توخمگەلێک لەم پڕۆسەدا کاریگەرن بۆ هەڵاوێردی زمان و شیعری کوردی هورامی و شێوەکانیتر. بەڵگەی زیندوو بۆ نواندنی نەخشی «کرکە» لەم کتێبەدا، بە پشت بەستن بەو توخمە و کەڵک وەرگرتن لە(توانش و کنش)ی زمانی، شیعرەکانی سەیدی هورامی ئانالیز کراوە و هۆکاری (کۆن و نوێ)ی سەیدی کە

[١] - فرایند واجی (phonemic process)

بڕێک بانگەوازی «دوانە»ە بوونی بۆ ئەکەن، خراوەتە ڕوو و بەو ئاکامە گەیشتووە کە سەیدی هەمان سەیدییە، بەڵام ئەمە توخمی «کرکە»یە جیاوازی خستۆتە نێوان تەجروبەی سەیدی لە کێشی خۆماڵی بڕگە و کێشی عەرووزدا. سەیدی بە سێ زمان (هورامی، فارسی و عەرەبی) شیعری داناوە، ئەو شیعرە هورامیانە کە بە کێشی خۆماڵی(توانش) وتراون لە شێوەی هۆنینەوە و دەربڕینی زماندا جیاوازی ئەوتۆیان هەیە لە گەڵ ئەو شیعرانەی کە بە کێشی عەرووز بەڵام بە زمانی هورامی کۆن و فارسی(کنش) دایناون. ئەگەر ئەم توخمە لە هەڵاوێردی پڕۆسەی داهێنانی ئەو شاعیرە بەر چاو نەگیرێ ئەوا خوێنەر تووشی دڕدونگی و شیمانە دەبێت و دەچێ بە هەڵەی خوێندنەوەدا کە ڕەنگە دوو سەیدی ئەم شیعرانەیان دانابێ .
کاک کەیهان باسی لە سەر شێوازی نووسینی منی کردووە کە گوایێ نووسینەکانم «ویشک، بێهاز و قلۆرن- ئەڵبەت من «وشک»م پێ جوانترە ئەم واژە زۆرتر ناوچەی موکریانە کە کاریگەری زۆری لە سەر کاک کەیهان داناوە، کەچی ڕەخنەی گرتووە کە من «هەبێتن» و «بکاتن» و «بکرێتن»ی هەولێریانە بەکار دەبەم – و... ئەمە پەیلوای ڕەخنەگرە و بۆ من جیگای ڕێز... من لە وتاری لێکۆڵینەوە و زانستیدا هەوڵ ئەدەم توخمگەلێک هەڵبژێرم کە خاوەن کارامەی ئەدەبی بن و بە باشی لە جێی خۆیاندا دایان بنێم، بە چەشنێک مەدلوولی ڕاستەکی خۆی بپێکێ و بتوانم دوایی بەرگری لێوە بکەم. هەر بابەتێک کارکردێکی مەوزووعی و شێوازناسانەی خۆی هەیە کە

ڕەنگە لە گەڵ باری ڕۆحی و زەوقی خوێنەرانیتر نەگونجێت. بگرە کەسانێک وەک شاعیر و هونەرمەند ببن کە هێزیان بە مل بابەتە فەنی، ئەدەبی، شارەزاییەکاندا نەشکێتەوە، بۆ خەڵەتاندن و ورووژاندنی زێهنی بەردەنگ، پەنا ببەنە ڕازاندنەوەی نەسری ئاهەنگین، هەستەکی و شاعیرانە و ئەم لق و ئەو لق کردن، تا سەرەنج ڕاکێش بێ بۆ خوێنەر و هەڵخراندنیان بەرەو ئاراستەی چێژی نووسراوەکە نەک ناوەڕۆکەکەی. من ئاوا ڕووکردێک بە چاوبەست کردنی خوێنەری ئەزانم و دووخستنەوە لە ڕاستییەکان.

لە وڵامی بەشێکیتر لە ڕەخنەکەی کاک کەیهان لە بەستێنەی زماندا، من دیاردەی تاک زمانی و پەتیخوازی[1] و پاکژکردنەوەی زمان و ترس لە بەکاربردنی زمانی ئەم و ئەو، بە پەتایەکی مردوو خوازانە و سواو و خەمۆکی دەزانم کە نابێ بانگەشەی بۆ بکرێت، بەڵکوو خەسارێکی مەزنە بۆ زمانی کوردی و گەڕانەوەیە بۆ رابردوو[2]، زمانی زیندوو و ئەکتیڤ ئەو زمانەیە کە هەوێنەکەی زمانی خەڵکییە دەکەن و ڕێگایەکە بۆ دوڵەمەند کردنی زمانی ستانداردی کوردی. ئەڵبەت پێویستە لە لایەن ئێنستیتۆی زمان و کۆڕە زمانەوانییەکان(کە نیمانە!) توخمە زارەکیەکان دەستکاری و هەڵاوێرد و بژاردە بکرێن بۆ دەوڵەمەندی زمانی نووسراوی کوردی و ڕەخساندنی سنووری نێوان زمانی زارەکی. ناوبراو دەبوا لە سەر ئەم کتێبە کە بە زمانی فارسی

---

[1] - ناب گرائی

[2] - سیر قهقرایی

نووسراوه ڕەخنەی نووسیبا و نموونەی بهێنابا کەچی لە سەر نووسراوە کوردییەکان نووسیویەتی.
لە بارەی زمان و شیعری کوردی هورامی بەر لە ئایینی ئیسلام، تا ئەو جێگە سەرچاوەم هەبوویێت، هەوڵم داوە توخمە زمانییە هوراممییەکان لە چەند دەقی ئەو دەمە هەڵێنجێنم و بیکەمە پێخوری وتارەکەم. ئەگینا لەمە زیادتر بەلگەو دەقێکم شک نەبردووە کە بیکەمە و ژێدەر، یان هەبووە و لە لای من نییە، حەز ئەکەم ئەگەر کاک کەیهان بەڵگەیەکی لە لا هەبێت دەری بخات با هەمووان کەڵکی لێوە وەر بگرن، بۆ لە ئارشیوی تاکە کەسیدا تۆز و گەرد بخوات؟
لە بارەی بەشی سێهەم (فەسل سوم ل ١٥٩) ڕەخنەوان تووشی شێواندنی پێکهاتەی سیستماتیکی کتێبەکە بووە شیرازەی کتیبەکەی لە یەک ترازاندوە و لە دۆزی سەرەکی نووسەر دوری خستوەتەوە. ئەمە بۆچوونی کاک کەیهانە:
«لە بەشی سێهەمی کتێبەکەدا کاک عادڵ لە شیعری کوردی هەورامی، وەک گشتییەتێک دەڕوانێ. لەم بەشەدا بە وردبینییەوە هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری هەورامی لە درێژەی ئەم ١٤٠٠ ساڵە دەست نیشان دەکات و ژیرانە لە سەریان دەپەیڤێ. ئەم بەشە وەک وتارێکی سەربەخۆ دەتوانێ بەسوود بێت؛ بەڵام لە قەوارەی ئەم کتێبەدا کەمێ دژواز دەنوێنێ. چوون هەوڵی ئەم کتێبە بۆ ئەوەیە ڕەوتەکان و ئاراستەکانی شیعری هەورامی بە خوێنەر بناسێنێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغانە دیاری بکات. ئەمە ئامانجی ئەم

کتێبەیە. بەڵام کاتێ نووسەر لە بەشێکی سەربەخۆدا بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ قۆناغ و مۆناغێک وەک گشتییەتێک و، وەک تاقە قۆناغێک لە شیعری هەورامی دەڕوانێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ قۆناغەکان تەنانەت بە لای خودی نووسەریشەوە جێگای متمانە نین.»

لە وەڵامدا ت بڵێم ئەم وتەی کاک کەیهانە ناڕاست دەزانم. بەرێزم نازانم چۆن چۆنی ئەمەت وتووە و چۆن بە دژواز تێ گەیشتوویت لە باسەکە، وادیارە وتەکەی جەنابت دژواز بنوێنێت. لە دەسپێکدا پێم وابوو کە کتێبەکەت بە وردی خوێندەتەوە بەڵام وادیارە ئەوەت نەکردبێت. پێشنیار ئەکەم دووبارە بە سەرنجەوە ئەم بخوێنەرەوە و لە گەڵ باسەکانی پێشوو بەراوردیان بکەیت.

ئەم بەشە نە وتارێکی سەر بە خۆیە و نە قۆناغە و نە مۆناغ!. بەڵکوو بە ڕەچاوکردنی قۆناغەکان دەبێتە جەوهەر و «گیان مایە»ەی باسەکان، بە شێوەیەکی چەند لایەن و دیالیکتیکی. نووسەر بۆ ئەوە بە شێوەی ڕەوشمەند و شێوازناسانە خوێنەر تێ بگەیەنێت کە تایبەمەندییە سەرەکییەکان شیعری کلاسیکی هورامی چین و ئەو باسانە کە لە بارەی شەش دەورەی شیعری کلاسیکی کوردی هورامی کراوە چە تایبەتمەندیەکی زمانی، ئەدەبی، هزری، جوانیناسانە و شێوازناسانە دەگرنە خۆ، فەسڵێکی تەرخان کردووە بۆ ئەم مەبەستە بە ناو: «جمع بندی ویژگی‌ها و شاخس های سبکی ادوار(جریان) شعر کلاسیک هورامی» ئەم بەشە لە (١٢) لاپەڕە و (١٢) بڕگە پێکهاتووە و بە گشتی

نرخ شناسییه ئەدەبی، هونەری، زمانی، فیکرییەکان، لە فۆرم و ناوەڕۆک و جیهان بینی و کاردانەوە و کارتێکردن(تەئسیر و تەئەسور) شاعیران و هۆنەران لێکدراوەتەوە و خراوەتە ڕوو کە پێوەندییەکی گشتەکی، زیندوو و ئەندامیی(ئورگانیک) لە گەڵ ئەو شاعیرانەوە هەیە کە لەو شەش قۆناغەدا باسیان لە سەر کراوە.

پاژێکتر لە باسەکەی ناوبراو لە بارەی «یارسان و گۆران و جیاوازی شێوازی شیعری شاعیرانی کلاسیکی هورامی لەو شەش قۆناغەدا»:

لە ڕوانگەی مندا هەر شاعیریک سەرەڕای ئایینی جیاواز وەک(یارسان) و زمانە ئاخافتنەکەی وەک(گوران: بە هەموو لقەکانییەوە کە زۆربەیان هورامی نین) مادام بە هورامی شیعریان دانا بێت، (لە سەر خوێندنەوەی ئێستایی و هاوکاتیدا/ درزمانی) سەر بە «ریتم، ڕەوت و شێوازی هورامی»ی دەزانم بە قەولی مەنتیقیان بۆ من(وجە خصوص و عموم)ە پاژێکن لەو گشتییەتە و نیشاندەری هێژمونی ئەدەبی هورامییە لە سەر ئەوان. «مەلا پەرێشان و شاکە و مەنسوور و...)یش لەم رێسای منە قوتار نین. ڕەخنەگر دەڵێت: یارسان «هەم زمان و هەم جیهان بینی و هەمیش قالبی خۆی هەیە». یانێ ئەبێ زمان و فورمی شیعریشیان لە هورامی جیاواز بێ. ئەمە لە گەڵ رەهەندی شێوازناسی ئەم ڕەوتە شیعرەدا دژبەر دەنوێنێ. با باسەکە بەو شێوە بورووژێنم:

شێواز(سبک) هەمیشە لە ڕێی بەراوردکاری دەقەکان، دێتە ڤەشاندن. تەنیا و تەنیا لە ڕێی لادان لە نۆرم (انحراف از هنجار) ئەتوانین پەی بە

شێوازی دەورەیەک، دەقێک یان شاعیرێک ببەین. کە واتە: «شێواز یانێ لادان لە نۆرم یان ڕێسای باو». سەرەڕای ئەمە لە باسی«نۆرم» و «لادان لە نۆرم»، بوون و نەبوونی توخمێک یان چەند توخم و تایبەتمەندییەک، بۆ نیشاندانی شێواز، چەندان گرینگ نییە. بەلکوو ئەمە «فێرکانس، زێدهات»ی توخمەکان بە شێوەی گشتییە کە دەبێتە نیشاندەری شێوازی شیعرێک یان شاعیرێک. کاکە کەیهان وتوویەتی «کە لە سەر ئەو ڕایەم (هورمزگان و ماریفەت) هەم کە لە ڕووی پێکهاتەوە، هەمیش لە ڕووی زمان و وشەوە لە یەکتر جیاوازن.». نازانم مەبەستی لە پێکهاتە چییە؟ بە ڕای من پێکهاتە یانێ: «کێش، قاڵب و تەرزی لەحن و دەربڕینی زمان و...». فۆرم و کێشیان یەک بێ، یانێ پێکهاتەشیان چوون یەکە. کەچی ئەم شیعرانە هەم شێوەی بەیان و هەمیش پەیامیان نزیکن بە یەک. ئیتر ئەو لادانە کامەیە لە «نورم»ەکاندا، تا ببێتە پێوەر بۆ جیاوازی شێواز و دوانە بوونیان؟ ئەم وتە دەبێتە پێوانە و وەڵامێک بۆ ڕەفزی باقی باسەکانی کە جەختی لە سەر جیاوازیی ئەو شاعیرانە ئەکات کە لە دەورەکاندا نەدەبووا وەک یەک ڕیز بکریا بان. نۆرمە سەرەکییەکان لەم دوو دەقەدا ئەمانەن:

الف- فورڕم(مەسنەویی)ن یان چەشنێکن لە مەسنەوی.

ب- کێش (دە بڕگە)یە.

ج- لەحن یان تون یان دەربڕینی وتە نزیک بە یەکە.

د- پەیامی ئەو دوو دەقە «هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان.../ وەروێ وارۆ وەروە وەرێنە...» ئاماژەیە بە هاتنی عەرەب و سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە ناوچەی هورامانە، ناوەڕۆکی پەیام چوون یەکە، سەرەڕای ئەمە ئەگەر جیاوازیش بن لە دیدی شێوازناسییەوە زۆر ئاساییە بۆ شاعیران سروشتییە مەدلوولات و وردە مەزموونەکان وەک یەک نەبن و چەشنی ڕوانینی ئەوان بۆ دنیای دەوروبەر «ڕێژەیی» بێ، خۆ هەموو وردەمەزموونێک نابێ بە نۆرم و لادان لە شێوازی دەورە.

ه- ئەگەر مەبەست لە دوالیزم مانا فەلسەفییەکەی بێت، ئەوا لە حەوزەی چەمک ناسی (مفهوم شناسی) و فەلسەفەی مێژوودا دەبێ باسی لە سەر بکرێت و جیاوازە لە وردە مەزموونی شاعیرانە، ئەمە ڕەهەندێکی ترە و لە پۆلێنبەندی بابەتەکانی شیعردا جێی نابێتەوە. دەبێ کتێبێکی تر لە بارەی مەفاهیمی «فەلسەفەی مێژوویی کوردی هورامی» بنووسرێت.

ئەگینا شاعیرانی هورامی بە قەولی کاک کەیهان بە (هورامی و گۆران)ەوە، زۆربەیان فۆڕم، کێش (بە شێوەیەکی ڕەها) و وێنە، فیکر و ڕێسای شیعر؛ کە نەریتێکی باوی ئەدەبین[1] (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) قۆستۆتەوە و هەڵقەی پێوەندیی هەمووشیان دیدێکی «غنایی» و چەپکێ «خسڵەتی»ی یەک چەشنە کە خوێنەرێک لە باسی «نۆرم» و «لادان لە شێواز» و «فێرکانس، زێدهات» ئاگادار نەبێ، ئەم پرسان کاکە کەیهانەی بۆ دەوروژرێت. بۆیە دەکرێ شاعیرانێک وەک

[1] - سنت معهود ادبی

«خانای قوبادی، ئەڵماس خان کەنوولەیی، میرزا شەفیع کولیایی و...»یش لە قۆناغی «بێسارانی» جێ بگرن. کاتێک ئاماری لێدانی فێرکانسی موتیڤ و وێنە شیعریەکانی شاعیرانی نوخبە و خاوەن شێواز ئەگرین دەبینین، قاڵب و کێش کە باسی کرا، زۆربەی مەزموونەکانیش لە لایەن شاعیرانی هاومەودا و پاشڕەو و لاساییکەرەوە، دووپات بوونەتەوە. یەک پێشنییار بۆ کاکە کەیهان، بۆ چەند شاعیر، هەر کام کوپلەیێ شیعر هەڵ بژێرێت و بیانخاتە نێو قاپێک و بەراوردیان بکا بزانە چەندە بە یەک نزیکن، ئەمە ساناترین و بەرچاوترین مەنهەجی شێوازناسییە. بۆیە دەڵێین جەهان ئارای پاوەیی و مستوورەی کوردستانی و فەخرولعۆلەمای سنەیی و فەقێ قادر هەمەوەندی، بێسارانی، خانای قوبادی (لە گەڵ ئەڵماس خان و بڕێک شاعیریتر لە مەنزوومە نووسیدا دەگمەنن و دەکرێ پۆلێنبەندی بابەتییان بۆ کرێت کە کراوە)، ئەڵماس خان کەنولەیی، میرزا شەفیع کولیایی، مەلا خدر رواری، وەلی دێوانە و...» بە قەولی رەخنەگر کە دژوازن و لەم شاعیر و لەو شاعیریتر نزیکن یان جیاوازن، لەم رێسا شێواز ناسانە پێڕەوی دەکەن و ئیتر ئاڵۆزی وێناکان نامێنێ. کاک کەیهان پەیتا پەیتا لە سەر و بنی نووسینەکەیدا من تاوانبار ئەکات بە پێڕەوکردنی ڕەوتی مێژوویی و یەک چەشن کردنی شێوازی شاعیران، کەچی لێرەدا مۆری بەڵێنی داوە بە مل وتەکانمدا و خۆی وڵامی خۆی داوەتەوە:

« بەڵام بەداخەوە مەجالی بەرتەسکی شیعری دە بڕگەیی و هەمتەر بوونەوەی واژە و دەستەواژە و لێکدراوەکان لای شاعیرەکانەوە، لە گەڵ نەبوونی جیهان بینی شیعریی و نەبوونی کێڵگە واتایەکان لە بواری بابەت و ئەندێشەوە، بونەتە هۆ تاکوو بەباشی نەتوانین شاعیرەکان و شێوازەکەیان بناسینەوە...»

باسی (پەروین ئیعتیسامی) کردووە، زەمین و ئاسمان چەندە دوورن جەوهەری جوانیناسیی فارسی و هورامی ئەوەندە. بەراوردکاری ئەم دو بابەتە نە لوژیکییە و نە زانستی. لەو کتێبەدا وتوومە:

«دورەبندی نمودن آن بر اساس سبک‌های رایج «دورەای-جغرافیایی» شعر فارسی(خراسانی، عراقی، هندی، بازگشت و ...) به لحاظ روش‌شناسی چندان مناسب به نظر نمی‌رسد. زیرا این سبک‌ها هر کدام محصول تعامل مراکز ادبی دربارها و برآیند شرائط و اوضاع سیاسی، اجتماعی و ادبی زمان و مکان خود بودەاند. خراسانی در مشرق و عراقی در مرکز ایران در چنین فضایی به نشو و نما پرداخته و شاعرانی مثل رودکی، فردوسی، عنصری، سعدی، حافظ و ... در آن‌ها به رشد و بالندگی رسیدەاند...»

...

«فهلویات» قۆناغ نییە و فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی شیعری کوردی هورامی لە ڕاستای ئەدەبی ڕەسەنی کوردیدا. دیارە کاک کەیهان تێنەگەییوە لە «فهلویات»؟! و نەیزانیوە مەبەستی من لە هێنانی ئەم باسە ڕوون کردنەوەی ئەو فۆڕمە بووە. من پێم وابووە «بابا تاهێر»

سەرەڕای هاوبەشی میراتی ئەدەبی ئەم شاعیرە لە نێو ئەدەبی یاری و فارس و لوڕ، فۆڕمەکەی شێوازێکی ڕەسەنی کوردی هورامییە. پێکهاتەی مۆسیقای دەرەکی ئەو «دوو بەیتی»انە کە لە مێژووی چواردە سەدەی شیعری کوردی بە تایبەت لە شیعری هورامیدا تۆمار کراون، بڕێک عەرووزوان کە سەر بە «عەرووزیزە و عەرەبیزە»کردنی ئەم چەشنە شیعرییەن، ئەیانەوێ چەواشەکاری بکەن. شیعرێک کە لە فۆڕم و نەست و هەستدا ئوسلووبی خۆماڵییە ئەیانەوێ بە زورە ملێ ڕۆخسار و هەناوی[1] بگۆڕن و بیکەنە عەرووزیی-عەرەبیی-فارسیی، ئەنجا بڵێن «بابا» فڕی بە کوردەوە نییە. دەی ئەمە کوێی کوێی گوناحە و چلۆن «دژوازە» و بۆ شێواندنە!؟ بە ڕای من زۆر پێویستە کە ئەم فۆڕمە ئەدەبییە کە مشت و مڕێکی زۆری لە سەر بووە و ئێستاش هەیە دەبێ لە سەر بنەما جوانی ناسییەکانی[2] باس و خواس بکرێت. ئەو پرسیارەی جەنابت ڕاستە کە بۆ دوای بابا، شاعیرێکی فەهلەوی بێژمان نییە. ئەڵبەت ئەگەر «شێخ سەفی» بە کورد دابنێین کە «کەسرەوی» جەخت لە سەر ئەم ڕووکردە ئەکات، ئەوا ئەو فەهلەویاتە زۆربەیان توخمەکانی کوردیی هورامین. سەیدی و چەند شاعیرێکی تریش چەند شیعریان هەیە لە سەر ئەو کێشە.

---

[1] - سوورەت و سیرەت

[2] - ساخت و صورت

**ڕەخنەگر زۆر بە جێدییەوە بابەتێک لە کتێبەکە ئەسڕێتەوە و نکولی لێ دەکات کە:**

«یەکێک لە باسە گرنگەکان لە مێژووی شیعری هەورامیدا باسی «مەنزوومە نووسی»یە، کە دەکرێ وەک ڕەوتێک بێتە باس کردن، بەڵام مامۆستا عادل بەداخەوە لەم کتێبەدا بە یەکجاری فەرامۆشی دەکات...»

زۆر بە داخەوە کاک کەیهان بە وردی سەرنجی نەداوەتە ئەو کتێبە ئەگەرچی لە سەرەتادا پێم وابوو، باشە ئەی ئەم باسانە چین کە لە بارەی «مەنزوومە نووسی» کە لەم کتێبەدا لاپەڕەی: (١٦٢ تا ١٦٧)ی بۆ تەرخان کراوە و جیاوازییان خراوەتە ڕوو. بۆ نموونە:

«انواع مثنوی‌ها

الف) بلند غنایی(بزمی): مثل «لیلی و مجنون» و «خسرو و شیرین» خانای قبادی، شیرین و خسرو میرزا شفیع پاوەای و شیرین و فرهاد میرزا الماس خان کندولەای و...

ب) بلند حماسی(رزمی): شاهنامەهای هورامی مثل: «رستم و سهراب»، «هفت خوان رستم»، «جهانگیر و رستم» و «نادر و توپال» سرودەی میرزا شفیع جامەریزی و...

ج) بلند تعلیمی: «پریشان نامە» ملا پریشان، «روله بزانی»(فرزندم بدان) و «دولت نامە»ی ملا خضر رواری و منظومەهای فقیه قادر هەمەوەند و...»

قۆناغی «شیعری نوێی کلاسیک» بۆ بڕێک شاعیری قۆناغی «دوای مەولەوی» کە کاک کەیهان پێشنیاری کردووە پێم زانستی نییە، بەڵکوو «بەینا بەینی»، ڕەنگە زانستیتر بێ. ئەڵبەت ئەم قۆناغە شاعیرانی پێشنیاری کاک کەیهان ناگرێتەوە: «مەلا هەسەنی دزڵی، عەبدوڵا بەگی هەورامان، ئاغا عەنایەت، محەمەدئەمین کاردۆخی و...» ئەمانە کار تێکردنی مەولەوییان لە سەرە با شیعرەکەشیان لاواز بێت و تا ڕادەیەک تەرزی دەربڕینیان وەک ئەو نەبێ بەڵام ڕێژەی لێدانی فێرکانسی شێوازەکەیان لە مەولەوی و شاعیرانی هەڵکەوتوو و نەریتی باوی ئەدەبی[1] وەرگیراوە. لە بۆچوونی مندا تەنیا عوسمان محەمەد هورامی ڕێسا شکێنی شیعری بڕگەیە، یانێ خۆی بۆ خۆی دەبێتە حەلقەی ناڤینی شیعری پاش مەولەوی و شیعری ئێستامان. دوایی لەم بارەوە زۆرتر دەپەیڤم.

ڕوانگەی جەنابی لە بارەی «گۆران و هورامی» تەعبیر لە بیر و بۆچوونی خۆی ئەکات بۆ من جێگای حورمەت. بەڵام من ڕوانگەم لەو بارەوە ڕوون و ئاشکرایە. من ئەڵێم ئەوانە بە «گۆران» ناسراون (شەبەک، زنگەنە، باجلان، کاکەیی، شێخانی، زازا، لەکی، کەلهور و... ) نێوان چییەتی(ماهیت) وتەزای شیعر(کنش) و مادەی زمان(توانش) جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، دەقگەلێک کە بە جێماوە بەلگەی توکمەیە بۆ ئەم ڕوانگە یانێ پێوەندیی نێوان پێکهاتەی «زمانی شیعر و زمانی ئاخافتن»یان زۆر لاوازە، تەنانە لە شوێنگەلێکدا

---

[1] - سنت معهود ادبی

که وشەی هورامییان بۆ ئاستەنگ بووە پەنایان بردۆتە وشە و زاراوەی زمانی خۆیان. نموونە لەو کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە.(بروانە کتێبی تەرح ل ٧-٦) . ئەمە نیشانەی هێژمۆنی «زمان، فۆڕم، ڕیتم و شێوازی هورامی» بووە کە شیعریان بەم ئوسلووبە هۆنیوەتەوە. کە واتە لە بوواری شیعر و ئەدەبدا بەشێکن لە هورامی. پێوە لکاندنی شیعری هورامی(ئەوانەی کە هورامی بوون و شیعری هورامییان وتوە تێوەگلاندنیان بە گۆران وەک گشتەکییەک دروست و زانستی نییە. بەڵام گۆران لە پێکهاتەی چییەتی کورددا وەک دیاردەیەکی باوی ئایینی-فەرهەنگی و مێژوویی(درزمانی و تاریخی) هەبوونی چەسپاوە و ناتوانین نکوولی لێ بکەین. تەنیا مەبەستی من (دید همزمانی) لە بواری «زمان، فۆڕم و شێواز» دایە کە ئەڵێم بەشێکن لە هورامی.

«کۆتایی بەشی یەکەم».

## بەشی دووەم:
## کتێبێکی تازە لە پێناو مێژووی ئەدەبی هەورامان[1] و چەند سەرنج و تێبینی

ئەم کتێبە تەنیا مێژووی ئەدەبی ڕووت نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە لە «مێژووی ئەدەبی، شێوازناسی و زمانەوانی». ناوی کتێبەکەش «جریان شناسی شعر کوردی هورامی از ابتدا تا کنون»ە کەچی ڕەخنەگر کردوویەتی بە مێژووی ئەدەبی ڕووت!؟

من کاربردی «شیعری نوێ» کە کاک کەیهان بە کاری هێناوە، نا بە جێی دەزانم. لە ڕوانگەی ڕەوش ناسییەوە چەندان مەنتێقی نییە. لە نەفسدا شیعر، داهێنانێکە لە بەستێنەی زماندا، هەر داهێنانێکیش لە نەوعی خۆیدا لە هەوێنی نوێ بوون بەهرەمەندە. شیعرێک کە سی چل ساڵ لەمەو پێش وتراوە ئێستا کەی خاوەنی سیفەتی نوێ بوونە. بەڵکوو خۆی چەشنێکە لە شیعری ڕابردوو. لەفزی «نوێ» تەنیا بۆ بەرامبەری کۆنە بوون بە کار دەبرێت. خاوەن ڕایان ئەمێستاکە «هاوچەرخ، هەنووکە، ئەمڕۆ و ئێستا و...»یان پێ جوانترە.

---

[1] - محەمەدپوور عادڵ، هفتە نامەی سیروان، ژ (٧٥٦-٧٥٧) ڕەزبەری ساڵی (١٣٩٢)

له ڕوانگه و نووسراوه‌کانی مندا مامۆستا عوسمان«ڕێساشکێن و لاده‌ر له فۆڕمی باو»ی  شیعری بڕگه‌یه و ده‌که‌وێته نێوان شیعری «ئه‌وسا و ئێستا». له‌و کتێبه‌دا هۆکار و خه‌ساره‌کانی سه‌رهه‌ڵدانی قۆناغه‌م شی کردووه‌ته‌وه. دواتریش باسی زۆرتری له سه‌ر ئه‌که‌م.

بێگومان شیعری ئه‌و شاعیره  به سه‌ر گۆڕانکاری شیعری هورامیدا بێ کاردانه‌وه نه‌بووه. من له بیرمه سه‌ره‌تای ساڵه‌کانی (١٣٧٠)ی ک.ه له گه‌ڵ ئه‌و شاعیرانه که وه‌ک پێشه‌نگی شیعری ئه‌مڕۆی هورامی دیاری کراون، له سه‌ر شیعره‌کانی کاک عوسمان و کاردانه‌وه‌ی ئه‌و باس و خواستمان کردووه. ئه‌گه‌ر پێویست بکات ئه‌وشوێنه‌ش نیشان کرد ئه‌که‌م. ڕه‌نگه بڵێت ده‌ی ئه‌مه که‌ی به‌ڵگه‌یه؟ به‌ڵام ئه‌مه لانی که‌م به‌لگه‌یه‌کی زاره‌کییه بۆ کاردانه‌وه‌ی ئه‌م که‌سیه‌تیه له سه‌ر ئه‌و شاعیرانه که مه‌به‌ستی جه‌نابیی و هه‌میش ڕه‌فزی وته‌که‌ی، زێده له هه‌مووی ده‌قه شیعرییه‌کانیین که بڵاو بوونه‌ته‌وه و به‌ڵگه و ژێده‌ری من بوون له‌و به‌شه‌دا. ئه‌مه ده‌قه که زیندووه و له گه‌ڵ به‌رده‌نگ دێته گۆ کردن، ئیتر گرینگ نییه بۆ من ته‌نانه‌ت ئه‌و شاعیرانه بڕوایان به خۆیان نه‌بێ و یان ڕه‌فزی ئه‌م توێژینه‌وه‌ی منه بکه‌ن .

ئه‌و کتێبه به تایبه‌ت به‌شی «شیعری ئێستای هورامی» بڕوای پته‌وم هه‌یه و به به‌شێکی سه‌ره‌کی له ژیانی ئه‌ده‌بی و ئه‌زموونی توێژکاری خۆمی ده‌زانم، هه‌ر واژه، ده‌سته واژه و زاراوه‌یه‌کی به وه‌سواس و تێڕامانێکی ئه‌وتۆوه نووسراون، چه بگات به دێڕ و لاپه‌ڕه و به‌شه‌کان و پێکهاته‌که‌ی. ئاماده‌م ته‌نانه‌ت له سه‌ر زاراوه‌یه‌کی شێوازناسی یان

زمانەوانیی بەرگری لێوە بکەم. ئێستاش هەر بەو پلان و چوارچێوەوە و ناوەڕۆکەوە کە بڕبڕەپشتە، خەریکم ئەیکەم بە کتێبانێکی جیاواز، ئەمە رەنگە بەڵێنێکی نا راستەوخۆ بوو بێت بۆ ئەو وتەی جەنابیە کە ویستوویە «لاوازە و سەر لە نوێ بینووسمەوە!!». نسبەت دانی لاواز بوون! تەعبیر لە بۆچوونی خۆی دەکات، بەڵام بە بەڵگەی زیندوو و زانستی-کە نەی خستوەتە ڕوو، وەک خوێنەرێک و ڕەخنەگرێک ئەو مافەی بۆ پارێزراوە، بەڵام تۆزقاڵێ لە«سوورەت و سیرەت»ی ئەم کتێبە ناگۆڕن. هەوڵیشم داوە تەنانەت مافی دێڕە شیعرێکی شاعیرێکش بپارێزم. من سەرەتای «شیعری کلاسیک»یشم لە هورمزگانەوە دەست پێ کردوە کە بریتییە لە سێ بەیت و وەک دەسپێکی شیعری کوردیش لە مێژووی ئەدەبدا نووسراوەتەوە تا بگات بە ماریفەت و ئەو شاعیرە نوخبانە کە دانراون لە حەوزەی شیعری کلاسیکدا و سەرەنجام شیعری ئێستای کوردی هورامی و باس و خواسی شێوازناسیان لە سەر کراوە، واتە کتێبەکەم خاوەن شێواز و مێتۆدێکی سیستماتیکی دیار و تاقی کراوەیە.

ئاماژەکەی کاک کەیهان بەڵگەیەکە لە پێناو چەسپاندنی دەگمەنیی و بەها و بایەخی توێژینەوەکەی من:

«زۆر کەم یەخەی نووسەر دەگرێتەوە. چوون کاتێ بە ئێنسافەوە دەڕوانین ئاشکرایە نووسەر شتێکی ئەوتۆی لەبەر دەستدا نییە. ئەو دەبێ لەسەر چی بنووسێت؟ لەم بارەوە چەند کتێبی بەپێز و تووکمە

له بەدەستدا هەیە؟ چەند ڕێچکەی شیعریی لە شیعری نوێی کوردی هەورامیدا بەدی دەکرێ؟.»

منیش پێشتر لە جەنابی لەو کتێبەدا، ئاوا بۆی چووم و خەسار و هۆکارەکانم شرۆڤەکاری کردووە: پێچەوانەی شیعری کلاسیکی هورامی کە خاوەن فەلسەفە، شوناس و نێزامێکی ئەدەبیی تایبەت بەخۆی بووە، شیعری هاوچەرخ قوتارە لەم توخمە جەوهەرییە. چوونکای بنەماکانی «جوانی ناسی»ی لە لایەن کەس یان کەسانێک لە سەر دەرک بە بەرپرسیارەتی گۆڕانکاری لە شیعردا، تێئۆریزە نەکراوە. ئەم ڕەوتە ئەمێستاکە هەیە لە شۆێنگەی کاریگەریی شەپۆلەکانی شیعری هاوچەرخی سۆرانی و بزاڤە ئەدەبیی نوێخوازییەکانی دەوروویەری هێزی ورگرتووە و سەری هەڵداوە و نیشتۆتە گاگۆڵکی. بەم حاڵەوە پرۆسەی گۆڕانکاری لەم دوو قۆناغەدا تێپەڕیوە:

١- لادان لە ڕێسای باوی بڕگەیی و و فوڕمی مەسنەوی (ڕێساگورێزی) کە عوسمان محەمەد هورامی ئەم کارەی کردووە و هەندێ پرسیاریشم لەم بارەوە خستۆتە ڕوو:

-ئایا ئەم »ڕێسا گورێزی»ی و لادانە لە خسڵەتەکانی باوی شیعری کلاسیکی هورامی وەک باقی شیعرەکان تر(کوردی سۆرانی، فارسی، عەرەبی و تورکی) ئاگاهانە و لە سەر بنەمایەکی تێئۆریکی و جوانخاسی(جەماڵ شناسی) تایبەتی هاتۆتە نواندن؟

-لق و پۆکانی ئاڵترناتیڤی ئەم باسە بابەتی- تێئۆریکییە چی بوون؟

- له کامه کتێب، بڵاڤۆکدا هاتوونەتە چاپ و پەخشکرن؟
٢- تەوەرێکی تر لە شیعری ئەمڕۆی هورامی و ڕوانین بۆ ئاسۆیەکی ڕووناکتر و تەجرۆبانێک تازەتر... لە دیدی مندا لێرە بە دواوە شیعری ئێستا دەست پێدەکات و شاعیرەکان پێناسە دەکرێن.

بە پێچەوانەی بۆ چوونی کاک کەیهان و دوو سێ کەس لە دۆستان، وایان نیشانداوە من مافێکم لە کەسێک زەوت کردوە یان ئەیکەم، کەچی لە بنەوەڕا ئەوە من بووم کە هەمیشە قورسایی و هەیمەنەی شیعری ئەو شاعیرەم لە کتێب و نووسراو و وتەکانمدا پاراستووە و بە خوێندنەوەی گوتاریی و بە ڕەوشی «فەننی» پڕۆسەی ناخەکی شیعرییم بە واتا «جەوهەر»یەکەی شرۆڤەکاری کردووە. بەکارهێنانی و واژە و دەستە واژەگەلێکیش کە لەم کتێبەدا لە ناساندنیدا هاتون بەڵگەی توکمەن بۆ تێئۆریزە کردنی ئەو مەبەستە نە زەق کردنەوەی درۆشمگەلی هەستەکی و هەڵخڕێنەر. سەرەڕای ساق کردنەوەی کەسی یەک و دووش وەک دانانان بە مافی واقێعی و تۆمار کردنی مێژووی شیعری ئێستای هورامی (بە قەولی جەنابیی تەنانەت مۆحەممەد وەسیف سیستانی و حەنزەلەی بادەغیسیش). دەقەکانی ئەو شاعیرە هەر لە لایەن منەوە خاوەن ئەرزش و کارامەیی و کاردانەوەی تایبەتی و شوێن کاتی واقیعی خۆیانن و بە دڵنیاییەوە لە ئارشیوی کتێبخانەی کوردی مەوجوود و پارێزراون. وەک خوێنەرێک و لێکۆڵەرێک ئەمە پەیلوای من بووە و ئێستاش هەر هەمان پێداگرییە و پاشگەزیش نیم. ڕێزی ڕەخنەش بۆ دەقەکانم لە

لای من تا ڕادەی پیرۆزێتی پارێزراوە، بەڵام زڕاندنی پەیتا پەیتای ناوی تاکەکەس بۆ من جێگای پرسیارە!؟

پێویستە بڵێم: کاکە کەیهان لەم وتەیەدا: «هەروەها پێویست نەبوو ئەوەندە مۆحەممەد وەسیف سیستانی و حەنزەڵەی بادەغیسیش ناو بێنێت!!!» مەبەستەکەی باش پێکاوە. هێنانی ناوی «حەنزەلەکان» ئەگەرچی بە مەبەستی بە کەم زانین و تارۆز لەسەر شاعیرانی پێ مەبەست بووە، بەڵام بەڵگەی توکمەن بۆ ڕۆڵی مێژوویی و خەللاقییەتی «حەنزەلە» کانی من و تاق دەقەکانیان. ئاخر براڵە ئەو تاکە بەیتانەی ئەوان بوون کە بنەمای مێژووی شیعری فارسی و هورامییان ساق کردوەتەوە.

کاک کەیهان لە بەشێک لە نووسینەکەیدا ئەڵێت: « شیعری کوردیش لە شێخ نووری و گۆرانەوە دەستی پێکردووە و ئێتر تەواو. پێم وانییە بۆ هەر شار و شارۆچکەیەک و بۆ هە دیالێکتێک پێویست بێ یەکەم کەس و دووهەم کەس و سێهەم کەس دیاری بکەین. من ئەم کارانە «ئاو بە خڕدا کردن» دەزانم. هەوەها بۆ ئەو بەشەکانی تری ئەدەبیش هەر ئەم بۆچوونەم هەیە. بە ڕاستی من مانای ئەو هەموو دابەش کردنە نازانم. نازانم....».

دیارە ڕەخنەگر لە بنەوەڕا بڕوای بە «نەفس» نەبووە و خەریکە لە «نەفەس» ئەدوێت. (براڵەم) باوەڕی بە ئەویتر نەبووە، نازانم تا ئێستا مەبەستی لە نواندنی ئەو هەموو دید و ڕوانگە و بۆچوونەی چی بووە؟ کاک کەیهان زمان، فەرهەنگ، ئەدەب و شیعر و ڕۆشنبیری

نەتەوەیی و «کەمپی زمانی شێوەکانیتر» بە هیچ ئەزانێ و ئەوەندە لاواز و بێ بەهایان ناوزەد دەکات تا ئەو ڕادە ...!؟ مەگەر ئێمە «یەک نەتەوە و فرە زمانە» نین و و هەوڵ نادەین بۆ ڕێکخستنەوە و یەکانگیری ئەو سامانە فەرهەنگی- ڕۆشنبیرییە؟ ئەگەر «زمان، فەرهەنگ و ئەدەب و شیعر»ی ئەم بەشانەی لێ قت بکرێت، دەی ئەو «گشتییەت»ە کە کاک کەیهان ناوی دەبات و بۆ من ناوی هەیکەلی«کورد»ە، چۆن دەنوێنێ، ناقڵۆکار یان جوانخاس؟ مەگەر «شێخ نووری و گۆران» بەشێک لەو هەیکەلە نین؟ خودی «گۆران» لە باسە تێئۆرییەکانیدا ئێهتیمامی نەکردووە بە گیان مایەی شیعری کوردی و لە سەر و سیمای ڕێفۆرمەکەیدا لەو جوانخاسییە کەڵکی لێ وەرنەگرتووە؟ یانێ لە دیدی کاک کەیهاندا ئەمانە تەنیا ئامرازە و بەس. پێکهاتەی ئەدەبیی کورد تەنیا یەک شێوازە و... ئەبێ بەرژەوەندی...لە بەر چاو بگیرێت! ئەگەر وابێ، ئەمە یانێ «دوگم و دوگم خوازی» و «ئەدەبیی چەق بەستوو» و ڕووتاندنەوەی کورد لە «فرە دەنگی و فرە چەشن»ی و هەڵاتن بەرەو سڕینەوەی دەنگی «ئەویتر». شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی شێوەکانیتری کوردی، زادەی «وێر و باری فەلسەفەی مێژوو»یی هەبوونی «کورد»ن و هەموویان پێکەوە ڕەنگینن. سەرەڕای ئەمە وەک سامانی «مرۆڤایەتی» لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا ڕەچاو دەکرێن. نازانم بەردەنگ چۆن لەم وتە ئەڕوانێ؟ ئایا خزمەت بە بڕبڕە پشتی «ئەدەبی نەتەوەیی» لە پێناو

«پلۆرالیزمی فەرهەنگی و فرە ڕوانینی ڕۆشنبیری کورد» لە دونیای سەردەمی ئەمڕۆدا «بڤە»کاریین و...؟!

من پێم وایە ڕەخنەی بەشی شیعری نوێی هۆرامان!، زۆرتر «لاوازاندن» بوو تا «هەڵسەنگاندن». چوونکای شێوازی ڕەخنەی بابەتیی کەمتر پێوە دیار بوو. هەر لەم «زەنجیرە»باسانەدا پێشتریش نووسراویەک فارسی بە ناو: «جريان شعر معاصر هەورامی در فرا سوی نقد مدرن»!؟ لە هەفتە نامەی سیروان ژمارە (٦٩٦-٦٩٧) بڵاو کرابوویەوە. ئەو دەقە، دوو ساڵ لەمەو پێش کوردییە سۆرانییەکەی لە دوو سێ کۆڕدا هاوکات وەک (هۆرامان ناسی و شیعری نوێی کوردی مەریوان و...) خوێندرابوویەوە. ئەو وتارەش سەر و بن ڕەخنەکەی لە سەر پووکاندنەوەی توێژینەوەکانی من و ئاراستە کردنیان بەرەو مەبەستی خۆی بوو. بە تایبەت لە وتاری (رەچەڵەک شناسی شیعری کوردی هورامی...» و باقی کتێب و ڕوانگەکانیتری کە گوایێ گوناحم و تاوانم ئەوە بووە خەریکم وەک یەکەم کەس بنەما و پێکهاتەی ڕاستەکی «مێژوو»ی (١٤٠٠) ساڵەی شیعری هورامی لە سەرەتاوە تا ئێستا، ساق دەکەمەوە و لە سەر فەلسەفەی «گۆڕانکاری بنەمایی!، تحولگرا!» نەم نووسیوە!. زۆر هەوڵم دا بزانم لەو درۆشمە«فەرا سوو مۆدێڕن»ەدا مەبەست لە نواندنی تێزی «گۆڕانکاریی بنەمایی!»یە چییە و تایبەتمەندی باسە تێئۆریکیەکانی کامانە بوون، کە تا ئێستا کراوە و من دەرکم پێ نەکردوە و یان ڕەچاوم نەکردوە و چە کەس یان کەسانێک کردوویانە و ئەو کتێب و

بابەتانە کامانەن کە نووسراون و من وەک سەرچاوە نەم هێناون. ئەگەر نەکراوە، ئەی هۆکارەکانی ئەبێ چی بن و چلۆن بکرێتن و کرۆکی پرۆسەکە و هەمیش پرۆژەکە چین. بەڵام مەخابن تۆزێکی لێ هەڵ نەسا کە لانیکەم ئاوڕێکی لێ بدەمەوە.
لە مەڕ دوو خاڵی کۆتایی ڕەخنەکەی کاک کەیهان: چەشنی مێژووی لە دایک بوون و کۆچی دوایی، لەو کتێبەدا سەرچاوەکان چۆن نووسراون وا هاتون. دەکرا یەک چەشن بوایەتن. لە بارەی بیۆگرافی شاعیران من لە پێشەکیدا وتوومە: من مێژووی ئەدەبی نانووسم خەریکم پلانێک دا دەرێژم بە ڕێبازی مێژوو-شێوازناسی-زمانەوانی بۆ شیعری کوردی هورامی. ئەگینا کتێبی مێژووی ئەدەبی زۆر و زەبەندەمان هەیە. سپاس، ڕێز، حورمەت بۆ بۆچوونەکانی کاک کەیهان و نووسینی بەرهەمی بە پێزتر و ڕەچاوکردن و خزمەتکردن بە زمان، شیعر و ئەدەبی هورامی و باقی شێوەکانیتر وەک هەوێنی ڕەسەنایەتی و بەڵگەی چییەتی فرە لایەنەی ئەدەبیاتی کوردی.

## لێکدانەوەی نیشانەیی شیعر و هۆنراوە و جیاوازییەکانیان

"شیعر و هۆنراوە" دوو چەمکی ئەدەبین بەڵام زەمینەی داهێنان و پێکهاتەیان جیاوازە. لە فرە شوێندا و لە نووسین و وتندا، هەندێ نووسەر، لێکۆڵەر و شاعیر جیاوازییەک بۆ ئەم دوو ڕووکردە ئەدەبییە قایل نین، واتە هەردووکیان بە یەک واتا پێناسە دەکەن، ئەمەش بە پێی کارکردی زمانی هونەری و ڕێساکەی، دژەهەرمان و پەڕچەکردارێکی زمانی و ئەدەبییە و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە کە دەلوێت درووست و هاوسەنگ لە گەڵ پڕۆسەی داهێناندا بەکارببرێن.

شیعر و هۆنراوە هەر یەک بە لەونێک زمانێکی بەرجەستەی ئەدەبی و دیاردەیەکی کۆمایی و نێزامێکی نیشانەناسانەن و بێچم گرتنیان پەیوەستە بە پێوەندیی یەکە پێکهێنەرەکانی زمانەوە. "وشەش لەو پێوەندییەدا بە تەنیا، نە بزێوە و نە دزێو، ئەمە پێکهاتەی وتەیە کە دەبێتە پێودانگێک بۆ وێنای جوانی و ناجوانی یەکەی زمان." [1] سووسوور ئەم پێوەندییە-هارمۆنییە، بە مۆرەی شەترەنج دەشۆبهێنێ کە شێوەی جووڵەیان بە پێی ئەرک، دەبێتە هۆکاری جیاوازی زمانی

[1]- کدکنی شفیعی، موسیقی شعر، ل ٢٣٨

"ئاسایی" و "ئەدەبی".[1] ئەرکی سەرەکی شاعیریش لە داهێنانی شیعردا؛ پێوەندی گرتنە لە گەڵ ئۆبژە بە زمانێکی رێساگورێز و زەریف ناسانە و ئەندێشەیێکی وردبینانە و وێنا کردنی مۆتیڤەکانی ژیانی مرۆڤ و نرخاندنیان بە زمانی هونەری و ئەدەبی. بۆیە "ئەدۆنێس" پێیوایە: "شیعر، هونەری بوونە و شاعیریچ ڕاوچی چرکە ساتەکانی ژیانە".جیا لە شێوازی ڕوانین و جۆری ئەندێشە؛ دەسەڵاتی شاعیرانەش لە دابەزاندنی زمان و گرێدانی "خەیاڵ و واقێع"، میکانیزمێکی سەرەکییە بۆ پاڵفتنی "شیعر و هۆنراوە" و "ئەوسایی و ئیستەیی"بوون و "شاعیر و شیعر نووس". بۆ باشتر شیکردنەوەی باسەکە ئاماژە ئەدەمە دوو پرۆسەی زمانی پێشتریش ئاماژەیەکمان پێدا:

١) زمانی ئاسایی ٢) زمانی بەرجەستەی ئەدەبی

زمانی پێوەندی یا ئاسایی؛ کارکردی تەنیا پەیوەندی گرتنە و بەس، بێ ئەوەی واتایەکیتر لە بەرچاو بێت[2]. بەڵام بەرجەستەکردن؛ جیا لە پێوەندیی ڕووت و تاک مانایی، بە شکاندنی تەشکی زمان؛ واژە و چەپکە واژە، دەچێتە نێو فەزای هێرمنۆتیکی و کردنەوەی ئاسۆیەکە بۆ فرەمانایی و خوێنەرتەوەری[3].

---

[1]- صفوی کورش، فرهنگ توسعه/٣٨-٣٧، ل ٣٥

[2] - زبان متعارف

[3] - زبان نامتعارف

بەرجەستە سازی دوو جۆر وێنای هەیە: ڕێساشکێنی[1] و ڕێساخستنەر[2]

ئەلف) ڕێساشکێنی

زمانی ئاسایی دەشکێت و زەمینە ئامادە دەکرێت بۆ ئاشنایی سڕینەوە و ئەدەبی کردنیان. لەم ڕەهەندەدایە زمان لە ئاستی ئاسایی و خودکاری دەگوێزرێتەوە بۆ فەزای ئەدەبی و دەقی شیعر؛ چە ئەوسایی بێت و چە ئێستایی.

ب) ڕێسای خستنەسەر

لەم پرۆسەدا چەند ڕێسا دەخرێتە سەر زمانی ئاسایی و لە دۆخێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دۆخێکیتر. بە واتەی "یاکۆبسن"، کێشانە[3] دەکرێ و ئەمەش هەڵاواردنێکە لە زمانی ئاسایی و ڕێگا خۆش دەکا بۆ بێچمگرتنی ژانرێک بە ناو: هۆنە، هۆنراوە یان نەزم. ئەم کێشانەش بە خستنەسەری چەند ڕەگەز واتە؛ کێش، سەرواناسی[4] و ڕەگەزدۆز[5] و تەرسیع و... دەکرێت و بەم شێوە خۆی لە زمانی ئاسایی جیا دەکاتەوە بەڵام بە دوو ئاراستەی بە جیاوازدا:

---

[1] - هنجارشکنی

[2] - قاعده افزایی

[3] - توازن

[4] - قافیەشناسی

[5] -تجنیس

یان دەقێکی ساکاری ئەدەبییە و قوتارە لە جەوهەری شیعر و لە هەمان دۆخی هۆنراە چەقبەستە دەمێنێتەوە یان بە دابەزاندنی ڕەگەزەکانیتری زمانی هونەری و ...، دەڕواتە نێو فەزای داهێنانی جەوهەری شیعرەوە و دەبێتە خاوەن نێزامێکی واتایی و قووڵی زمانی و زەمانی؛ یانێ بە واتا دەقە شیعر لە دایک دەبێ و دەمێنێتەوە. واتە یاسای خستنەسەر دەتوانێ دوو نموودی هەبێت؛ دەقی ساکاری ئەدەبی و دەقی قووڵی ئەدەبی کە پێوەندییان بە ڕەگەزەکانی سیستەمی نیشانەیی زمانەوە هەیە.

**نیشانە جیاوازەکانی شیعر و هۆنراوە:**

یا دەقی قووڵی ئەدەبی و دەقی ساکاری ئەدەبی:

١) جەوهەری شیعر پەیوەستە بە ڕێساشکێنی و ئاشنایی سڕینەوە لە زمان، ئەمەش پێوەندیی بە مانازایی و سیرەتی زمانەوە هەیە. بەڵام هۆنراوە[١] تەنیا بە خستنەسەری ئاهەنگ(کێش و قافیە و...)ی دەسازێنرێت و ئەمەش پێوەندیی بە ڕواڵەت و سوورەتی زمانەوە هەیە.

٢) نەزم یام هۆنراوە ڕاستەوخۆ لە زمانی ئاساییەوە دەگیرێت و بە هەستەوە بۆ مەبەستێکی(بۆنەیی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ...) دەهۆنرێتەوە. هۆنراوە چوون نزیکە بە زمانی ئاسایی، بەم بۆنەوە هاونشینی مادەی وشە و "مەجاز" ڕۆڵ دەگێڕن. یانێ کێشی عەرووزی، سەروا، ڕەگەزدۆزی و توخمی هاوسەنگ و... لە سەر

---

[١] - نظم

یاسای لکاندن(ترکیب) و کێشانە(توازن) دەخرێنە شان یەک و لە سەر دەریایەکی عەرووزی یان سیستەمی بڕگەیی(هجایی)؛ دەهۆنرێتەوە. هەر بەم بۆنەوە هۆنراه بە ڕەگەزی گێڕانەوە بە ئاسانی دەکرێتەوە پەخشان[١]. نموونەی شانامەکان و هۆنراوەکانن[٢] کە بە ئاسانی دەگوێزرێنەوە سەر زمانی ئاسایی و بە پەخشان نەقڵ دەکرێنەوە. ئەگەرچی هۆنیار[٣] لە بڕێک شوێندا هەوڵ دەدات وێنەی شیعرد بخولقێنێت، کەچی ناتوانێ و ئەوەندە لە سەر شیعریەت کاریگەریی ئەوتۆی هەبێت. چوون لەم دۆخەدا ڕێژەی بەرزی فڕێکانسی هۆنینەوە هەر بە سەر هۆنراوەدا دەشکێتەوە و وێنەشیعریەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بزر دەبن، بۆیە هەر بە هۆنە دەژمێردرێن. بەم پێودانگە پرۆسەی داهێنان دەچێتە نێو فازێکیترەوە؛ واتە هۆنراوە ناتوانێ بە تەواوەتی شیعر بێ، بەڵام شیعر دەکرێت هۆنراوەش بێت ئەمەش پێوەندی بە پڕۆسەو "نێزام"ەوە هەیە کە زۆرتر لە سەری باس دەکەین.

نێزام[٤] یانێ هەماهەنگیی سۆز، خەیاڵ و دەسەڵات لە نیشاندان و بانگهێشت[٥] واژە و چەپکە واژە و...بۆ خۆڵقاندنی دەق. هەر لەم

---

[١] - نثر

[٢] - منظومە

[٣] - ناظم

[٤] - سیستم، system

[٥] - احضار

ڕاستادا ئەگەر زمان، کێش، وێنە، هەست و ئەندێشە یەک بگرنەوە، دەڵێن شیعر "هارمۆنیا"ی هەیە. بۆیە هۆنراوە، قوتارە لە نێزام، بەڵام ئەمە شیعرە کە نێزامی هەیە. هەر چەندە نێزام لە شیعردا پێچراوەتر بێ، مانایچ ئەوپەڕیترە[1]؛ پێچەوانەش ئەگەر نێزام لە دەقدا ساکارتر بێ، ماناش ئەمپەڕیتەرە[2]. نموونەی هۆنراوە قەڵای نیشتمان لە مام هێمن موکریانی. واتایەک بۆ لاواندنەوەی نیشتمان و مانایەکی ئەمپەڕی. قاڵبی غەزەڵە و (تۆ) دەبێتە ڕەدیف و (فیدای، بەڵای، وەفای، قەڵای، بێگانەدای، سەفای، چیای، برای) کێشانە لە سەر کێشی عەرووزی یانزە بڕگەیی، هەزەجی شەشی قرتاو (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن) دانراوە کە تێمێکی هەستامێز، ئارام و لە سەرخۆی هەیە:

قەڵای نیشتمان
وەتەن! گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ
وەگیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ
لە پێناوت دەنێم سەر تا بزانی
منم ڕۆڵێکی ئازا و باوەفای تۆ
لەبۆ پاراستن و حیفزی سنوورت
لەباتی (ماژینۆ) سینگم قەڵای تۆ

---

[1] - مابعدیتر
[2] - کدکنی شفیعی، موسیقی شعر، ل ٢٣٨

دەبێ من چۆن بژیم مەسروور و دڵشاد
کە دەت بینم لە دەس بێگانەدای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆبی تۆ ؟ هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ
بە شینکە و گوڵ سەراسەر سوور و شینە
چ جوانە دیمەنی کێو و چیای تۆ
لە گەڵ تۆ بۆ نەجاتی نیشتمانت
دەدەن(هێمن)! هەوڵ خوشک و برای تۆ[١]

ئەم دەقەش لە سەیدی هورامی لە سەر کێشانەی دەچێتە نێو بازنەی هۆنراوەوە. فۆڕم مەسنەوی لە هەر بەیتێکداسەروا سەر بەخۆ دووپاتکراوەتەوە، کێش هەمان کێشی مام هێمن/ مفاعین، مفاعیلن، مفاعی(فعولن)، ئەگەرچی هەندێک لێکۆڵەر پێیانوایە کێشی خۆماڵی فەهلەوییاتە :

ئەز ئورومون مەکۆنم بێ و وەڵاتم
سەرووپیری خوای دابێ نەجاتم
بورۆ دەروێش لوۆ سەیروو وەڵاتۆ
نەنیشتۆ هیچ وەڵاتێونەی، نەساتم
لڤۆ ژیوار بۆرۆ شێتوو نیشاتێ
نیشاتە شێڤناش عەیش و نێشاتم

---

[١] - هیمن موکریانی

نیشاتەو کاکە بارۆمی خجڵنۆ
خەمێش بەرگم پەژارەش بۆ خەڵاتم
چونوو ئاخ ئاخمۆ من پەی نێشاتێ
سێواو ئاخۆ نەبۆ هیچ دەسەڵاتم
نیشات! ئەر میر و مەڵڵا پەرسە دادم
شکاتوو تەن، شکاتوو تەن، شکاتم...[1]

ئەم دوو دەقە سۆزی هۆنراوەن[2] نە شیعر؛ وشە و مۆرفێم و ڕەگەزی زمانی بە پێی یاسای خستنەسەر و (هاو نشینی و لێکدراندن)[3] ڕیز کراون و کێشی عەرووزییان لە هەر دێڕێکدا بۆ کێشانە کراوە و بەم شێوە "تەوازن" سازکراوە و ئاهەنگی داوە بە دەقەکان و لە زمانی ئاسایی گواستراوەتەوە بۆ زمانی نەزم و وێنەی شیعریی وەک جەوهەر، کەمتر لێیان بەدی دەکرێt.

بەڵام جەوهەری شیعر تەنیا سۆز و هەستی ڕووت و ڕێچکەکردنی وشە، مورفێم و باقە وشە نیە بەڵکوو ئەمە جێنشینی[4] و هەڵبژاردنی[5] ڕەگەزە زمانیەکانە و هونەری کردن و فەزای مانازاییە کە دەور دەگێڕن

---

١- حەبیبی عەبدوڵڵا، دیوانوو سەیدی هورامی، ل ٢٠٤ و غەزەڵەکە لە دیوانەکەیدا پازدە بەیتە لێرەدا کورتکراوەتەوە.

[2] - منظومە

[3] - هم نشینی و ترکیب، صفوی کورش، فرهنگ توسعە/٣٨-٣٧، ص ٣٦

[4] - جانشینی

[5] - انتخاب

و بنچکی شیعر دادەمەزرێنن و بەو هۆکارەوە وێنەی خوازە و باقی ئاشنایی سڕینەوەکانی تری زمانییان تێدا دەبینرێت و بەم لەونە لە دەستێوەردانی گێڕانەوە و ڕێوایەت دەپارێزرێن و بە ئاسانی نەقڵ ناکرێن. ئەمەش وای کردوە کە شیعری شاعیرە گەورەکان بە ئاسانی بە زمانی ئاسایی ڕەوایەت نەکرێن واتە نەکرێنە پەخشان.

**دوو نموونە بۆ شیعر:**

نالی شارەزووری :
ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا،
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا؟
خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سوروشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەردا
تەلبیسی نییە ئەو کەسە دێوانەیی ڕووتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لە بەردا
ڕەنگی نییە ڕوخسارەیی ڕەنگین و لەتیفی
ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەرد
هەرچەندە کە ئینسانە لە بەرچاوی من و تۆ،
مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا
ئیسباتی خەت و خاڵە، بە سەد شوشتن و گریان
ناچێتەوە ئەم نوقتە لەنێو دیدەیی تەڕدا

شەوقی کە نەبێ باسیرە، مەئیووسە لە دیتن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە نەزەر دا
ئالوودە نەبێ دا، بە زەبوون گیریی خوێنم
بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەر دا
نالی خەبەری بێ ئەسەری غائیبە، ئەمما
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا[1]

بێسارانی:
دەس دا نە دیدە ، شۆخی شەڕ ئەنگیز
ساوا بە سەوهان پەی داوای هوون ڕێز
دوو هیلال قەوس سیا ، کەرد پەیوەست
فاقەی گیر و گاز شەستی سەرپەل پست
پای چەپ وەست وەپێش، راست نەجا موحکەم
چەپ کەرد وەستوون ، راست ئاوەرد وەهەم
هەر ئەوسا زانام ، دڵ جەدەروون دا
پەخشا و پەخش بی ، ڕێزا بە هوون دا ... [2]

[1] - مودەڕێس عەبدولکەریم و فاتح مەلاکەریم، دیوانی نالی، ل ٧٩
[2]- حەبیبی عەبدوڵڵا، دیوانی بێسارانی، ل ٥٤٩

بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان شیعر و هۆنراوە بە جوانی دەرخەین و فاکتەکانیان بەرچاو بێت، بەراوردێکی وردتر ئەکەین نێوان ئەم دوو دەقەی بێسارانی و فێردەوسی لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە.
بێسارانی لەم شیعرەدا لە مۆتیفێکی فێردەوسی کاریگەری وەرگرتوە، چوون ئاشنایەتیێ تەواوی لە مەڕ شیعری فارسی هەبووە. بەڵام جیاوازییێکی ناواخنی و ماهییەتی لە نێوان ئەم دوو دەقەدەدا هەست پێدەکرێت. دەقە شیعرەکەی بێسارانی؛ غێنایی و عاشقانەیە و بەرکار[1] مێینەیە بەڵام وێنە هۆنیاکەی فێردەوسی حەماسیی و بەرکار نێرینەیە و بە پییێ ڕوانگەی بابەتەکەی، زمانەکەیان جیاوازیی واتایی هەیە. زمانی بێسارانی نەرم، جوان و هەستامێز و زمانی فێردەسی زبر، پاڵەوانی و مێکانیکییە.
بێسارانی وێنەییێ هارمۆنیایی- غێنایی(Lyriqu). خوازەی دوو نەیار بەرانبەر یەک؛ هێلالی قەوسی سیای یار(تیری ئەبرۆ) و دڵی عاشقی(شاعیر) کە ئەنگاوتەی خوێنە(هوون ڕێز). لە هەر دوو دەقەکەدا؛ پێوەستیی مۆسیقایی[2] هەست پێدەکرێ. لە هۆنراوەکەی فێردەوسی:

بماليد چاچي كمان را به دست
به چرم گوزن اندر آورد شست
ستون كرد چپ را و خم كرد راست

[1] - ماشووق
[2] - ملازمت مۆسیقایی

خروش از خم چرخ چاچي بخاست
بزد تير بر سينەي اشكبوس
سپهر آن زمان دست او داد بوس...[1]

لەم هۆنراوەدا، فۆنێمی(چ ، خ)، (چ ، حەوت جار) و (خ، سێ جار)، چەندپاتە کراوەتەوە و چرکەچرکی کەمانەکەی لە مەیدانی ڕەزمدا دەبیسترێ. لە شیعرەکەی بێسارانی، فێرکانسی دەنگەکانی (هە ، س)، (هە، فرەتەر جە سی جارێ) و (س، چواردە جار) چەندپاتە کراوەتەوە. (ە س) ناودەنگە[2] بۆ واتائاماژەی "قار و قین" و "ناز و غەنج" ی یارەکە کە لە گەڵ " پەیوەست کردنی دوو هێلالی قەوسی سیا"ی پێوەندییەکی ئەندامی و ناوەڕۆکییان هەیە. لە دەرەنجامدا؛ فەزای هۆنەکەی فێردەوسی "ڕەزم" و تێمی شیعرەکەی بێسارانی "بەزم"ە.

کاکڵەی باسەکە ئەمەیە کە هەر بێژەیەکی ئاسایی[3] کێش و سەروادار، پێدەڵێن هۆنە؛ کە زمانەکەی سەرانتۆیی[4]، تەوسیف و پیاهەڵدانە و تەشک و ناوەڕۆک لە سەر بۆنەیەکی گلێرگەیی، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی و... هەڵبەستراوە. بەڵام شیعر، بێژەیەکی ئەدەبییە[5] با

[1] - شاهنامە فردوسی
[2] - اسم صوت
[3] - کلام عادی
[4] - سطحی
[5] - کلام ادبی

وەکوو کێش و قافیەی ببێت یان نەبێت لە سەر خورپەیەکی دەروونی، شهوودی، دەروونناسیی دەربڕین[1] و دابەزاندنی هونەریی زمان[2] داهێنراوە. ئەمە فاکتێکی سەرەکیە بۆ هەڵاواردنی شاعیر و یا خەتیبێک یام هۆنیارێک. شاعیر ئەندێشمەندە بەڵام خەتیب ئەندێشەوەرز. ئەندێشەی شاعیر پڕۆسەیە و کارکردی دەروونی و خۆرپەیی هەیە بە سلووکی تاکی دەستەبەر بووە، بەڵام ئەندێشەی ئێدئۆلۆگێک دەرەکی و سازێنراوە. شیعرەکەی بێسارانی و نالی وێنایەکن بۆ پڕۆسەی خورپەبەخشی و هەناویی بوون و غێنایی بوونیان لە سلووکی شاعیرانەدا ئەمە یانێ شاعیر لە "شیعرەوە دەگاتە شیعر ". بەم پێوەرە بۆتیقاییە؛ دەقەکەی بێسارانی و نالی ناچنە نێو خانەی هۆنراوە و بەڵکوو چەمکی شیعریان بۆ پێوانە دەکرێ و ئەمەش سنوورێکی دیاریکراوە بۆ "شیعر" و "هۆنراوە" و "شاعیر" و "شیعر نووس".

زمانی بەرجەستەی دەقە کلاسیکییەکانی کوردیش لەم یاسا بەدەر نیە، واتە شیعر، هۆنراوە، شاعیر و هۆنیار چوار چەمکن کە بە پێوەری یاسای خستنەسەر و ڕێسا شکێنی خورپە داهێنەری لە پێکهاتە و زمان هەڵاوێرد دەکرێن.

---

[1] - روان شناسی بیان

[2] - اجراىِ هنرىِ زبان

## سەرچاوەکان:

حەبیبی عەبدوڵڵا. (١٣٩٥). دیوانوو بێسارانی. سنندج: انتشارات کردستان
حەبیبی عەبدوڵڵا. (١٣٩٨). دیوانوو سەیدی هورامی. سنندج: انتشارات کردستان
خالقی مطلق جلال. (١٣٧٢ه.ش). گل رنج های کهن. تهران: نشر مرکز
شفیعی کدکنی محمد رضا، (١٣٥٨ه.ش)، موسیقی شعر، تهران، انتشارات آگاه
صفوی کورش. (١٣٧٧ ه.ش). گونه شناسی شعر. فرهنگ توسعه. سال هفتم. ش (٣٧-٣٨)
صفی زاده صدیق. تاریخ ادبیات کُردی. ملا پریشان/ ١، ٣٧٦
فردوسی ابوالقاسم. (١٣٦٩). شاهنامه. ژول مول. تهران: انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی
محمدپور عادل. (١٣٩٢). جریان شناسی شعر هورامی از ابتدا تا کنون. تهران: ناشر احسان
مودەڕێس عەبدولکەریم و فاتح مەلاکەریم. (١٣٦٣) . دیوانی شیعری نالی. ارومیە: مرکز نشر و ئەدەبیات کوردی

## دیاردەی کۆن و نوێی فۆرمی شیعر و
## باسێکی نیشانەناسانەی ئەدەبی

فۆرم کامەیە، پێناسەی چیە و فۆرمی ساکار و هونەری چۆن جیا دەکرێنەوە؟ هەموو خاوەن هەستێکی ئەدەبیی بە ئەزموون، دەزانێت هەر دیاردەیەک بە چاو دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، تەنانەت پشقەڵێک فۆرمی هەیە. بەڵام لێرەدا پێداگری ئێمە لە سەر فۆرمی هونەرییە کە چۆنی بناسین و نیشانەکانی چین؟ و هەر وەها بزانین ئەمە کام فۆرمە کە کە ئەوەندە لای ڕۆخسارخوازەکانەوە بایەخی هونەری پێدراوە؟

ئەم قوتابخانە هونەری- ئەدەبییە سەلماندوویە کە هەر دەقێکی شیعری- چە کلاسیک و چە ئازاد، لە پانتایی فۆرمدا دەکەوێتە جووڵە، و بزاوتوویی بە خۆیەوە دەگرێت و دەبێتە بەرهەمێکی ئەدەبی- هونەری؛ یانێ فۆرمێکی تەواو و ڕەها. فۆرمی کامڵی ئەدەبی و هونەری دەبێت چی بێت؟ وڵامی ئەمەیە کە فۆرمێک کامڵی هونەرییە کە نە مادەیە و نە ئۆبژەیەکی دیاریکراو و تەنیا و تەنیا بریتیە لە پۆلێک نیشانە بە ناوی نێزامی نیشانەیی کە بە ئەفراندنیەتی بەکار دەبرێن و ئەگەر بە وردی ڕەمزناسی بکرێن، بێ گومان دەبنە

پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی فۆرمی ئاسایی و هونەری[1]. بە وتەیەک شیعر لە چەپکێک نیشانەی زمانیی ئەستوونی و ئاسۆیی داهێنراوە و وەک نان سەنگەکێکی تازە کە بەرزە باڵا، ڕاوەستاو بێت[2].

فۆرمی هەموو ئۆبژەیەکیش نیشانەی هەیە، بەڵام نیشانەکان مادین و پێوەندەکانیشیان میکانیکین نەک دینامیکی، واتە لە لایەن بکەرێکی وشیارەوە بە ناو شاعیر یا هونەرمەندێکیتر، بە ڕووناهیی کارای زەین دەستکاری نەکراون؛ بۆیە ناتوانن هونەری بن. ئەم نیشانەگەلە کە ئافرێنەری دەقن، یەک بە یەک پێکەوە پێوەندیی ئەندامییان هەیە. سووسوور ئەم پێوەندییە هەموو لایەنە بە مۆرەکانی شەترەنج دەشۆبهێنێت[3] کە شێوەی جووڵەیان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرەکانی شیعر[4].

لە سەر ئەم ڕووکردە دیالێکتیکییە، شیعر یانێ بەرهەمی دەستبردنی زەینی شاعیر لە ئۆبژە[5]؛ لە سروشت، مرۆڤ، ژین و ژینگە و پێوەندییەکانیان و... ئەم هەرمانەش[6] تەنیا لە وشیاری مرۆڤێک بە نێوی شاعیر و داهێنانی وێنە و زمانی تازە و بەڕۆژکردنیان،

---

[1] - شفیعی کدکنی محمدرضا، رستاخیز کلمات، ص ٧٠-٦٩

[2] - براهنی رضا، طلا در مس، ل ٣٦٤

[3] - صفوی کورش، فرهنگ توسعه، ش ٣٨-٣٧، ص ٣٥

[4] - انواع شعر کلاسیکی و آزاد

[5] - تصرف ذهنی در ئۆبژێکت، Object

[6] - کنش، عمل، کردار

دەوەشێتەوە کە بە هۆی خورپەی شیعر، زووتر لە تاکەکانیتر، دەرک بە ئەم پێوەندییانە دەکات[1]. وێنائ ئەم دانووساندنە خەیاڵیە دەبێتە **تەجرۆبەی شیعر**[2]. تەجرۆبەش دیاردیەک نیە کە تەنیا بەرهەمی ئیرادەی شاعیر بێت، کارەساتێکی ڕۆحییە کە لە ناخۆئاگایدا[3] ڕەنگ دەداتەوە. بە وتەی ئیلیۆت: خوێندنەوەی پەرتووکی ئێسسپینۆزا و چرکەکانی دەزگای تایپ یان بۆنی چێشتێک کە بۆ قنیاتی ڕۆژانە لێ دەنرێت، هەموو باس لە تەجرۆبەی تاق چرکەیی دەکەن بۆ بەرهەم[4]. دوور نیە کە ئەم تەجرۆبە هەست پێکراوانە نەبنە هۆی ڕسکانی شیعرێک یا خولقاندنی چیرۆکێک یا نەخشاندنی تابلۆیەکی شێوەکاری یا نووسینی فیلنامەیەکی سینەمایی. ئەم دەقە تەجرۆبیانە بە هۆی چاوچنۆکی نیشانەکانەوە ملکەچی حەتمییەتی زەمەنی، چەقبەستەیی واتا و تەنگیبەرانی بڕیاردان نابن. لەم بارەوە چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو:

**ئەلف)** عادەتی وا فەرزێنراوە هەر دەقێک بە فۆرمی ئازاد دانرابێت نوێیە و دەست و برد بەرانبەرەکەش[5]، نیشانکرد دەکرێت بۆ کۆنە و کۆنەپەرستی. ئەم ڕوانگە دەقاودەق لە گەڵ ڕووکردی فرانەیی و

[1] - کدکنی شفیعی محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، ل ٢

[2] - Poetry experience

[3] - ضمیر ناخوداگاە، Unconscious

[4] - کدکنی شفیعی محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، ل ٢١

[5] - قەراردادی بە هەموو قاڵبەکانیەوە

خسڵەتی ژێنێراتیڤ[1] و زاوزێکەرانەی شیعر کۆک نیە و پێوەندی بە نەهادینە بوونی باری عادەتی، هەستەکی و هێژموونی سفەتی تازەوە هەیە کە زەینی ئێمەی تەنیوەتەوە و بەم شێوە فۆرمی ئازاد کە دواییترە[2]، نویٚ و تازە و ئەویتر کە کلاسیک، قەراردادی و هۆنراوەن و بەرووترە[3]، دەچنە نێو فازی کۆنەبوون و دواکەوتوویيەوە و هەر ئەم تێزە چاوبەستراو و نازمانەوانییە، یەک لە دوای یەک دووبارەکراوەتەوە[4] و مێشکی شاعیر و خوێنەرێکی زەبەندەی داگیر کردوە واتە: تازە آید بە بازار کهنە شود دل آزار. ئەڵبەت نووسەری ئەم دێڕانە تینەتە ئەدەبییەکەی نوێخوازە و دژایەتی لەگەل هیچ فۆرمێکدا ناکات و جیاوازی و کارکردی زەمەنیی فۆرمەکان، ڕەت ناکاتەوە؛ بەڵکوو پێداگریی لە سەر جەوهەری شیعر و تەرزی مومارەسەی شاعێرانە و دژ کەڵک وەرگرتن لە ئێدیۆمیی فۆرمەکانە کە دەبێت هەرکام بە گوێرەی باری زمانی خۆیان و نیشانە هونەرییەکان، مامەڵەیان لە گەل بکرێت.

**ب)** ) پێویستە بزانین کە شیعر نێزامێکی نیشانەناسانەیە و لە سیستێمی زمانیدا شکڵ دەگرێت و ئەم نێزامە زمانیەش دەبێت وەک مۆرەکانی شەترەنج لە دەزگاییێکی نەقشدار و گەمەکەردا سەیری بکرێت کە

---

[1] - متون هنری و زایا، generative

[2] - متاخر

[3] - قبلیتر

[4] - توالی

چۆن یەکەسازێنەرەکانیان[1] پێکەوە پێوەندی دەگرن کە وابوو نوێ و کۆنە بوون ناتوانێت پێوانەیەکی بەرچاو بێت بۆ پۆلێنبەندیی جۆرە شیعرێک کە خۆی بۆ خۆی سیرەتی شەبەکەدارە و پێکەوە پێوەندیی بەرانبەریان هەیە و لە ڕاستیشدا ئاکامی ئەو پێوەندییانەیە کە جۆرەکانی شیعر بە دی دەهێنێت، نەک نسبەتدان بە دوێنێ و ئەمڕۆی سەرهەڵدانی شێعرێک[2].

**ج)** لەم سووچە نیگاوە؛ لە داهێنان و نوێخوازیدا، تەنیا ئەفڕاندن و خەلاقییەت پێوانەی سەرەکین. کات دەچێتە نێو یادکردنەوەی دەق و هەر وەها دیاردەکانیەوە. بەم جۆرە کۆن و نوێ دەبن بە دیاردەیەکی ناکاریگەر و عادەتێکی سەرزمانیی ڕۆژانە و هەر وەها ئەسڵێکی مێژوویی کە تێپەڕ بوونی کات تووشی فەرامۆشییان دەکات؛ بە واتا ئەوەی ئێستا نوێیە، چرکەیەکی دی دەبێتە کۆنە و بەسەرچوو و تەنیا ئەوەی تازە و نوێ دەمێنێتەوە؛ ئەو کۆما نیشانە زیتەڵ و چلێسنانەیە کە لە هەموو سەردەمێکدا بە زمانی حاڵەوە لە گەڵ بەردەنگی خۆیاندا دەئەخافێن.

**د)** تایینکردنی سفەتی کۆن و نوێ و مێژوویی کردنی شیعر کە کارەساتێک زمانیە و لە هەر دەرفەتێکدا ناکاو ڕوو دەدات؛ زانستی نیە. هەر وەها لە خاڵی پێشوودا وتمان بە تێپەڕبوونی چرکەکانی زەمەن، تەنیا دیاردەیەک کە ناتوانێ بە سەر دەقدا کاریگەر بێت،

---

[1] - واحدهای سازندەاش

[2] - صفوی کورش، فرهنگ توسعه، ش ۳۸-۳۷، ص ۳۵

کاتی دانانی شیعرەکەیە و زمانحاڵ تەنیا نیشانەکانن؛ ڕووکردی مێژووخوازیی دەق، دەمێکە لە لایەن دیمەنخوازەکانەوە وەلا نراوە[1] تا چاو دەکەیتەوە ئێستا دەبێتە ڕابردوو و ڕابردوویچ دەبێتە ڕابەردووی دوور و...ئەم سوورە زەمەنیی ئەزەلییە و هەر دووبارە کراوەتەوە و با بیشزانین کە چێژبردن بەشێکی دانەبڕانی شیعر و ئەدەبیاتە، بێ بەرچاوگرتنی مێژووی دانانی دەقەکە کە بەردەنگ پێی دەگات[2]. ئەم پێگەیشتنەش تەنیا بۆ بزاوتوویی زمان و قابیلییەتی ئەدەبی دەقەکە دەگەڕێتەوە کە دەبێتە هۆکاری ئەوە پاش چەندین سەدە، وەک نموونە ئێمە حافز و (بێسارانی، خانی، نالی و مەولەوی و...) دەخوێنینەوە و چێژیان لێ دەبەین و دەلالەتیان لێ دەخوازین و سەرەڕای کارکردی مێژوویی و ئەوساییان، هێمای هاوبەشی چییەتی هەستی بەخشانە و جوانی ناسانەی ئێمەن[3]. بە وتەیەک شیعر خۆ شۆربا نیە کە سەرد ببێتەوە و ئیتر نەتوانی هەڵ لووشیت. داهێنانی شیعر، تەرزێک مووسیقای زمانی و چەپکێک جوانی ناسیی ئەدەبی[4] و ئەندێشەی شاعیرانەنەیە و تەنیا بە لێکئاوێزیی[5] ئێستا و

---

[1] - درزمانی (Dyachronic)

[2] - براهنی، خطاب به پروانەها و چرا من دیگر شاعر نیمایی نیستم، ص ١٤٩

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩

[4] - جەماڵ شناختی

[5] - آمیزش

ئەوسا و دیالیکتیکی کردنیان[1]، دەگاتە پێکهاتە و فۆرمی هونەری خۆی و حوزووڕێکی هەتایی و هەرمان بە خۆیەوە دەگرێت[2].

**٥)** لە ئەنجامدا پێموایە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم کێشەیە و دیاری کردنی سنووری هونەری و ناهونەری(نوێ و کۆن) بوون، شایستەیە لە لێکدراو و پێکهاتەیەک کەڵک وەربگرین کە لە گەڵ باری زمانەوانی و پڕۆسەی داهێنان و جۆرەکانی شیعر، لۆژیکی و گونجاوتر بێت: شیعری کلاسیکی کوردی، شیعری سپیدی فارسی، شیعری قەراردادیی کوردی، شیعری ئازادی عەرەبی، شیعری هاوچەرخی هورامی یا سۆرانی، شیعری سەردەمیانەی ترکی، و شیعری ئەمڕۆی کوردی و... کەڵک وەر بگرین. بەمجۆرە دەگەینە ئەم بارگە دەلالەتییە کە بە کارهێنانی نوێ و نوێخوازی تەنیا بۆ فۆرمی ئازاد و شاعیری ئازادخواز قەتیس و بەرانبەرەکەشی بە کۆنە و کۆنەپەرست، تاوانبار ناکرێت. چوون پێڕەوی کردنی ئەم ڕووکردە دەبێتە عادەتێکی پۆپۆلیستیانەی سەرزبانی کە لە گەڵ باری زانستی و ئەفڕاندییەتی زمان و فەلسەفەی فرانەیی داهێنانی شیعر و قابیلیەتەکانی، گونجاو نیە.

---

[1] - مکالمه

[2] - شفیعی کدکنی محمدرضا، رستاخیز کلمات، ص ١٢٥

**سەرچاوەکان:**

براهنی رضا. (۱۳۷۱ه.ش). طلا درمس. ج ۱. تهران: ناشر نویسنده
براهنی رضا. (۱۳۷٤). خطاب به پروانه‌ها و چرا من دیگر شاعر نیمایی نیستم. تهران: نشر مرکز
صفوی کورش. (۱۳۷۷). بحثی اجمالی درباره‌ی گونه‌های شعر معاصر فارسی. مجله فرهنگ توسعه. ش ۳۸-۳۷
کدکنی شفیعی. (۱۳٦٦). صور خیال در شعر فارسی. چاپ سوم. تهران: آگاه
کدکنی شفیعی. (۱۳۹۱) . رستاخیز کلمات. درس گفتارهایی در باره نظریه ادبی صورتگرایان روس. تهران: نشر سخن

## ڕیتم نێزامێکی ئیقاعیی پانتای هەستی و ڕەگەزێکی بزاوتووی شیعر

ڕاستای هەست بە پێوەندییەکانی زمان و تەرزی دەربڕین و گەییشتن بە سەرمەنزڵی شیعر، ڕەگەزێکی هونەری بە ناوی ڕیتم  کە ڕۆڵێکی بەرچاو لە تەشک گرتنی هەموو جۆرە فۆرمێکی شیعریی دەگێڕێت؛ دەخەینە بەر باس و لێدواندن. هێنانی ئەم بابەتە فەننیە بۆ داهێنانی شیعر و سلووکی شاعیران نیازێکی تیئۆریکییە. هەندێک ڕوانگە، ڕیتم تەنیا بە ئاهەنگی دەزانن بۆ شیعر. ڕاستە ڕیتم(Rythme)، پەیوەندیی ڕاستەو خۆی هەیە لە گەڵ مووزیک و شیعردا، بەڵام ڕیتم ئیقاعە و تەنیا ئاهەنگی ڕووت نیە و ئاهەنگ بەشێکە لەم پێکهاتە.

ڕیتم لە قاموسدا یانێ هەڵقوڵاوی کانیاو. ئەو ڕەوتە یەک لە دوای یەکە کە دووبارەبوونەوەی  دۆخێکی دژ بە یەک درووست دەکات؛ دەنگ و بێدەنگ، درێژی و کوڵی، خێرایی و هێوری، هەڵچوون و داچوون و... بەم جۆرە ئەم دیاردە دژبەرانە لە پێکهاتەی دەقێکدا وێنا دەکرێن و پێوەندییەکی ئەندامی بۆ قەوارەی شیعر و داهێنانی دەقێکی پاراو و ڕیتمیک درووست دەکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕیتم و دەقی شیعر دوو ڕەگەزی لێک نەبڕاون. ڕیتم چما خوێنبەرەکانی جەستەی شیعرە و هۆکاری ژیاندنەوەی هەموو ئەندامەکانە لەم هەیکەلە

یەکگرتوەدا. دەنگەکان، بڕگەکان، تاکوشە و مۆرفیمەکان، وشەکان، باقە وشەکان، تا بگاتە لای لنگە و بەیت و جۆرەکانی قاڵبی کلاسیک و کێشانەی عەرووزییان و کووپلە شیعرێ ئازاد و سێناعەت و زەریف کاری و مانا و مانازایی و هەمووی؛ ئەو دۆخە دژ بە یەک و یەک گرتنەوە، وێنای ڕیتمێکی کارای ئەدەبییە و هێمای داهێنانی شیعرە.

شاعیر ئەگەر شارەزایی لە سەر ڕیتم نەبێت نازانێت پێکهاتە[1] چیە، ئەگەر نەزانێت پێکهاتە چییە، پێکهاتەی پێکهاتە[2] دەبێتە گرێ کوێرەیەک و بە ئاسانیش لە شێواز و شێوازناسی و سەرجەم بۆتیقا[3] و نەزەریەکانی شیعر، تێناگات و بەمجۆرە هەژاری تێئۆریکی دەبێتە ڕازێکی سەر بە مۆر و ئەم کێشە سیستماتیکییە هەر وەها درێژەی دەبێت.

ڕیتم تەنیا پێکهاتەی شیعر ناگرێتەوە، هەموو هونەرەکان و سەرجەم پانتایی پێکراوەی هەستی[4] دەتەنێتەوە. ژیان خۆی پێکهاتەیەکی ئیقاعییە، ترپەی دڵی گیان لەبەرێک تا بگاتە سووڕەی تەنە ئاسمانییەکان[5] و سەرجەم پانتایی هەستی، هەمووی وێنای ئەو ڕیتمەیە کە شلگیرانە داسەپاوە بە سەر دیاردەکاندا. تا ئەو شوێنەی زانستی مرۆڤ ئاگاداریی هەیە، هەمووی وێنایەکە لە نێزامی ئیقاعی کە وەستانی بۆ نیە و سەرەمڕە لە حاڵی جووڵە و

---

[1] - ساختار، structure

[2] - ساختار ساختار، structure of structure

[3] - بووتیقا(Poyetikes): عەرەبیکراو(معرب) ڕەگەزی یۆنانی پوئەتیکایە. یانێ تێئۆری و زانستی شیعر، شیعرناسی و هونەری شاعیری

[4] - منظومەی کیهانی

[5] - اجرام آسمانی

بزاوتندایە؛ تەنانەت پێکهاتەی هەر ژیار و فەرهەنگ و شارستانییەتێک نمانای ئیقاعی پێوە دیارە[1]. ئیفلاتوون دەڵێت: «کەسێک بە شێوازێکی ڕێک و پێک و دادپەروەرانە و ڕیتم ئامێز، پەروەردە بکرێت، مەحاڵە ببێت بە زاڵم و ستەمکار.» ئەمە یانێ ساباتی پەروەردە و فێرکاری، سیاسەت و تەرزی ڕوانین بۆ دنیا و ژیانیش، ڕیتمی هەیە. بیرچاوگەی ڕیتم دەگەڕێتەوە بۆ تێزە بیری و فەلسەفیەکان. فیلسووفی گەورەی یۆنانی، «فیساغۆرس» دەڵێت: «هەڵسووڕانی تەنە عاسمانیەکان و مەودای زەمانییان لە یەکتری، لە سەر بنەمایەکی قاعێدەمەند و هەماهەنگییەکی ڕێک و پێکی و هارمۆنیادار، دانراوە کە دەکرێت پێی بڵێین مۆسیقای گەردوونی.[2]»

ئەم ڕوانگە فەلسەفی - بوون ناسییە و مۆسیقای گشتگیری سرۆشتی، بیرۆکەی بیرمەندە یۆنانیەکان بوە کە لە تەرزی بیرکارە ئیسلامییەکانی «ئێخوانۆ سەفا»یچ ڕەنگی دابوویەوە[3] . بۆ سەلماندنی ڕیتمی کەیهانی،

---

[1] - شفیعی کدکنی، زبان شعر در نثر صوفیه، ص ٣٨١

[2] - همان سەرچاوەی پێشوو

[3]- ئێخوانوسەفا، اخوان الصفا (خلان الوفا) دەستەیەک لە زانایانی ئێرانی سەدەی چوارمی کۆچین، کە دۆزی هزرییان گرێدانی حیکمەتی یۆنانی و دینی ئیسلام بووە. ئەیانەویست بۆ خاوێنێتی دەروون و بەرز بوونەوەی پلەی کەماڵ، روانگەی ئاوەز و عەقڵی بیریارانی یۆنانی لە ئیسلام و حیکمەتی ئیسلام لێک نزیک بکەنەوە، نامیلکەی بێ ناو و نیشانیان دەنووسی و لە هیرمێس و فیساغورێس و سوقرات و ئیفلاتوون و ... ناویان دەبرد، لەوانە: ابوسلیمان محمد

دەیانگوت: «سوورەی تەنە عاسمانیەکا و جووڵەی هەستێرەکان و...هەمووی نیشانە و پێوانەیەکن بۆ مۆسیقای گەردوونی و ڕیتمیَ کەیهانی.[1] » ئەم تەرزە بیرە لە سەر شاعیرە گەورەکاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی داناوە، «مەولانای ڕۆمی» ڕوانگەی هونەری، ئەدەبی و عێرفانی خۆی ئاوا دەربڕیوە:

بانگ گردش های چرخ است این خلق
می سرایندش به تنبور و به حلق

یانیَ ئەمە وێنای زایەڵەی سوورەکانی گەردوونین کە خەڵکی هونەرمەند هەر یەک بە جۆرێک بە تەنبوور و بە گەروو دەیڵێنەوە[2]. خوێنەری خاوەن چێژ و زەکای ئەدەبی، بە خوێندنەوەی هەست دەکات کە سەرجەم بەرهەمەکان و تێزە بیریەکانی ئەم شاعیرە جیهانییە، بە تایبەت «دیوانی شەمس» وێنایەکن لەم مۆسیقا یەکپارچەیە کە هەماهەنگییەکی مانادار و هەستی بەخشیان لە گەڵ دیاردەکانی سرۆشتی و تەرزی جووڵەیان هەیە و هەروەها تێدەگات کە ئەم وێنە نەمرانە، هەوڵێکن بۆ لادان لە هەر عادەت و نەریتێکی دیاریکراو و گەڕانەوە بۆ سیستمێکی

---

بن معشر البستی(مقدسی)، ابو احمد المهرجانی و ... بڕواننە صفا ذبیح الله، تاریخ ادبیات ج ١، صص ٣٣٢-٣١٩

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٢-٣١٩

[2] - نیکلسون رنالد، مقدمه رومی و تفسیر مثنوی معنوی مولوی، ل ١٠٤

مۆسیقایی و ڕێتمێکی جیهانی و بنەڕەتێکی دادپەروەرانەی عاشقانە و ژیانێکی هونەرمەندانەی مرۆڤانی:

پس غذای عاشقان آمد سماع
که درو باشد خیال اجتماع[1]

«سماع» سەمای عارفانەیە و ڕیتمێکی تایبەتیی خۆی هەیە و چەشنی جووڵەکەشی بۆ عاشقان وێنای پێوەندیی لە گەڵ دیاردە زەینیەکانە، یانێ (دنیای لاهووتی) و هەروەها پشت کردنە لە دیاردە زەوینییەکان، یانێ( دنیای ناسووتی) و ئەنجامیشی گەییشتنە بە ئەو ئارمانج شارەیە کە کۆکەرەوەی ئامانجی سلووکی عارفانەیە یانێ (خیال اجتماع).
جگە لە دیاردە جەهانی، سروشتی و گەردوونیەکان، کە باسمان لێوە کرد، ڕیتم خسڵەتێکی بنەڕەتی و دانەبڕاوی لە گەڵ هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا هەیە. وەک دەڵێن: «ڕیتمی مۆسیقی، ڕیتمی سەما و هەڵپەڕکێ، ڕیتمی شانۆ، ڕیتمی تابلۆ و وێنەکێشی، ڕیتمی پەیکەرسازی، ڕیتمی تەلارسازی، ڕیتمی ڕەنگەکان، ڕیتمی عەشق، ڕیتمی دادپەروەری[2] و لە هەمووی پڕ بایەختر ئێژاتەر ڕیتمی گەردوونی[3] و...»[4].

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو
[2] - عدالت
[3] - کیهانی
[4] - ئایندە شمارە ٥٣، ل ١٦

ڕیتمێک کە دەبێتە هۆکاری تەشک گرتنی دەقێکی ئەدەبی، دەقێک مەبەستە کە کارا و کامڵ بێت، هەموو فەزای شیعر بە سەردەمی و کلاسیکەوە دەتەنێتەوە. ڕیتم ئامیانێکە بۆ گرساندنی ڕەگەزەکانی شیعر و چەشنی جوولەی مۆرەکانی سووسوور و هەروەها ڕوانگەی فۆرماڵیستەکان کە کە بڕوایان وابوو وشە نە جوانە و نە ناشیرین؛ بەڵکوو ئەمە پێوەندیی و هەماهەنگیی دیالیکتیکی ڕەگەزە زمانی و جوانیناسییە کە زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ بێچم گرتنی هەیکەلی شیعر. جا ئەو هەماهەنگییە دەبێت لە هەموو ئەندامەکانی شیعرد وێنای هەبێت: لە فۆرم و ناوەرۆک لە هەستی بیستن و دیتن و زەینیدا. عەرووز و یاساکانی، شیعری بڕگەیی و تەرزی تان و پۆی تۆخمەکانی، فۆرمی ئازاد و بەشەکانی؛ بە ستایلی جیاوازی خۆیان هەمووی بەشێکن لە هەماهەنگیی دیاردەی بەربڵاوی ڕیتم.

لە شیعری شاعیرە نوخبەکاندا، ڕەوتێکی سروشتی و ناوشیاری(دەروونزایی) هەیە کە دەنگ، هێشوەدەنگ، بڕگە و وشە و لنگە و کووپلەکە بە مێتۆدی خۆی پێکەوە دەبەستێتەوە و جگە لە ئاهەنگ و مووسیقا، «ڕیتم»ێکی تایبەت بۆ ئەو شیعرە، لە پێکهاتەی شیعرەکەدا دەڕەخسێنێت. ئەمەش لە پرۆسەی داهێناندا بۆ شیعرێک بە هەر فۆرمێکەوە؛ قەراردادی و ئازاد، دەسەڵاتی تایبەتی زەینی و زمانی دەوێت و ئاوارتە هەڵ ناگرێت. نموونەی تایبەتی مەولەوی، حافظ و مەولانا، شاملوو، فرووغ و شێرکۆن کە نموونەی بەرز و هەتایی شیعر و دەق و داهێنانن:

من چه گویم یك رگم هشیار نیست
شرح ان یاری که او را یار نیست[1]

لەم دنیا ناوشیاریدایه کە هەموو بەربەست و لەمپەرێک بۆ شاعیری ڕاستەقینە دەتوێتەوە و «تو جهانی بر خیالی بین روان»[2] و سەرنجام گەییشتنە بە ئەو نێزامە بەرز و هارمۆنیاییە کە تەنیا بە سلووک پێی دەگات:

نردبان آسمان است این کلام
هر که از آن بر رود آید به بام[3]

لە وتەیتردا دەڵێت من لە بەیت و غەزەڵ وتن تێپەڕیوم و لە دنیای ناوشیاریدا دیاردەیەکی ئەوپەڕیترم دۆزیوەتەوە و شیعرەکەشم پاپەیجەی عاسمانە و شەرحی یارێکی بێ یارە و دەبێت پلە بە پلە سەرکەویت تا بگەییتە ئەو مەودا بێ مەوداییە :

رستم از این بیت و غزل ای شه و سلطان ازل
مفتعلن مفتعلن مفتعلن کشت مرا
قافیه و مغلطه را گو همه سیلاب ببر
پوست بود پوست بود درخور مغز شعرا
ای خمشی مغز منی، پردەی آن نغز منی
کمتر فضل خمشی کش نبود خوف و رجا...[1]

---

[1] - سجادی علی محمد، گزیده ابیات مثنوی، ص ٦٣
[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢
[3] - شفیعی کدکنی، ، زبان شعر در نثر صوفیه، ص ١٠٢

و سەرەنجام:

مو آن بحرم که در ظرف آمدستم
چو نقطه بر سر حرف آمدستم
به هر الفی الف قدی بر آیو
الف قدم که در الف آمدستم[2]

[1] - فروزانفر بدیع الزمان، کلیات دیوان شمس، غزلیات، صص ٦٥-٦٤
[2] - همدانی باباطاهر عریان ، دیوان شعر، ص ١٧

## سەرچاوەکان:

سجادی علی محمد. گزیده ابیات مثنوی. تهران: دانشگاة شهید بهشتی
بدیع الزمان فروزانفر. (۱۳٦۳). کلیات دیوان شمس. غزلیات، تهران: چاپ سپهر. چاپ دهم
شفیعی کدکنی محمد رضا. (۱۳۹۲ه.ش). زبان شعر در نثر صوفیه. تهرا: انتشارات سخن
صفا ذبیح الله. (۱۳٦٦). تاریخ ادبیات. جلد ۱، تهران: ناشر فردوس
محەمەدپوور عادڵ. (۱۳۸۸). سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا. تاران: نەشری ئێحسان
نیکلسون رنالد. ( ۱۳٦٦). مقدمه رومی و تفسیر مثنوی معنوی مولوی. ترجمه و تحقیق اوانس اوانسیان. تهران: نشر نی
همدانی باباطاهر. (۱۳٦۱). دیوان شعر باباطاهر عریان همدانی. تهران: سازمان چاپ و انتشارات اقبال

# بنەماکانی پێشکەوتنخوازیی[1] ڕۆژاوا و کاریگەریی لە سەر هزر، هونەر و ئەدەبیات

پێشکەوتن لە ڕۆژئاوادا، بەرهەمی گۆڕانکاریی هزر، ئاوەز، هونەر و زادەی ڕەهەندە فەلسەفییەکانی ڕێنسانس و پڕۆسەی مودێرنیزم کردن بووە

[1] - ئاوانتگاردیزم (Avant+Garde) یا پێشکەوتوویی چەپکە وشەیەکی فەرانسەییە. لە تێئۆری هونەر و فەلسەفەی سیاسیدا وەک خوازەیەک بە کار براوە. ئەم توخمە زمانییە (Avant+Garde) لە بنەمادا مادەیەکی سەربازی-نێزامییە: Avant بە مانای بێڕەقدار و ئاڵاهەڵگر و پێش ئاهەنگە(طلایە دار) و گاردیش(Garde)، بەو تاقمە سەربازانە گوتراوە کە لە مەیدانی شەڕدا لە حاڵی بەرەو پێش چوویندا بوون. تا پێش لە ساڵی ١٨٤٨ز بۆ هەموو تاقمە سیاسییەکان؛ جمهووریخواز یا سۆسیالیستە پێشتازەکان بە کار براوە. دواتر لە ساڵی ١٩١٠ز بەملاوە، بە تاقمەیەک هونەرمەند و شاعیر گوتراوە کە خۆیان بە نوێخوازتر و پێشکەوتووتر لە دیتران دەزانی. مەرجی ئەم پێشکەوتنەش ئەوە بوە کە ئەم هونەرمەند و نووسەر و شاعیرە، دەبوا لە قۆناغێکی دیاریکراودا، توانیبایان پێشکەوتووترین ڕەوش یان تێئۆرییەکیان لە سەر بنەمایەکی ئەزموونکراو و نوێخوازانە داهێنابا و یا دانەری ڕەوتێکی تازە بایەن. بابەتیکیتر کە لە ئاوانگاردیزمدا، زۆر بایەخی پێدراوە ئەوەیە کە دەبێت پێشکەوتووخواز ئەوە بسەلمێنێت کە هونەرمەند یا شاعیر یا نووسەرێکی بوێر و نەترس و ڕادیکاڵە و هەنجارەکانی گلێرگەی کە زۆربەیان فەرهەنگیێ و هزری بوون، براونەتە ژێر پرس و بنەماشکێنییان لێکردوە. سەرچاوە: علی بابایی غلامرضا، ص٣٣ . ئەم وتارە لە هورامییەوە وەرگێڕراوەتەوە سەر کوردی سۆرانی و لە کتێبی: چەکەریای حەزێ تازێدا چاپکراوە.

و یەک شەوە نەهاتووەتە نێو گەمەی زمانی و بیری ئەوانەوە. بەڵکوو ئەم پرۆسەیە لانیکەم چەند سەدەی خایاندووە تا تەنانەت ناوەکەی بگاتە لای ئێمە.

بە پرسێک دەچینە نێو باسەکەوە. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاسیندا[١]، ڕۆژئاوا چۆن شۆڕشیی هونەری، ئەدەبی، هزری و پیشەیی هەڵگیرساند و ئەو کۆمەڵگە چەقبەسەتەیە ژووژاندەوە و گەیشتە ئەم سیستمە ماریفەت ناسییە کە ناسراوە بە مودێڕنیزم و پاش مودێڕنیزم و تەنانەت پاش پاش مودێڕنیزم؟ بۆ وڵامەکەی دەبێت بگەڕێین بە شوێن ئەو هۆکارانەدا کە هەبوونیان بە ئەم پرۆسەیە بەخشی. بە ڕای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە، سەرەتا ئێرادەیەکی ڕووناکبیریی و بوێرانە، تەنیا هۆکاریی بنەمایی بوو بۆ دابڕان لە ڕابردووی خۆیان[٢] و هەنجارشکێنی لە دیاردە کۆنەکان، بەم شێوە لە گەڵ موهێبەتی گەشە و پێشکەوتن ڕووبەڕوو بوونەوە. بەمەش هیچ کۆڵیان نەدا، لە چەند دەراوێکیترەوە ئەم پرۆسە درێژەی پێ درا[٣].

بۆ دابڕانیش پێویست نەبووە بە گژ ڕابردوودا بچنەوە و یا سووکایەتی پێ بکەن؛ گۆترەش تەسلیمی بریقەکانی ڕۆژ نەبوون. بەڵکوو دابڕان بەم مانا کە سنوورە پێش فەرزەکانیان بەزاند و بەشێک لە ماریفەت، سوننەت و مێژووی ڕابردوو کە هۆکاری سەرەکی قەتیسمانەوە بوون، لە سەر

---

[١] - قرون وسطی

[٢] - گسست از گذشته

[٣] - ماهرویان هوشنگ، فرهنگ توسعه، ص٤٢

بنەمایەکی لۆژیکی و ئاوەزیانەی دوارۆژیانە، ڕەخنەیان لێ گرت و نرخ ناسییان کرد و مەودایان لێ گرت و درێژەشیان پێدا.

ئەمە بگرە بۆ هەندێک خوێنەر پەڕچەکردار[1] و یان پرسێکی دژواز درووست بکات؛ هاوکات دابڕان و درێژەپێدان[2] بە چە واتایەک؟ چۆن دەکرێت هەم دابڕان و هەمتر درێژەپێدان و گەشەکردن بێت؟ تەفسیری دابڕان بەم واتا کە لە ڕابردوو کشانەوە و هەمیش پارێزگارییان لێوە کرد. قوولٚتر یانێ دیاردەکانی ڕابردوویان نرخ ناسی کرد و سەرە و ناسەرەیان دایە بێژنگ و سەرەکانیان بە ڕۆژ کردەوە و بوو بە چراوکەیەک بۆ چوونە نێو دنیای نوێ و سەردەمەوە. پرۆسەی پێشکەوتنخوازیی ڕۆژئاوا چەند قۆناغی هەستیاری بڕیوە تا گەیی بەم هەل و مەرجە کە ئێمەی موتەئەسێر کردووە. لێرەدا خاڵێک شیاوی سەرنجدانە؛ جگ لە شۆڕشی پێشەیی، بیری و هونەری و ... کە دوای سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست لە ئورووپادا ڕوویدا؛ بیرۆکەی فیلسووفەکانیش لەم گۆڕانکارییانەدا، ڕۆلێکی بەرچاو و ژیاندنەوەییان هەبووە.

«دەزگای فەلسەفی - دیالێکتیکی تێز، ئانتی تێز و سێن تێزی هێگێلی ئاڵمانی (١٨٣١-١٧٧٠ز)، کاریگەرییەکی بێ وێنەی دانا لە سەر پرۆسەی ئاوەزی گشتی و ئاگایی و خۆ ئاگایی مێژوویی- ئەتنیکی، بۆ وێنای

---

[1] - پارادۆکس، Paradox

[2] - گسست و تداوم

فەلسەفەی مێژوویی و بزاڤیی پێشکەوتەیی خۆرئاوا و تەنانەت ئاوەزیی تاکی و کۆیی جیهانی[1].»

سەرجەم ئەم پەڕچەکردارانە و کۆمەڵێک چالاکیتری هونەری و هزری کە لە درێژەی باسەکەدا وردتر و سەرنجبەرتر ئیشارەیان پێ دەکەین، بوون بە نەخشەڕێیەکی بە هێز بۆ باری بیری، هونەری و ماریفەتی و هەروەها بەردەوامیی ئەم پرۆسە کە بە گشتییەوە پێی دەڵێن «ڕێنێسانس، Renaissance» یانێ ژیانەوە و گۆڕانکاریی بنەمایی لەو قۆناغانەدا.

١) لەم پێناوەدا هاوێشتنی **یەکەم هەنگاو** لە سیاسەتدا بوو. ئەوەش بە دێمۆکراتیزە کردنی گلێرگە و تەفر و تووناکردنی ئوستوورە و ئوستوورەنماکان دەستی پێکرد. پێشتر پادشاکان، وێنای دەسەڵاتێکی چەقبەستە، پاوانخواز و دەماربەرز بوون، لە دەسەڵات کێشرانە خوارەوە و سەرۆک کۆمارەکان بە دەنگی ڕاستەوخۆی تاکەکانی گلێرگە هەڵبژێردران. دنکە دنکەی ئەم هەڵس و کەوتە مەدەنیانە بوون بە وێناکەرێک بۆ نیشاندانی تەبایی و پێکەوە بوونی هونەر و سیاسەت. فڵچەی هونەرمەندە نیگارکێشەکانی ئێمپرسیۆنیستی لە تابلۆهونەرییەکانیاندا، ئاگایانە بە زەکای هونەری و هێمایی، ئەم دۆخەیان قۆستوەتەوە و وەک بەڵگەیەکی کارا و زیندوو، چەمکی هونەر و سیاسەتیان بۆ کۆمەڵگە وێنا کردووە. ئەمە نمانای هاوشانی و گرێدانی «هونەر و سیاسەت» و بەدیکەری ئامانجەکانی هونەرمەندان، بیرمەندان و سیاسەتوانان و قوستنەوەی دۆخی ئەو دەمەی ڕۆژئاوا بوو.

---

[1] - ثاقب فر مرتضی، شاهنامه فردوسی و فلسفه تاریخ ایران، ص ١٢-٨

هونەر و ئەدەبیاتی ڕیئالیستی کە تا ئەو کاتە، شان و شکۆیەکی یەک لایەنە و تاق ڕەهەندەی بوو، ڕووی لە کزی نا و ڕێگای بۆ فرانەخوازی و جیاوازییێ لە هزر، هونەر و فەلسەفە و...ئاچۆخ کرد و بەمجۆرە هونەر و ئەدەبیات فەزایەکی فرانە و چەرموو و چەند لایەنە و فرە دەنگەی بە خۆوە گرت. یانێ هونەر، ئەدەب و سیاسەت هاودەنگ بە پێی ئامانجی دێمۆکراتیزەکردن و تاکخوازیی سیاسی و شارۆمەندیی، ڕۆڵی کارایان بەخشییە پڕۆسەکە و لەم پێناوەدا لە بە هێزکردنی چەمکی سیاسەت و ئامادەکردنی زەمینە بۆ دابین کردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەرەو پێشەوەچوونی بەرچاوی لێکەوتەوە.

٢) پاش دێمۆکراتیزە بوونی بەستێنەی سیاسی گلێرگە، **هەنگاوی دووەم** لە پێکهاتەی هونەر و ئەدەبیاتدا هەڵگیرا. پێشتر نووسەر و بەردەنگ و دەسەڵاتدارە تۆتالیترەکانی سیاسی، هاودۆز بوون و لە یەک خاڵدا یەکیان دەگرتەوە: چەقبەستەیی و تاقتەوەریی لە داهێنان و حوکوومەت کردندا. ئەم گۆڕانکارییە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بوو بە هۆکاری ڕووخانی بتی نووسەر و ئەو نەزمە تاقدەنگە کە بە سەر خوێنەری دەقیشدا حاکم بوو، تێکچوو. لەم هۆرزانە ئەدەبییەدا[١]، ئیتر دەقەکان بۆ نووسەر یا خوێنەری دەسەڵاتخواز و چەشکەگەرا و نوخبە پەسەند، نەبوو؛ بەڵکوو بۆ شکاندنی تینوویەتی تاکە چالاکەکان و بەردەنگە پڕ وزەکانی گلێرگە دەنووسران. ئەمە ویستی ئەو تاکخوازییە[٢] بوو کە بوو بە بەشێک لە مێژووی جیهانی

[١] - هەستانەوەی ئەدەبی، رستاخیز ادبی

[٢] - فردگرایی

پێشکەوتوو و پرۆسەیەکی ئاگایانە و ناسنامەدار کە پێی دەڵێن: بەرهەمی سەردەمی مودێرنیتەی ئورووپا.

**٣)** ئەم ڕێبازە هزری- هونەری و ئەدەبییە بەمەوە نەوەستا. پاشان ئەم ڕەوتە سیستماتیکییە لە ژێر کاریگەری و هێژمۆنی مێکانیزمەکانیتردا کە وەک نیازێکی تازەتر دەژمێردران؛ چوە نێو گۆڕانکاریترەوە کە ناسراوە بە «پاش مودێرنیزم». تا ئەم مەودا زەمەنیە هەندێ دەق هێشتا بۆن و بەرامەی دەسەڵاتخوازی و چەقبەستەییان لێوە دەهات. ئەم جۆرە دەقانە لە نێو مەحفەزیەکی شیشەییدا بڤەکراو بوون و تەنیا نوخبەکان ئەیانتوانی سەریان لێ بدەن نەک هەر خوێنەرێکیتر. بەم بۆنەوە **سێیەمین هەنگاو** بە هاتنە ڕووی تێئۆری خوێنەرتەوەری، گواسترایەوە. لەم قۆناغەدا ئەم مێکانیزمە فەزاکەی هەمدیسانەوە شڵەقاند و هونەر و ئەدەبیات دۆخێکیتری ڕادیکاڵ و نوێتری بە خۆیەوە گرت.

ساڵی (١٩٧٩ز) ئۆمبێرتۆ ئێکۆ نیشانەناسی ئیتالیایی کتێبی نەقشی خوێنەری نووسی. ئەم کتێبە لەم فەزا بەتاڵەدا شۆڕشێکی ئەدەبی و نیشانەناسانەی خستە ڕێ. لە ڕوانگەی ئێکۆوە، خوێنەری دەق ئیتر خوێنەرێکی ئاسایی نیە بەڵکوو خوێنەرێکە کە وا لە دووی کەشفی مانایەکی ئەوپەڕیندا[1]. ئەم مانا ئەوپەڕینەش تەنیا لە دەقێکدا بە دی ئەکەوێت کە فەزای چەرمووی دەلالەتیی تێدا بێت و کەشفی ئەو دەلالەتە نایابانەش دەکەوێتە ئەستۆی شۆڕە سواری ئەم مەیدانە بە نێوی

---

[1] - مابعدی، ماورایی

خوێنەری چەلەنگ[1]. سەرەڕای سیاسەت و ئەدەبیات؛ لە باقی ژانرە هونەرییەکانیتر وەک: وێنەکێشی، مۆسیقی، سینەما، شانۆنامە و... شۆڕشی بنەمایی بەرپا بوو. یەک پارچەیی، شەکیلی، تاکدەنگی و باری هەستەکی بەرهەمەکان کە لە خسڵەتە بە جێماوەکانی قوتابخانەی رۆمانسیسزم، ریئالیزم و ناتۆرالیزم بوون چوە ژێر پرسی ڕۆژ و تێخی ڕەخنەگرانەوە.

٤) لە پڕۆسەی داهێناندا[2]، ڕەوشیکیتر لە نێو جەغزی هزریی هونەرمەند، شاعیر و نووسەران هاتە نێو کایەی زمانییەوە، ئەویش سوننەت شکێنی و سڕینەوەی یەکپارچەیی و شەکیلیی دەق و ناوەندخوازیی دانەرەکەی بوو. بەمجۆرە لە **هەنگاوی چوارەمدا**: مۆنتاژ، کوولاژ، بنەماشکێنی بۆ شاعیران، چیرۆک نووسان و شێوەکاران، هاتە نێو گەمەی زمانییەوە و بوو بە شێوازێکی زاڵ بۆ دەقی ئاونگارد[3].

ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان لە گەڵ پاراستنی ئەرکە بووتیقایی و شارەزاییەکان، بەربڵاو و دەرەتانیتر بوون. پێشتر کە جوانی و شەکیلیی و یەکپارچەیی، باڵی بە سەر ئەدەب و هونەردا کێشا بوو، ڕەهەندێکی ئازادتر و پەتیتری بە خۆوە گرت. هەر وەها لە سیاسەتیشدا هەر تاکێکی گلێرگە مافی هەبوو کە لە هەموو بوارێکدا، وەک مافی شارۆمەندی چارەنووسی دیاری بێت و خۆی لە جەستەی دەسەڵاتدا ببینێتەوە و حەزە

[1] - تهرانی مسعود، نقد ادبی، متن ادبی، و اقتدارگرایی، ص ٣١

[2] - فرآیند آفرینش

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٣

پەنگواردەکانی، ئازاد بکرێن و شان و شکۆی ڕۆحی و ڕەوانی خۆی وێنا بکات. لەم ڕووکردە نوێ و بەدیهاتووەدا، سینما ئیتر تەنیا مەکۆیەک نەبوو بۆ نمانای جوانی و جوانپەرستی، بەڵکوو هەموو هونەرمەندێک تەنانەت بەدژ تەشک، زەڕەتاڵ، چەرمووپێست و ڕەشی دێز، ئەیتوانی لەم ساباتەدا ڕۆڵبەخشی بکات و بەردەنگیش بحەزێنێت. لە شیعردا نەزم و قاعێدە نەما؛ ڕەوان ناسیی ناخۆئاگای فرۆیدی ئێهتێمامی پێدرا؛ سیمیۆتیک[١] و حەزانەی زاڕۆ و پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی دایکی[٢] دیمەنێتری بە خۆوە گرت؛ لە یاسای ڕێزماندا نەریت شکێنی و یاسای نەحویی و لێکدراوەیی ڕێزمان ژێروڕوو کرا. «خاتوو ژولیا کریستوا» زایەڵەیەکتری ژنانە بوو کە بوو بە هۆکاری هۆرزانەی[٣] شیعرێک کە پەیوەست بوو بە شۆڕشی ژنان و ئازادی سیاسی، سۆسیایی و ڕەگەزایەتییان[٤].

«سیمبولیک[٥] کە بە یاسای باوک دەسەڵاتی و بەرهەمی بیریی «پێش مودێڕن و مودێڕنیزم» ناسیاوە وەلاوە نرا؛ سیمیۆتیک[٦] کە بە زانستی نیشانە ناسی [٧] و ڕەمزگەرداندن و مانازایی ناوی دەرکرد بوو، جێ نشین کرا. ئەم

---

[١] - نیشانە ناسی، semiology

[٢] - ئێرۆتیک، Erotic

[٣] - رستاخیز شعر

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠

[٥] - symbolic

[٦] - semiotic

[٧] semiology

کۆمەڵە دیاردانە کە لە ژێر کاریگەریی بیر و بڕوای پاش تەشکخوازیدا[1] بوون، کرانە وێنایەک بۆ بەرهەم و دەسڕەنجی ئەو چالاکییانە»[2].
بیرمەندانی ئەم ڕەوتە پێشکەوتووە، پێیان وابوو وشە تەنیا مانایەکی نیە بەڵکوو بە میزانی دەرک و تێگەیشتنی خوێنەری دەق، دەلالەت و مانای هەیە. لە بری واتائاماژە[3]، تا ناکۆتایی قایل بە دەنگ ئاماژە[4] بوون، یانێ: فرە فرە دەنگی، فرە ڕەنگی و فرە مانایی لە گشت ساباتێکدا ڕەنگی دابوویەوە. سەرەڕای دابڕانیان لە ڕابردوو، «نەریت، ئوستوورە و ئەفسانە و...»، گەلێک پڕبایەخ بوو. لە گەڵ ئەمەشدا هیچکام لەمانە؛ نە دانەر، نە دەق و نە بەردەنگ، بەلایانەوە پیرۆز نەبوون و کەسیش خۆی پیرۆزکراو نەدەزانی[5]، بەڵکوو هەموو دیاردەیەک، لە ژێر تێخی تیژی ڕەخنەیاندا ڕادەبوورد و سەرە و ناسەرەیان لێ دەپاڵاوت. بەمجۆرە ئەم بیرۆکەی ئەوانە کە زانستی، واقێعی و وێنای ڕاستییەکان بوو، سەرچاوەکەی بۆ پڕۆسەیەکی درێژماوە و ڕیازەتکێشی سیاسی، فەلسەفی و هونەری و... دەگەڕایەوە کە ئاگایانە و ژیرانە، لە خۆیان دابڕان و بەردەوام بوون و ئیستاش زایەڵەی پێشکەوتنخوازیی کاروانی هزر و هونەر و ئەدەبیان هەر دەزرنگێتەوە.

---

[1] - پساساختارگرایی

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠

[3] - مدلول، مفهوم

[4] - دال، لفظ

[5] - قدیس و قدیسە

بۆ هەڵسەنگاندنی[١] ئێمە و ئەوان و جەخت لە سەر ئەم فەکتە هونەری، بیری، فەلسەفی و سیاسییە پۆلێن کراوانە کە خستمانە ڕوو، جگەم گەش بینیمان بەم دیاردە نوێخوازییانە و مل کەچی لە هەمبەر جەبری هاتنی دنیای تازە و پەیوەندییەکانی؛ بە هیچ سەنگ و پێوانەیەک لە سەر بنەما و فەلسەفەی نوێخوازی ڕۆژئاوا، کێشانە ناکرێین و هیچ خاڵێکی هاوبەشیش پێکەوە نامانبەستێتەوە. دەسەڵاتی سیاسیمان نیە کە هیچ؛ لە ئەدەب، هونەر و هزریدا هێشتاکە دانەبڕاوین و هەر سمڕمانە لە سەر دیاردەی خۆ تەقدیسی و پیرۆزو کردن و پیرۆزنومایی و پارێزاندنی چوارچێوە قۆرخ کراوەکان و پۆپۆلیست کردنیان. شاعیر، هونەرمەند، بیرمەند، ڕەخنەوان و تیئۆرێسیەنی نۆخبەمان نیە هیچتر، یا بە دەگمەن هەن و کاربەخش نین کە لێبڕاوانە و بوێرانە، هەنجارە کۆن و فشۆڵەکانی شیعر، هونەر، بیری کرێڵ دراوی گلێرگە بە گوزارەی تازە و پێشکەوتنخوازی و ئاوانگاردیزەکردنی پێکهاتەکان بخرێنە ژێر تێخی دەبانی ڕەخنەی ڕادیکاڵی سەردەمییەوە و بە خێزاندنی دەقی کارامە، نێوان ئەدەب، هونەر و سیاسەت و فەلسەفەدا!! پردی پەڕینەوە ببەستین و بچینە نێو دنیایەکی ترەوە.

کام بیرمەند و سیاسەت و سیاسەتوانیمان بووە یان هەیە کە ئەم تێرمە هونەری و ئەدەبییانە! هامخوان و هاوشان بکات تاوەکوو ببن بە سامانێک بۆ شۆڕشی بیری و تاکی و کۆیی گلێرگەکەمان؟ وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا فەلسەفە، سیاسەت، هونەر و ئەدەبی پێشکەوتە لە ڕۆژئاوادا،

---

[١] - مقایسە

دەستکەوتێکی دیالێکتیکییە لەهەوڵ و خەباتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە بەدی هاتوە و دیاردەیەکی بە نێو گەشە و بزاوتنی بۆ هێناون.

ئەمانە کە باسیان لێوەکرا دیمەنی پرسەکانن[1] و تا ڕادەیەکیش چارەسەری و کردنەوەییان بە دەستی خۆمانە. وای دابنێین تا ئێستا لەم خەسارانەدا هەژار بووین و دواکەوتوویی وەرگرتە لە هێژموونی دەسەڵات و چەوساندنەوەی ڕووناکبیری لە ڕەوڕەوەی مێژوویدا بەربەست بووە، ئەگەرچیش هێشتا هەر هێزما نیە بۆ ئاچۆخ کردنی بەشی سەرەکی

ئەم بەربەستانە، بەڵام خۆ بەشێکی وا لە ژێر دەستی ئیرادەی خۆماندا و دەتوانین بڕێک لە دەردەکان بە خۆمان دەرمان بکەین.

دۆزێ کە دەبێت لە بەرچاوی بگرین هەوڵە لەمەولاییەکانە کە بە خوێندنەوەی دەقەکان و شەن و کەو کردنیان و داهێنانی واتا و وێنەگەلێکی هونەری کە تا ئێستا نەبوون، شیعری ئاوانگارد، ئاوانگاردتر بکەین و تەقدیس لە داهێناندا وەلاوە بنێین. وەک دەزانین ڕۆحی ئاوانگارد یانێ شکاندنی بازنە و بازنەکاری، یانێ شکاندنی بتی درووستکراو. پێشتر خستمانە ڕوو لەم ڕوانگەوە دەق، دانەر و بەردەنگ و خوێنەر هیچیان ئەبەدی و پیرۆز نین و حەقێقەتێک لەم سێ لانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش هەر پیرۆز نیە؛ تەنیا سوورەی دەنگ ئاماژەکانن و وێنای ئەو ڕاستییانەیە کە کەشف دەکرێن و ئەوانیش ڕەها و چەق بەستە نین و بزاوتن و سلووکی مانازایی لەم پرۆسەدا هەر بەردەوامە. بەمجۆرە چەقبەستەیی و پیرۆزنومایی کە سەرەکیترین خسڵەتی

---

[1] - صورت مساله

نەریتخوازی گڵیرگەی پێش مودێرنە دەنرێتە لاوە و ئەگەر درێژەی پێ بدەین یان بیکەینە هۆکاری پۆپۆلیستی کردنی ئەدەبیات و هونەر، بێ گومان کۆک نیە لە گەڵ ئامانجەکانی فەلسەفەی ڕاستەکی شیعری ئاوانگارد و کاردانەوەی و پەرچەهەرمانی بەردەنگی وریا و پرسی ڕەخنەی ڕادیکاڵی لێ دەکەوێتەوە و پێویستە بکرێتە گوتاری زاڵ و ئەویش هەر پێویستی بە سلووک و تیئۆریزە کردن هەیە کە باسێکیتر و مەودایەکی تری دەوێت.

**سەرچاوەکان:**

تهرانی مسعود. (۱۳۷۷ه.ش). نقد ادبی. متن ادبی، و اقتدارگرایی. مجله فرهنگ توسعه. ش ۳۸-۳۷
ساقب فر مرتضی. (۱۳۷۷ه.ش). شاهنامه فردوسی و فلسفه تاریخ ایران. تهران: انتشارات قطره- موعین
علی بابایی غلامرضا. (۱۳۸۲ه.ش). فرهنگ سیاسی. تهران: انتشارات آشیان
ماهرویان هوشنگ. (۱۳۷۷ه.ش). نیما رویکرد چهارم به مدرنیته. فرهنگ توسعه، ش (۳۷-۳۸)

## بۆتیقای دەق- دانەر، دەق- داهێنەر و خوێنەر- ڕەخنەوانی و جیاوازییەکانیان[١]

لە تیئۆری ئەدەبی و خوێندنەوەی تێکستەکاندا، هەمیشە دوو جۆر بژاردەی ئەدەبیی بەرچاو بوون کە دوو دیاردەی جیاوازیان، نەخشاندووە: "دەق- دانەر- ی" و ئەویتر "دەق- داهێنەر- ی". ئەم دوو شێوازە لە گەل دوو ئاوەڵناودا هەمیشە پێوەندییان هەبووە: «داخراو»[٢] و «کراوە»[٣] کە ئەم دوو ڕەگەزە هەر یەک لە سیرەتی خۆیاندا، لە گەل «دانان» و «داهێنان» و «دانەر» و «داهێنەر» یەکیان گرتووەتەوە و نیشانەکانیان کەوتووەتە دەرەوە. لەم وتارەدا ئەمانەوێت لە سەر دوو ڕێهەرمانی ئەدەبیی[٤] دەق- دانەر- ی و دەق- داهێنەر- ی[٥] ی[٥] و هەر وەها بنچینەی دەقێک کە دانەرێک دای دەنێت و دەقێکیتر کە دانەریکیتر یا هەمان دانەر، دای دەهێنێت[٦]، باسێکی

[١] - ئەم وتارە لە هورامییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردیی سۆرانی

[٢] - بستە

[٣] - باز

[٤] - دو کنش ادبی

[٥] - متن تالیفی و متن آفرینشی

[٦] - می آفریند

بەراوردکاریانەی نیشانەیی[١] بورووژێنین. لەم سووچە نیگاوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە چنەی زەینیدا[٢] دەقدا؛ دانەر/دانان و داهێنەر/داهێنان، جیاوازییەکی بۆتیقاییان[٣] هەیە. درێژەی باسەکەدا زۆرتر لێکیان دەدەینەوە.

**الف) دەق- دانەر- ی**[٤] ؛ لەم چەپکە وشەدا، دوو لێکدراوی[٥] و دوو دوو ڕێهەرمان[٦] و هەرمانبەریی ئەدەبییان[٧] لێکەوتوەتەوە و هەرکامێکیشیان کارکردیی تایبەتی خۆیان هەیە و پێکەوەش هەماهەنگن. ئەم پۆلە وشانە، هەم ناو سەرچاوە[٨] دەگرنەوە و هەم نەخشاندنی ناو بکەرەکەی[٩]. لە هەر دوو حاڵەتدا هەرمانێک یا هەرمانبەرێکی ئەدەبین کە وزەیان تەنیا تەڕکیزە لە سەر دانان. لە نەفسدا دانانیش قوتارە لە هەر جۆرە سۆزی دەروونی و

---

[١] - تطبیقی نشانەای

[٢] - بافت ذهنی، Subjective Context

[٣] - بووتیقا(Poyetikes)، عەرەبیکراوی(معرب)، ئەم ڕەگەزە بنچینەی یۆنانییە و لە پوئەتیکایوە گیراوە. یانێ تیئۆری و زانستی شیعر، شیعرناسی و هونەری شاعیری، کنش فن شعر و تفاوت فنی و تکنیکی آن

[٤] - متن تالیفی

[٥] - دو ترکیب

[٦] - دو کنش

[٧] - کنشگر ادبی

[٨] - اسم مصدر

[٩] - اسم فاعل

خورپەبەخشییەک کە لە خورپەی داهێنانەوە[1] سەرچاوە دەگرێت و مانازایی دەلالەتی لێ بەدی ناکرێت. لەم جۆرە بەرهەمانەدا، پێشتر هەموو کەرەسەیەکی ئەدەبی[2]حازردەست بووە و بێ ئەوەی دانەر شارەزاییەکی لە بواری فۆرم، پێکهاتە، ڕیتمی دەق و جیاوازیەکاندا هەبوبێت؛ تەنیا لەسەر عادەت و سوورەو زەینی دانەرەکەیان، دادەنرێن و ڕز دەبن[3] و یا لە ژێر یەکتریدا، دەستکاری و جەدوەلی و و سەر و خوار دەکرێن[4]. لەم چەشنە بەرهەمە ئەدەبییانەدا، زەینمان تەنیا دەچێتەوە سەر ڕێسای هۆناندنەوە[5] و یا پلیکانی کردنی دەقێک[6]. لە گۆشە نیگای نووسەری ئەم دێڕانەوە ئەم جۆرە دانانە، چوون پڕۆسەی گەشە و پێگەیشتنی داهێنان بە تەواوی سەری نەگرتووە و هێشتا لە حاڵی پێگەیشتندایە، ئەوا داهێنان کامڵ سەرناگرێت و بەمجۆرە دانەرەکەی تووشی شێوازی بەینابەینی ئەدەبیی دەبێت و جارجاریش وەک داهێنەرێک[7] کە لە زانستی سیمیۆلۆژیدا باسی لە سەر کراوە؛ لە مانازایی نیشانەییدا بەشداری دەکات و دیاردەی دەق- داهێنەر- ی، بەرچاو دەکەوێت.

---

[1] - الهام آفرینش

[2] - ملزومات ادبی

[3] - دەقی ساکار و هۆناندنەوە

[4] - شیعری ئازاد

[5] - منظومە

[6] - شیعری ئازاد

[7] - آفریننده

**ب) دەق- داهێنەر- ی**[١]**؛** لە دیمەن و سەرخاندا[٢] و هەر بەو پێکهاتە ڕێزمانییەوە کە باسمان لە سەر کرد، وا لە ڕاستای هەمان کونێشی ئەدەبیدا، بەڵام لە ژێرخاندا[٣] پێچەوانەی دەق دانەرییە. واتە حوزووری فیزیکی دەق لە هەر دوو ڕووکرددا، زەمینەیەکی یەکانگیرە، بەڵام لە بەراوردیی بۆتیقاییدا ئەم دوو ڕووکردەدا، فارس وتەنی: "کوجا مەرحەبان". چوون تەرزی هونەری و باری نیشانەیی و لەنجەی جووڵەکردنیان، ڕێ و شوێنیان جیا دەکاتەوە، ئەویش لە ماهییەتی دانان و نەفسی داهێناندا. وتمان ڕەگەزەکانی دانان، چوون پێشتر هەبوون و قەرادادی و تاریفکراون و تەنیا بە حوکمی فیزیکی[٤]، فیزیکی[٤]، بکەرێکی ئەدەبی ئەو هونەرسازە ئەدەبیی سازکراوانە دادەنێت و هەوڵیان بۆ دەدات و بەمجۆرە ڕەوتەکە دەچێتە نێو هەرمانی(دەق- دانەری)یەوە و نیشانە مێژوویی[٥]، ئایدئۆلۆژیکی و دەسەڵاتی خۆ نواندنیی بکەر و سیما دەستکردەکەی[٦]، دەکەونە سەرانتۆی دەقەکەوە و وێنایان بۆ بەردەنگ ئەولەویەتی یەکەمە.

---

[١] - متن آفرینشی

[٢] - روساخت

[٣] - ژێرخان

[٤] - مکانیکی

[٥] - خود شرح حال، اتوبیوگرافی، Autobiography به زمانی شیعر

[٦] - تظاهر به قدرت نمایی و صنعتگرایی مولف

دەقیچ لەم تەرزە ئەدەبیەدا، تەکلیفی ڕۆشنە؛ واتە نیشانەکانی هەمووی دانراو و پێش فەرزن.

**داهێنان**، ژێرخانی لە گەل **دانان** جیاوازە. داهێنەر پێشتر هونەرسازەیەک، وێنەیەک و مانا و دەلالەتێک کە نەبووە، بە خورپەی ئەدەبی[1]، داهێنانی بۆ دەکات و وەک بکەرێکی کارا[2] ئەم شۆڵە زەینیە، دادەبەزێنێتە نێو جەرگەی زمان و بەم شێوە دیاردەیەکی هونەری لە نەبوون دەخولقێنێت. لەم پڕۆسە خەللاقەدا ئیتر دەسەڵاتی شیعر و داهێنەرەکەی و بەشداری بەردەنگ، دیاردەیەکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگرن. بە وتەی گادامێر، دەق لەم هەڵس و کەوت و پێوەندییانەدا، گوتاری ئەدەبی[3] دەسازێنێت[4]، پێویست نیە لایەنێکیان لایەنێکیان بەهێز و ئەویتریان لاواز نیشان بدرێت. پرۆسەی دەقی کارا و بەردەنگی چەلەنگ، دەسەڵاتیان، دیالێکتیکی تاپۆکراو و هەتایی و ئەبەدین و لەم بەستێنەدا بیر و ڕوانگە و قوتابخانەی ئەدەبی جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. لە پڕۆسەی دەق- داهێنەریدا، خوێنەری وشیار لە نێو فەزای بزاوتە و ئۆنتۆلۆژی دەقەکاندا؛

---

[1] - الهام ادبی و سیر طبیعی آفرینش شعر

[2] - فاعل شناسا

[3] - گفتمان، Discourse

[4] - محەمەدپوور عادڵ، تێڕوانینێکی نوێ بو هیرمنۆتیك و راڤەی ئەدەبی، ترجمە مقالات تئوریکی ادبیات... از فارسی بە کُردی سۆرانی، ناشر مؤسسە چاپ و نشر سلیمانی، ۲۰۰۹ م، ل (۱۱)

پێوەندییە نیشانەییەکان، مانا بزر و پەناگرتووەکان دەدۆزێتەوە و دەگاتە لووتکەی چێژبەخشی و چێژوەرگرتن.

**پرۆسەی خوێنەر- ڕەخنەوان[1] و ئەرکەکانی:**

لە کتێبی "چەکەریای حەزێ تازێ..."[2] و بابەتەکانیترمدا لە بارەی خوێنەرتەوەریەوە باسم کەردووە، لێرەدا تەنیا ئەمە دەخەمە سەری کە ئەمێستاکە ئەو ڕوانگە ئەوسایی و پێش مۆدێرنە[3] بەسەر چووە کە تەنیا "دەق و نووسەر" ڕەها و پیرۆز و بە حێکمەتێکی ئەزەلی و ئەبەدی باسیان لێوە بکرێت. ئەم ڕووکردە دابێکی کۆنی ئەدەبییە و لە بیرۆکەیەکی پیرۆزکراوی ماوەرایی و تۆتالیتاریتەی زمانیەوە سەرچاوە دەگرێت و نیشانەکانی لە حەوزەی سیاسی، گلێرگەیی و ئەدەبیدا و... نوێندراون، بە داخەوە هێشتاکە لای ئێمەوە قەددیس وێناکراون. کاتێک لە هۆرزانەی ڕۆشنگەری ڕۆژاوادا[4]، دەسەڵات بە گشت لەونێکەوە، زەوینی و دیمۆکراتیزەکرا، ئیتر موتڵەق کردنی دەسەڵاتی مێتافیزیایی دانەر، بێ بەرچاوگرتنی پێوەندییە نیشانەییەکان و بێ بەشداری خوێنەری کارا، وتەیەکی سواو و بێ ئاکام و موعادڵەیەکی، بێ دیالێکتیک و نوقسان هاتە بەرچاو و باس لە

---

[1] - فرآیند خواننده- منتقد محوری

[2] - محەمەدپوور عادڵ، چەکەریای حەزێ تازێ و عومرێ جادە، ل ١٨

[3] - پیشا مدرن

[4] - رنسانس و نهضت روشنگری غرب

هەژاریی تێئۆریکی ئەم ڕووکردە دەکات. لەم دۆخە دیمۆکراتیەدا، ئیتر دەق بۆ نووسەر یا خوێنەرێکی دەسەڵاتخواز و چەشکەخواز و نوخبە پەسەند نانووسرێن؛ بەڵکوو بۆ بەزاندنی تینوویەتی تاکە چالاکەکان و بەردەنگە پڕ وزەکانی گلێرگە دەنووسرێن. ئەمە هەمان فەلسەفەی تاکخوازیی ڕۆژاوایە کە بە بەشێکە لە مێژووی جیهانی پێشکەوتوو و پرۆسەیەکی ئاگاهانە و ناسنامەدار کە پێی دەڵێن بەرهەمی سەردەمی مودێرنیتەی ڕۆژاوا.[١]

لەم هۆرزانە ئەدەبی، هونەری و هزرییە[٢] تازەدا، خوێنەر- ڕەخنەوان، لە قەفەسی دەسەڵاتی داخراودا، دەرباز دەبێ لە پرۆسەکەدا، بەشداری ڕاستەوخۆ دەکات و دەبێت بە کاراکتێر و هەرمانبەرێکی پێکهاتەیی و ڕۆڵگێڕێکی داهێنەرانە، بۆیە بە سووپێر خوێنەر[٣] نێوی دەرکردوە.

کە دەڵێین شیعر، شاعیر و خوێنەر؛ ئیتر پێشتر بریاری هونەریی خۆمان داوە و ئانالیزمان کردوە کە شیعر یانێ دنیایەکی سەیر و سەمەرە و سێحراوی و نەسرەوتە. لەم ڕوانگەدا شاعیر یانێ بکەرێکی وشیار کە لە نەبوون، هەستییەک دەخولقێنێت؛ خوێنەر یانێ وێرانکەری دەق و هەمتر بیناکردنەوەی و ئەکتەرێکی بەشداریکەر

[١] - محەمەدپوور عادڵ، چەکەریای حەزێ تازێ و عومرێ جادە، بەشی ئاوانگاردیزم و وێناکێش

[٢] - هەستانەوە، رستاخیز ادبی، هنری و فکری

[٣] - Superreader

له مانائەفڕێنی دەقدا. بۆیە جەختم ئەمەیە با سێلانەی داهێنان(دەقی کارا، خوێنەری چەلەنگ)، لە گەل "دەقی داخراو" و "دانەری دابڕاو" و "بەردەنگی سڕوسیواڵ" لێک جوێ بکرێنەوە.

ئەمڕۆژە زانستی نیشانەناسی سەلماندوویەتی، هەر سێ سووچەکەی داهێنان، لە پڕۆسەی دەلالەتیدا، کاریگەرییان بە سەر یەکەوە هەیە و ناتوانین ڕۆلی هیچکامێکیان بێ ئەویتەریان زەوت بکەین و یا بیکەین بە پەڕۆ سەوزەی سەر مەزار و پیرۆز بینوێنین. شیعر، شاعیر دای ئەهێنێت؛ خوێنەر شیعر دەخوێنێتەوە؛ خودی داهێنەر دەبێتە خوێنەرێکیتری دەقەکە. بەمجۆرە لە دەقی ئەکتیڤ و کراوەدا(شیعر)، دەق- داهێنەر(شاعیر) و خوێنەری چەلەنگ و (ڕەخنەوانی پیشەیی)، دەسەڵاتی وەسفییان بێ کۆتاییە و نەقشیان بەرین و هەراوە و لەم بارەوە هەر وەسفێک و پیاهەڵدانێک دەبێتە بەشێک لەو دیاردە بێ کۆتاییە. مادام خولقاندنی دەقێک؛ بنیادیی لە لە سەر دانانی بۆنەیەک نەبێت، بێگومان تۆزی ڕۆژگار نایسڕێتەوە و بەمجۆرە سەردەمیانە هیچ و هەمووسەردەمی دەمێنێتەوە. بەڕای من بەردەنگ ئەو خوێنەرە چالاکەیە کە لە پەراوێزدا خۆی بە دیاردەی پۆپۆلیستیێ لاوەکیەوە خجڵ ناکات، بەڵکوو بە جێددی و بێ جیاوازی و پیشەییانە، هەرمانی نرخ ناسی دەق دەکات، دەقی سەرکەوتوو لە تۆپەڵە دەق دەپاڵێوێت. لە تەجرۆبەی پراکتیکیی منەوە، بەردەنگی کارا، هەمان ڕەخنەوانی پڕوزە و ساحێب زەکا و پڕۆفیشناڵە، سەرەڕای زەوقی هونەری، پیشەتەوەرە، بڕوای هەیە بە چالاکی

ڕەوشمەند و دەسەڵاتی دەقی کارا و بایەخی شاعیری داهێنەر دەرک دەکات، بۆیە پرۆسەی تازەخوازیی بە پێویست و ڕەخنە و ڕەخنەوانی بە چاوی زمان و ئەدەبیات دەزانێت. ڕەخنەوان بە پای شارەزایی لە دەق و نرخناسی ڕەهەندەکانی، تینەتی جۆرێکە ناتوانێت بکەرێکی "چەوتاڵ، خۆگونجن، تەماشاکەر و قازانجخواز و..." بێت، بەڵکوو جووتیارێکی زەوقتەوەرە کە بە دەسەڵاتی پیشەیی، زەینی دەقەکان، دەکێڵێتەوە و ژێر و ڕوویان دەکات و گەوهەر و خڕەپەڵ لێک جیا دەکاتەوە و ڕاستیەکانیان لە سارای هەبووندا نمایش دەکات.

**ئاناتۆمی دەق و کاریگەریی ڕەخنەی ڕادیکاڵ:**

"ئۆنتۆلۆژی[1]" یەکێک لە ڕەوشە پراگماتیکیەکانی خوێندنەوەی هونەریی دەقەکانە. ئەم چەشنە شیکارییە، دەتوانێت ژیوی ئەدەبی و ئەناتۆمی تێکستێک بە ڕەوشی دیالێکتیکی و فرە لایەنە بخوێنێتەوە و واقێعی پێکهاتەیان، نیشانەناسی بکات. خوشبەختانە نووسەری ئەم دێڕانە، لە سەر ئەم مێتۆدۆلۆژیە و وەک زنجیرە باسی تێئۆریکی-ڕەخنەیی، خەریکە شیعری هاوچەرخی هورامی، نرخ ناسی دەکات و نموونەیان خراوەتە بەر دیدەی خوێنەرانی ئەم ڕەوتە شیعریەوە:

**گر در ترازویم نهی می دان که میزان بشکنم** [2]

[1] - وجودشناسی متن، Ontology

[2] - دیوان شمس، غزلیات، شماره ۱۳۷۵

ئەم وتەی مەولانا لە نرخ شناسی دەقدا، سەنگێکی تەواوە بۆ تاو و توێی سەرە و ناسەرەی ئەدەبی. دوو مادەی "ترازوو و میزان" هەمیشە لە باسی نەزەری و ڕەخنە و ڕەخنەوانیدا، بۆ نواندنی جیاوازیەکان، ئێلهام بەخش و ڕێ پیشاندەرن. بەم پێوەرە خۆت بە دەنکێک(حبە) دەزانیت، کە دەخرێیتە نێو میزانی کیشانەوە دەبینیت کێشەکە لارە سەنگە، پێچەوانەش گەلێک خۆت بە قورس دەزانیت کە دەنرێیتە نێو کێشێکیتەروە، لارەسووک دەنوێنیت. ئەم بەراوردە پێوانەییە، بەڵگەیەکە بۆ ڕەوشمەندیی و زانستیی ڕوانینی ڕەخنە و نرخ ناسی دەقەکان؛ ترازێکە بۆ نیشاندانی لار و گێڕیان. تینەتی دەقی شیعر بە پێی فرانەیی، دەکرێت یەکدەست و هاوتراز نەبن؛ بەرزی و نزمییان نیشانەی شێواز، بیر و نموودی جۆراوجۆری داهێنەرەکەیانە کە لە باسە تێئۆریکیەکاندا، وێنایەکن بۆ ڕەنگاڵەیی و جیاوازیی نیشانەیی.

ئەدەبیات بە تایبە ژانری شیعر دنیایەکی بێ یاسا و هەمتر بە یاسا واتە وتەزایەکی دژنومایە[1]. یەکێک لە مووهێبەتەکانی ئەم ژانرە، نەسرەوتەیی خوێنەر و بێ ئۆقرەیی ڕێبواری ئەم ڕەوتەیە بۆ ناسینی دیاردە ناوازەکان. سەرەڕای فرانەیی[2] و ڕوانگەی سەیر و سەمەرە، ڕەخنەوان دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دەق پلەی بەرز و نزمی هەیە؛ لە سەرەوەدا وەک «دانان» و «داهێنان» باسمان لێوەکرد و ناکرێت هەر وڕێنە دەقێک دابنێیت و دانەرەکەی وەک دەقێکی ئەکتیڤ و

[1] - متناقض نما، بیان نقیضی، ناسازنما، Paradox

[2] - تکثر، Ploralism

ئاوانگارد و بیداتە قەڵەم و بە بنەوانی حێکمەتی هەتایی بزانێت. پێچەوانەش، داهێنەرێک کە دەقێکی چەلەنگ و بزاوتە دەخولقێنێت؛ جەفای ئەدەبییە کە ڕەخنەوان و نرخێنەری دەق، خاڵە بە هێز و قابیلییەتە بزاوتەکانی دیاری نەکات.

**سەرچاوەکان:**

جلال الدين مولانا. (١٣٦٢). ديوان شمس. بديع الزمان فروزانفر. غزليات. شماره ١٣٧٥. تهران: اميركبير

محەمەدپوور عادڵ. (٢٠٠٩ ز). تیۆروانینێکی نوێ بو هیرمنۆتیك و راڤەی ئەدەبی. سلێمانی: ناشر مؤسسه چاپ و نشر سليمانی

موحەمەدپوور عادڵ. (١٣٩٦). چەکەریای حەزێ تازێ و عومرێ جادە...، مریوان: نەشر ئەوین

# پڕۆسەی وەرگێڕان و
# بۆتیقایەکی جیاوازتر

لە پانتایی ئەدەبیاتدا ژانر و جۆری ئەدەبی زۆر هەیە کە هەرکام باس لە پێناسە و تایبەتمەندیی خۆیان دەکەن و لەم ڕاستادا زمانەوان، ئەدیب و شیکار هەر یەک بە جۆرێک لە ئاستی خۆیانەوە باس و پۆلێن کارییان لە سەر کردووە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە لەونێکیتر و جیا لە پێناسە باوەکان، ئاوڕ لە چەمکی وەرگێڕانی ئەدەبی بدرێتەوە و لە گەڵ ڕوانگە کلاسیکییەکان هەڵاوێرد بکرێت و ئەمەش پێویستییەکی سەردەمیانەیە و دەکرێت لەم بازگەدا بە پردەبازی ئەمرۆژیانە بەرەو دنیای تازەتر بپەڕینەوە. "دەق، دانەر و نیشانە" سێلانەی ئەدەبین کە لە هەر دوو ڕەهەندی " بنەماخوازی[١] و بنەماشکێنی[٢]"دا، بایەخیان هەیە، بەڵام بە پێی ماهییەتییان و ئاخێزگەی ڕوانگەکان، جیاوازن و دەبێت وەک دوو بیرۆکەی دژواز بکەونە بەر دیدەی خوێنەری چەلەنگ.

---

[١] - Structuralism

[٢] - Post- structuralism

**بنەماخوازی و دەق**

ڕوانگەی بنەماخوازییەوە، سێ سووچی داهێنان(دەق، دانەر و نیشانە) واقێعییەتێکی پێشفەرز و نەگۆڕن و بنەماشکێنەکان ڕەخنەیان لێ گرتوون و دەڵێن لەم بۆچوونەدا ئەم گوزارەگەلە بە پێی سیرەتیان، ڕواڵەتی هەستەکی و باری ئیدئۆلۆژیکی تایبەتی دەگرنە خۆ کە یەکدەست بوون و تاکدەنگییان لێ دەکەوێتەوە.

ڕۆخسارخوازەکان وەک ڕووکردێکی ئەرێنی لە هەرمانە شیکارییەکانیاندا بایەخی زۆریان دەدایە تەشکی بەرهەمی ئەدەبی[1] و لە توێژینەوەی و شیکردنەوەی دەقەکاندا دوو ڕەهەند، بۆیان جێگای سەرنج و بایەخدان بووە:

ئەلف) ڕۆخساری دەقەکە

ب) شیکاری هاوکاتی[2]

ئەم ڕوانگە لە"سووسوور"ەوە وەرگیراوە و پێیان خۆش بوو بە تێکەڵ کردنی ئەم دوو ڕەگەزە، لە شیکاریی ئەدەبیدا بگەنە دیاردەیەکی کۆنکرێت. بەهرەگرتن لە بژاردەی"شیکاری هاو کاتی" ، ڕاستەوخۆ ڕێگایەک بوو بۆ گەیشتن بە"زانستی ئەدەبی". پێیان وابوو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دیدێکی مێژوویی[3] و ناتوانێت دیاردە زمان و نەستە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ بخوێنێتەوە، بەم بۆنەوە، دیدی هاوکاتی و "هاو

---

[1] - شکل اثر ادبی

[2] - هم زمانی، Synchrony

[3] - درزمانی، Diachrony

زەمانی" تەنیا ڕێکارێکە بۆ شیکاری و خوێندنەوەی نیشانە زمانییەکان و تازەوەکردنیان و سەرنجام گەیشتن بە هەمان زانستی وەرگێڕاندنی ئەدەبی.

لەم ڕەوتە هزرییەدا و بۆ بە کردەوە دەرهێنانی ئەم ئامانجە، بنەماخوازەکان بە جێدی و ئەکتیڤ، هەوڵیان دەدا لە سەر ئەو ژانرە ئەدەبیانە چالاکی شیکاری و لێتوێژینەوە بکەن کە ساڵها بوو دیمەنیان تۆزی ڕۆزگاری دایگرتبوو و لە زەینی ئەو خەڵکەدا فەرامۆش کرابوون و هەوڵیان دەدا تا شەنگی و دەلالی تەشکەکەی و زمانەکەییان بژیێننەوە و تازەی بکەنەوە؛ بە وتەی واقێعیتەر، ئەیانەویست دەقە پشت گوێ خراوەکانی ڕەوڕەوەی مێژوویی، زیندوو و سەردەمی بکەنەوە. بۆ نموونە "داستایۆسکی" لە "پەراوێز نووسیی" سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، شێوەی "ڕۆمان نووسی" هێنایە نێو پانتایی ئەدەبییەوە و "ئێلێکساندێر بلۆک" شیعرە پشت گوێخراوەکانی قەرەچییە ڕووسیەکانی، زیندوو کردەوە و "پووشکین" هەر لەم ڕەهەندا غەزەڵە عاشقانەکانی کۆ کردەوە و هێنایە سەر هێڵی ئەدەبی نویسیاریی ڕووسییەوە. بایەخی ئەم چالاکیانە تەنیا بۆ باری مێژووییان نیە و بەڵکوو ناخیان بۆ هێنانە نێو کایەی زمانەوانی و تازەوە کردنی باری ئەدەبی و فەنییەکەیان دەگەڕێتەوە.

**بنەماشکێنی و دەق**

پێچەوانەی ڕەهەندی چەقبەستەی بنەماخوازەکان، لە ڕوانگەی بنەماشکێنییەوە، سێ لانەی داهێنان(دەق، دانەر و نیشانە) سلۆک، ڕەها و ئازادن و ڕاو کردنیان بە ئاسانی ناکەونە نێو تۆڕی هێژمۆنی ئایدیۆلۆژی و بە گۆترە یەخسیری هەر بڕیارێکی چەقبەستە نابن. ئەم خسڵەتە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوە وەک ڕەگەزێکی "تاوەند گۆڕێز و گەمەکەرێکی کارا" سەیریان بکرێت.

**پڕۆسەی وەرگێڕان**

وەرگێڕان ژانرێکی ئەدەبی و دەقێکی کارایە و ئەگەرچی لە ڕابردووی دووردا لە زمانەکاندا، دەقی فراوان وەرگێڕاوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەردەمی و ئاکادێمی تەنیا شەش دەهە لە تەمەنی تێپەڕیوە و ئەم پڕۆسە هەمووی ئەو باسانە دەگرێتەوە کە پێشتر خستمانە ڕوو. وەرگێڕان ڕۆلی کارای هەبووە لە نزیک کردنەوە و ناساندن و دۆڵەمەندکردنی باری ڕووناکبیری نەتەوەکان. ئەم چەشنە ئەدەبییە لە مەودای پڕۆسەی مێژوویی خۆیدا چەندین قۆناغی بە خۆوە گرتووە و "قوتابخانە هزرییە جۆراو جۆر"ەکانیچ هەر یەک بە چەشنێک کەوتوونە ژێر کاریگەری ئەم پڕۆسەوە و ڕوانگەی جیاواز و تایبەتییان لێ کەوتوەتەوە.

**کلاسیکییەکان و وەرگێڕان**

ئەم ڕەهەندە هزرییە کە هەمان بیرۆکەی بنەماخوازەکانە؛ بۆ پێناسە و لێکدانەوەی وەرگێڕان پێیانوایە:

وەرگێڕانی باش ئەوەیە کە وەرگێڕ بتوانێت "نۆرم"ەکان و "شێوازی زمانی"ی سەرچاوە[1]" بگەیەنێتە زمانی دووەم یا هەمان زمانی "مەخسەد[2]" و بە ڕێک و پێکی ڕەگەزەکانی و هەروەها ماناکانی دابەزێنێتە نێو دلێ دەقەکەوە.
ڕەوەندی ئەم پرۆسەیە بەمجۆرەیە کە وەرگێڕ لە زمانی سەر چاوەوە ڕەگەزەکان هەڵدەبژێرێت و نیشانە زمانییەکانی دیاری دەکات و ئەمجار دەس دەکات بە "ڕەمزکردنەوە و ڕەمز پشکنی"ی توخمە زمانییەکان و هەر وەها دۆزینەوەی "کرێڵ"ی ڕەمزەکان و پێوەندیی "دال و مەدلوول"ەکان بکاتەوە و لەم ڕێگەوە لە مەبەستەکەی نووسەر بگات و سەرەنجام دەسکەوتەکانی بگوێزێتەوە بۆ زمانی دی.
ئەم ڕەوشە بۆ "بنەماشکێنەکان" بوو بە جێگای سەرنج و تێڕامان و رەخنەی و دەمقاڵیی و ڕەخنەکاریی ئەدەبیی زەبەندەی لێکەوتوەتەوە. لە ڕوانگەی ئەم ڕەخنەگرانەوە "زمان" و "وەرگێڕ" کە بنەڕەتی پرۆسەکەن، دەبنە ئامرازێک بۆ بەرجەستە کردنەوە و وێنای دەسەڵاتی زێهنی نووسەر؛ نووسەرێک کە دەسەڵاتخواز و زۆر لێرە سەختە؛ ئەو نووسەرەی کە دەبێت مردوو فەرز بکرێت، خەریکە دەسەڵات دەنوێنێت و بڕیار دەدات. لێرەدا چوون زێهنی نووسەر

---

[1] - Prototex

[2] - Metatex

یەکەم سەرچاوەیە بۆ وەرگێڕ؛ فەزا یان فەزایەکی وەستاو[1] و تاکدەنگە دروووست دەبێت و مانا و پەیام داسەپاو دێنە گۆ و لەم پڕۆسە چەقبەستەدا، دەستێ وەرگێڕ لە هەر جۆرە داهێنانێکی تازە و داهێنانێک دەبەسترێت و هەموو شتێک وا لە خزمەتی دۆزەکانی نووسەردا و هەرچییەک مەبەستی ئەو بووە، ئەوە وەردەگێڕدرێتەوە.

## بنەماشکێنی و پڕۆسەی وەرگێڕان

لە ڕوانگەی ئەم ڕەخنەوانانەوە، وەرگێڕان فەزای زمان، فەزایەکی جێگر و قەتیس بوو نیە، بەڵکوو نیزامێکی جووڵەکەر، ماناگۆڕێز و ڕاونەکراوە کە ناکرێت تەنیا بە پەیوەندیی "دال و مەدلوول"ی کە ڕوانگەی تەشکخوازەکانە و هەر وەها بە وتەکانی نووسەرەوە ببەسترێتەوە، چوون لەم حاڵەتەدا خسڵەتی زاوزێکەریی زمان ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە دەست دەدات و لاواز و نەزۆک و ئەرامەندە و تەریک دەمێنێتەوە.

لەم ڕوانگە سەردەمییەدا، پێویست نیە خوێنەر بۆ گەیشتن بە قووڵایی مەبەستی زێهنی دانەر، دەست بکات بە ڕەمزگەردانی و پشکنین و کردنەوەی قوفڵی نیشانەکانی(دال و مەدلوول)ی، بەڵکوو لە سەریە بنیشێتە جێی نووسەر و بە سلووک و ڕیازەت لە "نووسەر بوون" و "مێکانیزمی نووسین" و "پڕۆسەی داهێنان" چێژ وەرگرێت. بەم لەونە بە تیرێک دوو نیشانە بپێکێت؛ هەم بنیشێتە جێی نووسەر و لە

---

[1] - قطعی

پرۆسەی داهێناندا بەشداری بکات و هەمیش وەک خوێنەرێکی چەلەنگ، چالاکیی بۆ مانادۆزی بکات.
ئەم ڕەخنەگرانە دەڵێن درووستە کە "وەرگێڕ" خۆی دەبێتە یەکێک لە خوێنەرانی ئەو دەقەی کە وەری دەگێڕێتەوە؛ بەڵام دەبێت جیاوازیی لەم نێوەندەدا قایل بین و بزانین وەرگێڕ لە شان و شکۆی نووسەرێکدا و لە قاڵبی زمانێکی جیاوازدا کە هەمان "زمانی مەخسەد"ە، دەگاتە قورسایی و قووڵایی "زمانی سەرچاوە" و ماناییێتری لێ دەخولقێنێت و دەقێتری جیاواز دادەهێنێت. دیسان پێیانوایە کە ئەگەر وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕان چەشکە دەبات یان حەز دەنوێنێت، هی ئەوە نیە کە لە شەفافییەتی دەلالەتیی نووسەر تێگەییوە؛ بەڵکوو لەوەدایە کە خۆی لە ئاستی نووسەرێکدا و بۆ داهێنانی سەمەرێکی تازەتر، بە هەوڵ، مومارسە و سلووک، گەییوە بەم دەسەڵاتە داهێنەرانە. جەخت لە سەر ئەم خاڵەش دەکەن و دەڵێن لەم پرۆسەدا وەرگێڕ وەک بەردەنگێکی چالاک، خۆی بە ڕەمز و ڕازێک و مانایەکی تایبەت و چەقبەستەوە، نابەستێتەوە، بەڵکوو بۆ داهێنانی دەقی تازەتر، زەمینەیەکی بەرفراوان ئامادە دەکات بۆ حوزوورێکی بێکۆتایی، جێدی، فرە دەنگە و ڕاهێنانی خوێنەرانێکی جیاوازتر.

**ئەنجامی باسەکە**

ئەم گەمە زمانییە و ئەم شێوە تیۆ هزرینە لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، لەگەڵ هەمان ڕووکردی نیشانە ناسی ئەدەبیات، یەک دەگرنەوە و پێچەوانەی تیئۆرییەکەی "سوو سوور"ە کە گوا نیشانەکان لە فەزایەکی چەقبەستە و داخراودا دەخوێنرانەوە؛ یانیٚ ناسینی تەنیا دەنگ ئاماژەیەک(دال) بۆ واتائاماژەیەک(مدلول) و تەشک گرتنی "نیشانەیەک" و ئیتر کۆتایی هاتن بە پڕۆسەی"دەلالەت" و تەواوبوونی مانازایی. بەڵام لەم خوێندنەوە نیشانەناسییە تازەدا، دال دەبێتە سەرچاوەی گەمەی زمانی و ڕێچکەی دەنگ ئاماژەکان و وشەکان، یەک لە دوای یەک لە دایک دەبن و بەمجۆرە پڕۆسەی مانازایی و جووڵەی نیشانەکان و... تا بێکۆتایی هەر بەردەوامە.

**سەرچاوەکان:**

بابك احمدی. (١٣٧٢). ساختار تاویل متن. ج١ . چاپ دوم. تهران: نشر مرکز
گۆواری بخارا. (١٣٨٦ ). ژ ٦٢
سجودی فرزان. ( ١٣٧٩). فرهنگ توسعه. ژ ٤٤-٤٥-٤٦

یادداشتێک:

## جیاوازییەکانی نێوان دەقیی زمان

پاش بە پرس کردنی پێویستیی فێرکاری هەورامی لە لایەن بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمەوە(کاک حەمەی حەمە سەعید)؛ پۆلێک باسی زمان و زمانەوانی تێکەڵ بە ڕووکردی جۆراوجۆرەوە کراو و هەر کەس لە سووچە نیگای خۆیەوە لەم دیاردە ئاوڕی دایەوە و چاوەڕوانی گوزارەی جۆراوجۆرتریش دەکرێت، لە گۆشە نیگای منەوە ئەم فرە بۆچوونییە بۆ ڕۆحی سڵۆکی زمان و قابیلییەتەکانی دەگەڕێتەوە. ئەم بیروڕاگەلە ئەگەر بنەمایەکی تیئۆریکی- زانستی بە هێزی لە پشتەوە بێت، هیچ نەبێت دەتوانێت پاڵنەرێکی ئەرێنی بێت بۆ بەرپرسانی بڕیاردەر و پراکتیزەکردنی ئەم پرسە زمانییە و ڕێگەدان بە زمانێک کە پەل بهاوێت و لە هاوکێشە زمانییەکانی خۆیدا بگرە و پێدانی[1] سەردەمیانە بکات. بەڵام هەنێک لەو باسانە تێکەڵ بوون بە گوزارەگەلێکی چەقبەستە، سنووردار، بڕیاردەرانە و دوور لە ڕاستییەکانی نێوان دەقیی زمانێک کە هەم لە بایی زمان کەم دەکەنەوە و هەمتر مێکانیزمێکە بۆ خاوکردنەوەی پرسەکە و کپ کردەنەوەی فرە دەنگی بۆ کۆمەڵگەی زمانیمان . ڕوانگەیەک دەڵێت:

---

[1] - تعاملِ زبانی

- هەورامی زارە و زمان نیە و خۆیان لە کورد بەجیا دەزانن.
- ئەو زارەش کە زیاترین توانایی هەیە و زیاتر بەکار هێنراوە و وشەکانی زیاتر بۆ هەموو خاوەن زارەکان ئاشنان دەکرێت لە بەرانبەر یەکتردا پێی بوترێت زمانی کوردی.
- ڕێگەیان پێ بدرێت!(هەورامی) لە ناوچەی خۆیاندا بەو شێوەزارە بخوێنن و بنووسن(!) بەڵام ئەوان ناتوانن(!) دەوری زمانی یەکگرتوو ببینن چوونکە لە ناوچەیەکی سنووردار(!) خەڵکانی ئەو زارانە پێی دەدوێن.
-تکایە با بە وشەی زمانی هەورامی هەستی کوردان نەورووژێنین.
- هەمووومان دەزانین کە ئەم شێوەزارانە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە هەندێک جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەوندە زەق نین بە زمانێکی جیا لە یەکتر دابنێین. بۆ نموونە لە کرمانجی و هەورامیدا نێر و مێ هەیە لە کوردیی ناوەڕاستدا نییە.

## چەند خاڵی سەرەکی لەم پێوەندییەدا و پرس و ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانە:

١) با ئەمری واقێع وەهماوی نەکەین و هەر چەشنیک هەین وا زمانی یەکتر بخوێنینەوە. لەم ڕادەربڕینانەدا پرسێک بۆ من هاتووەتە پێشەوە وتا ئێستاکە تێنەگەیشتووم، بە «زمان ناوبردنی هەورامی» کە هەم زانستییە و هەمتر ناسنامەدار و بەڵگێنراو، کامە مافی نەتەوەیی،

نیشتمانی، تاکی و کۆیی پێشێل کردووە و یان دەیکات یان پارچە بوون و دووفاقی لەم بەستێنانەدا بەدی هێناوە و دەهێنێت و وێناکانی لە دنیادا کام وڵاتن؟

٢) چاو لە ئەزموونی زمانەکانیتر تا ئێستا نێوان زمانی سەربەخۆ و سۆزی نیشتمان و نەتەتەوەییدا هیچ مێکانیزمێکی بشێوێن و پارادۆکسیکاڵ نەبینراوە. وڵاتی سویس بە چوار زمانی جیاواز و سەر بە خۆ قسە دەکەن، ئەمە نموونەی بەرچاوە بۆ هەڵەی داسەپاندنی زمانی زۆرینە کە گوایە(زیاترین توانایی هەیە و زیاتر بەکار هێنراوە) بە مل زمانی کەمینەدا. (رابرت. ا. هال، ١٣٧٣: ٢٦٥). کە وابوو نەتەوە ناتوانێت نیشاندەری زمانی بەکەڵک گیراو بێت و سنوورەکانی زمان لە گەڵ سنوورەکانی سیاسیدا، زۆر جار یەک ناگرنەوە. مێکزیکییەکان ئەگەرچی سەر بە یەک نەتەوە و نیشتمانی مێکزیکین بەڵام بە زمانی ئێسپانۆلی قسە دەکەن، یان برزیلی بە پرتەقاڵی هەروەها بلژیکی بە فەرانسەیی و...(باقری، مهری، ١٣٧٩: ١٣٦)

٣) لە پڕۆسەی زانستیی زمان و خوێندنەوەی ڕاستییەکانی نێو دەقیی زمانە جیاوازەکاندا، بە بەزەیی پێداهاتنەوە(ترحُّم)، تکا کردن و چوارچێوە دانان و بڤەکاری و دابەشاندن، مافی زمان دابین نابێت و هیچ دەورێکیش نابینێت، پێچەوانە وەک خۆی ئەویتر خوێندنەوە، بڕوا بە جیاوازییەکان، سینگ فراوانی و ئاشنایەتی لەو زمانە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی بابەتی و زمانەوانی، تاکەکانی کۆمەڵگەی

فره زمانه، یەکانگیرتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدی هاتنی دیاردەیەکی فرەدەنگە و ئەندامییەتی لە دنیای هەنووکەدا.

٤) لە کۆمەڵگەیەکی چەند زمانەدا(جامعەی زبانی) نیازمان بە دان نان بە مافەکانی زمانە ئەندامەکاندا هەیە و دەبێت بە شێوەی دێمۆکراتیک و هەڵوێستی دادگەرانە و ڕەفتاری مرۆیی، نە تەنیا هەورامی بەڵکوو خزمەت بە هەموو زمانە کوردیەکان بکرێت و لە پرۆسەی خوێندن، نووسین و پێداگەیشتن و گەشە و نەشەکردن بێ بەش نەکرێن، بێ گومان بە دی هاتنی ئەم خواستە ئەنجامێکی سەردەمیانە و ڕەوای دەبێت.

٥) پێشتر بە بەرچاوگرتنی تێز و خوێندنەوەی زمانەوانەکان نووسیومە و ئێستاش دووپاتەی دەکەمەوە کە کەمتر زمانەوانێک ئاماژەی داوە بە دابەش کردنی زمان یان نەشبینراوە زمان ئەرزشی و بەرز و نەوی بکرێت. هێشتاش سنووری سەرڕاسی نێوان دیالێکت و زمان وەک زانست، دیاری نەکراوە و بەڵکوو دایمەن پێداگریی زمانەوان لە سەر وزە و قابیلییەتەکانی زمان بووە. ئێمە هیچ پێوانەیەکمان نیە بۆ سنووربەندیی نێوان زمان و زار، ئەگەریچ هەبن، زۆربەیان غەیر زمانین. دیاری کردنی ئەمە زارە و ئەوە زمانە، زۆرتر هۆکاری سیاسی و فەرهەنگییە تا فاکتۆری زمان. زمان خۆ دیاردەیەکی مادی نیە کە بتوانی گەزی بکەین و بڵێین تا ئێرەی زارە و لەمەو لاش زمانە. هیچ زمانەوانێک تا ئێستا ئەم کارەی نەکردووە... (حەسەن پوور، ئەمیر، نویسا، ش ۳، پاییزوو ۱۳۸۳: ۳۷). زمانی (ئیسکیموو)، (هاتن تات)،

(هۆپی سوورپێست)، (زاپارۆ) و (شوارا)کان و... ئەگەرچی تەنیا خاوەنی سیستەمی عاداتی گوتارین، بێ ئەوەی پێوەندییەک نێوان پێکهاتەی زمان و شارستانییەت و یان(نەتەوەیی)دا هەبێت، وەک زمانی ئینگلیزی و فەرانسەوی کە زمانی دوو وڵاتی پێشکەوتووی جیهانن، بەرانبەرن و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە. » (رابرت. ا. هال، ۱۳۷۳: ۲٦٥).

٦) من پێموایە زمان دوو قۆناغ دەگرێتە خۆی: قۆناغی زانستی-تەوسیفیی واقێعەکان یان هەمان قۆناغی ناسین و ناساندن و کەڵک وەرگرتن لە فەکتە زمانییەکانە. دەبێت ئەم قۆناغە بە «قۆناغێکی جیاوازتەوەری» و بە زاتێکی زاوزێکەر(گشتاری) بزانین، بێ ئەوەی سەر و گوێی داپاچین و هەناسەچنی بکەین دەبێت هەوڵ بدەین وەک خۆی، بیخوێنینەوە. پێچەوانەی ئەم ڕووکردە لە گەڵ فەلسەفەی سەردەمیی زمان یەک ناگرێتەوە. قۆناغی دووەم لە گڕکان و فڕکانی پڕۆسەی سیاسی و پڕۆسەی بە «ستانداردکردن»ی زماندا، دێتە نێو کایەوە و وێنا پەیدا دەکات. پێش بەدی هاتنی زمانێکی یەکگرتوو لە وڵاتێکدا هەموو شێوە زمانەکان بایەخی زمانیان بۆ پێوانە دەکرێت و لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە یەکسانن. ئەم دیاردە لە وڵاتانی ئورووپایی پێش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بینراوە. (رابرت. ا. هال، ۱۳۷۳: ۱٥٦). لەم پڕۆسەدایە کە پێوەندیی نێوان زمان و سیاست و هەوڵ بۆ بەدی هێنانی زمانی پێوەر دەست پێدەکات. نیشانەکان وا دێنە گۆ ئێمە هێشتاکوو لە قۆناغی یەکەمداین و هەڵسووکەوت

دەکەین بۆ ناسینی ڕاستییەکانی نێو زمانەکان. ئەوەی کە شیاوی ئاماژەیە و بە ئەزموون سەلمێنراوە، هەردەم زمان کەوتە نێو چەشکەی سیاسەتەوە، شەمزاندنیی سیمای ڕاستەکی و قۆستنەوەی بەرژەوەندیی چێژی دەسەڵات، دەبێتە یەکەم ئامانج. کە واتە هەمیشە ڕۆڵی زمان لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە وەک ئامڕازێک بۆ بەهرەمەندیی لە چێژی دەسەڵات بەکار براوە و دەبرێت. بۆیە زمانەوانیی سەردەم پێیانوایە پێوەندیی زمان و سیاسەت لە لایەن سیاسیکارانەوە تەنیا پێوەندیی بە زەین خەڵەتێنی پۆپۆلیستیانەوە هەیە؛ ئەویش وەک ئامڕاز و بۆ مەبەستی تایبەت. سیاسیکاران لە پەنای زمانزانی و زمانەوانیدا، زۆر جار خۆیان حەشار دەدەن و بە فێڵی جۆرارجۆری سێناعەت تەوەری و ڕیتۆریک هەوڵ دەدەن ئەم چەمکە بکەنە گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو. وەک واقێع ئەمە یەکێک لە پێوەندییەکانی زمان و سیاسەتە و من نکوولی لە باقی دیاردە پێوەندییەکانی زمان و سیاسەتیش ناکەم بەڵام پێویستە کە ڕاستییە پڕ بایەخەکانی زمان لەم کەین و بەینەدا پێوار و بە پەراوێز نەخرێن و وەک خۆیان بخوێنرێنەوە.

٧) وەک دەزانین ڕێزمان و ڕێنوویس بڕبڕەپشتی زمانن و دوو مێکانیزمن بۆ شیکاریی زانستیی زمان، تەوسیف و سامان دانی یاسای فێرکاری. هەر زمانێکیش بۆ خۆی خاوەنی پۆلێک قاعێدە و ڕێسایە کە بێ گومان لە گەڵ ئەویتر جیاوازە، جیاوازییەکان بڕیکیان سەرانتۆیی و ڕووکارین و نزیکایەتییان تێدایە و خاڵە دابڕاوەکان

ئەوەندە قووڵ و توێدار نین کە سەربەخۆیی زمانی بنەخشێنن بەڵام لە برێکیشدا جیاوازییەکان قووڵ و ژێرخانین و جگەم مومارەسەی فێرکاری و فێربوون(آموزشی، حصولی) بە ئاسانی لێک حاڵی بوون و نزیک بوونەوە سەرناگرێت و ئەمەش دەبێتە مێکانیزمێک بۆ جیاوازیی زمانەکان و چەمکی زمان بوون. جیاوازییەکان نێوان دوو زمان زۆربەی لە پێکهاتە و ناوەڕۆکدا، پتر ئەم بوارانە دەگرێتەوە: ئاواناسی/phonotic ، واج ناسی/phonology ، ڕێزمان/grammer،(تصریف و نحو)، ماناناسی/symantics، کارکردەکانیتری زمان و... مادام نیشانە زمانییەکان و دەلاتەکانیان یەک نەگرنەوە؛ دەیسەلمێنێت کە ئەم دوو زمانە جیاواز و سەربەخۆن. وەک ئاماژەمان پێدا لە دنیادا نموونەی زۆرمان هەیە کە بە زمانی جیاوازەوە خاوەنی یەک نەتەوە و یەک نیشتمانن و پێچەوانەوە. بێ گومان جگەم لەم چوار ڕەهەندە، جیاوازیتریش لە حەیس و بەیسیترەوە لە نێو زمانەکاندا هەیە.

٨) " هەورامی" لە ڕەوتی هەبوونی خۆیدا لە جوغرافاییەکی بەریندا بە چواردە سەدە تێکستی حەماسی و غێناییەوە لە دوو قۆناغی مێژوویی/diachronique ، بە ناو (گۆران) و هاو کاتی و سەردەمی/Synchronique، و مۆدێرندا تێپەڕیوە و جگە لە ڕابردووی پڕ هەیمەنە، لەم چەند دەهەی دواییەدا سەدان وتار و کتێبی زانستی و مێتۆدیک لە بوارە جۆراو جۆرەکانی: ئەدەب، شێعر، ڕەخنە، ئەندێشە، هونەر و هزری ڕووناکبیری نووسراوە و وەک هەر

زمانێکیتر هەمیشە خاوەن سامانی زمان بووە و هەرکام لە مۆرک و نیشانە تایبەتییەکان لە هەست و نەستی زمانەکە و تێکستەکانیدا بینراون و قەوارەیەکی سەردەمیانەیان ڕەخساندووە. کە واتە دەتوانین بڵێین وەک زمانێکی کامڵ و تەواو لە دەلالەت بەخشینی پرۆسەکەدا نەوەستاوە و لە گەڵ ئەوەشدا بە پێی سیرەتی زمان بوون، وێرای پاراستنی جیاوازیی بنەمایی؛ پێدان و گرتنی(داد و ستد)ی لە جوغرافیایەکی بەربڵاودا هەبووە و هاوبەشی و هاوماڵیشی نواندووە. بۆیە بە مافی خۆی دەزانێت بە شێوەیەکی دێمۆکراتیک و ئازاد لە نێو کۆمەڵگەی خۆیدا، مۆرکی تایبەتی(مختصات)ی بپارێزرێت و پێکهاتەکەی و ڕەگەزە تاپۆ کراوەکانی و تەنانەت سووچە پێوارەکانی بە خوێندنەوە، پێداچوونەوە، فێرکاری و مومارەسەی نووسین، کەشف بکرێن و بە مێتێدۆلۆژی تایبەتیی خۆی ڕێزمان و ڕێنووسی بۆ دابنرێت. بەڵام جگە لە جیاکاریی تەرزی گەردانەی کردارەکان، باری سینتاکسی مۆرفێمەکان، جیاوازییەکی تەوەری کە هەموان دانی پێدا دەنێن ڕەگەزی نێر و مێ تەوەرییە(جنس، genus) . دەکرێت جیاوازیی ڕەگەزیی وەک خاڵێکی ژێرخانی و بنەمایی لە بەرچاو بگیرێت. ئەم یاسا ڕێزمانییە کاریگەریی داناوە بە سەر یاسای ڕێزمان، ڕێنووس و واتاناسیی ئەم زمانەدا و جۆرێک دەنگ تەوەریی نامۆی خێزاندووە کە لەم کێشە بەرانبەرەدا سنوورێکی بەرینە بۆ باقی شێوەکان بە تایبەت کوردیی سۆرانی. لەم زمانەدا: ناو، جێناو، ئاوەڵناو، هەرمان/کردار و شناسەی کردار و... هەڵگری نموودی

ڕەگەزیی نێر و مێن و لە سەر سیستێمی دەنگ تەوەری، ڕەگەزە وشەکان دیاری دەکرێن و هەنێک باسی جیاوازتری بنەمایی دەگرێتە خۆی.

٩) وەک نموونە کاتێک ڕستە بەرکاری(مفعول)ی هەبێت، ڕەگەزی نێر و مێ و تاک و کۆ و شناسەی هەرمان لە گەڵ نەهاد(بکەر) و خودی کردار یەک دەگرنەوە(مطابقت):

بۆ نێر: ئێمە کەڵەشێرێما وارڎ (ئێمە کەڵەشێرێکمان خوارد)

بۆ مێ: ئێمە کەرگێما وارڎە (ئێمە مریشکێکمان خوارد)

بۆ تاک: تۆ قەڵەمێت ئەسا (تۆ قەڵەمێکت کڕی/ سەند)

بۆ کۆ: تۆ قەڵەمێت ئەسێ (تۆ قەڵەمەکانت کڕی/ سەند)

کەڵەشێر/ نێر/ وارڎ/ خوارد

کەرگە/ مێ/ وارڎە / خوارد

قەڵەمێ/ تاک/ ئەسا/ کڕی

قەڵەمێ /کۆ/ ئەسێ/ کڕی

لەم ڕاستادا کارکردیی دەنگتەوەریی ئەم زمانە زەقتر و بەرفراونترە.

نموونەیتر: دەنگ ئاماژەیەک(دال) و چەندین واتائاماژە(مدلول) بۆ ڕەگەزێکی زمانی لە حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی سەرفیی و ئێشتێقاقی وشەکەدا. کناچێ و دەلالەتی فرانەی بزوێنی(ێ) بە خوێندنەوە و فێرکانس و تەکییەی(accent) تایبەتەوە وەک پڕۆسەیەکی دەنگ تەوەرانە دەکرێت هەرکام نیشانەی تایبەی خۆی هەبێت و هێشتا ئەم کارە بۆ ڕێنووسی ئەم زمانە نەکراوە.

- (کناچێ ئاما/ کچێک هات)...
- (کناچێ ئامێ/ کچەکان هاتن)...
- (کناچێ دا بۆ/ کچەکە دا بێ)...
- (سارا کناچێ کەریمینە/ سارا کچی کەریمە)...
- (سارا کناچێ عالەنە/ سارا کچێکی جوانە)...
- (کناچێ مەکەرە سۆچی! / کچەکە مەکە دەسووتیت!)...
- (داخم پەی ئا کناچێ! / داخەکەم بۆ ئەو کچە)
و...

بابەتی (د) و (ڎ)، بابەتێکی دەنگ ناسانەی یاسامەندترە کە مۆرکی تایبەی خۆی هەیە و لە شێوەکانیتردا نەبینراوە. ئەم مادە زمانییە(ڎ) بە دوو دیمەنی جیاوازەوە نێو زمانی هەورامیدا خۆی نواندووە:

ئەلف) واجگونە(Allomorph): یەکەیەکی زمانییە و بێ گۆڕینی مانا، چەشنی دەنگەکەی دەگۆڕدرێت. ئەم دەنگە هیچ وەخت لە سەرەتای وشە و تاک وشەدا نەهاتووە و شوێنی نێو و یا کۆتایی وشەدایە:

گەڎێ(گەدە، معدە)، دیڎار(دیدار)، سەڎ : عدد ١٠٠ ، سەد: صد، باڎیە( بادیە، جۆرێک زەرف و صحرا) ، نەڎا(نداد) ، واڎە(وعدە)، - سۆڎا(سودا) : بیماری پوستی، ئێڎ - ئاڎ - بڎیە و...

ب) جۆت کەمینە: جفت کمینە(minimal pair)، دوو تاک وشە(مۆرفێم) کە تەنیا لە یەک واجدا جیاوازییان هەیە:

- دێدێ(واڵێ گەورێ، خۆیشکە گەورە)، دێدّێ(بابەژەنی، باوەژن)، - سەردّای(سەرما، اسم، سەردّا هۆرش کەرد) ، سەردایش کەرد(کارواژە، سەردانی کرد، ملاقات کرد). تایبەتمەندی ئەم جۆرە وشانە ئەوەیە کە جێناس پێک دەهێنن.

...

باسی (ن)ی ئاسایی و (نْ)ێک کە لێک دانی (ن/گ) و تا ڕادەیەک مەخرەجی تایبەتی هەیە و هەنێک ئاخێوەری هەورامان لە وشەکاندا (نگ)، بە (نْ) گۆ دەکەن. پاڵنگان(غُنَّە یا منگی) تا ڕادەیەک دەنگ دەگۆڕڕێت و دەبێتە: پاڵنْان، قنگە(قننە). یان لە (ن/د)، دەنگی (نْ) درووست دەبێت وەک: قەنْ(قند). کەنْ (کەند)، مەنْ (مەند)، پەنْ (پەند)، ئەنْنام(ئەندام)، پێوەنْ (پێوەند)، پێوەنْنی(پێوەندی) و...

بەراوردکاریی ئەم نموونەگەلە لە گەڵ باقی شێوەکانیتری زمانی کوردیدا دەهێڵمەوە بۆ ئەو توێژەرانە کە ئەیانەوێت باسی جیاوازییەکانی نێوان دەقیی زمان دەکەن. (١٤٠٠/٤/٢٠)

## سەرچاوەکان:

رابرت، ا. هال (١٣٧٣). زبان و زبان شناسی. تهران: امیر کبیر
حەسەن پوور، ئەمیر (١٣٨٣). مجلەی نویسا، ش ٣
باقری، مهری (١٣٧٩). مقدمات زبان شناسی. تهران: انتشارات دانشگاه پیام نور
هاشمی، دیاکۆ. (١٤٠٠). پەیجی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک
پی ا. چیلتون، سیاست و زبان، وەرگێڕان موحەمەد هادی